# به هەوڵ و هیممەتی خۆشەویستانی، سەختیی باری دارایی (دەزگای بەدرخان) سارد ناکاتەوە

بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٨)، چوار شەممە، ئەیلوولی ٢٠١٠/٩/٢٢ زایینی - بەرانبەر بە رەزبەری ٢٧١٠ی کوردی - ساڵی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە"٢٠٠٠/١٠/٢٢"زۆرترین بەرهەمی بە کەمترین خەرجی پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردەواری و خوێندەوارانی کردووە.
ئەم قەیرانە داراییەی کە بەم دواییە زۆربەی دەزگاو رێکخراوو سەنتەرە ناحکومییەکانی گرتۆتەوە، یەخەی دەزگای بەدرخانیشی گرت، تاکو ئێستا بۆ"٧"مانگ دەچێ مینحەمان وەرنەگرتووە. بەڵام هەرگیز ئەمە ناتوانێت چۆک بە کارمەندان و نووسەران و خۆشەویستان و هەوادارانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بدات، چونکە ئەو دەزگایە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە بیری لە قازانج نەکردۆتەوە، بەڵکو هەمیشە ئامادە بووە بە زگی برسی و بێ بەرانبەر خزمەتی خۆی پێشکەش بکات، تاکوئێستاش چالاکییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دەزگاکەمان بۆ خزمەتکردنی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردی سەنگی مەحەکە، بۆیە خوێنەران و دڵسۆزانی دەزگای بەدرخان ئاگادار دەکەینەوە، کە ئەگەر لەسەر کیسەو گیرفانی خۆشمان بێ، ئێمە هەرگیز لە خزمەتکردنی کلتووری کوردی سارد نابینەوە.

## خولی هاوینە و قوتابییە رۆژنامەنووسەکان لە دەزگای بەدرخان


ل ٢

## لە بەرلین تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە حەماسەتیان خولقاند


ل ١١



## شیلان یاسین

لە دانیمارک
سەرنووسەری هەواڵ
لە تەلەفزیۆنەکان،
ئاگاداری هەموو
هەواڵێکی جیهانین بە
پێچەوانەی لای خۆمان
ل ١٤

## جانۆ رۆژبەیانی: وەزیری رۆشنبیری و لاوان سەیری فیلمی سینەمایی ناکات



ل ٣



## دلزار حەسەن

رۆژووی
نووسین بۆ
بەدرخان
دەشکێنێت
ل ١٦



## فەرید ئەسەسەرد

لە کارێکی
ناوازەیدا لەنێوان
جوگرافیا
و مێژوو و
نەخشەدا
ل ٨



## حوسێن رەسول

باس لە بزاڤی
رۆژنامەنووسی
کوردی لە
ئەڵمانیا دەکات
ل ٩

* هەیاسە لە بەدرخان چ باسە؟ ل٢
* ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە . ل٤
* کاکە رەش هەرزانی و مەنجەڵە گەورەکەی هەمەدان . ل٥
* سەرتیپ جەوهەر لە گۆشەی ئەمجارەیدا، کاکم گۆتی باس لە ساحێب ماڵ و دز دەکات . ل٦
* خالید ئاگەیی پێشمەرگەیەکی چاونەترسی رۆژانی خەبات . ل٦
* گۆرانییەکی نوێی حەسەن زیرەک بە ڤیدیۆ دەدۆزرێتەوە ل١١
* عومەر ئەمین کەسایەتیی پەروەردەیی شاری هەولێر ل١٨

## ژنانی هەولێر، ژنانی رۆژانی سەخت و بەرگری






ل ١٧

www.arsivakurd.org

## ئاراستەی سێیەم

سمکۆ عەبدولکەریم

### حوکمەت و حیکمەت

زۆر زەرووریـیـە هـەر پیاوێک بـۆ هــەر کـارێـک کـە دەیـکـات کارەکەی حیکمەتێکی تێدا بێت، هەرچەندە هەندێ جار لە خودی حیکەمەتەکەشدا حیکمەتی دیکە هەیە کە هەموو کەس هەستی پێ ناکات، وەک ئـەوەی زۆر کەس نەیزانی حیکمەت لە وروژاندنی هانادرەکردنی نەوت بە شێوەی قاچاغ چی بو.

ڕەنگە تا ئێستاش زۆر کەس هـەبێت بـەوەیـان نـەزانیبێت حیکمەت لـە شـەڕی نـاوخـۆدا چـی بـوو، حیکمەت لـەوە چی بوو لەو هەموو داهاتە زۆرەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل کە تاکە سەرچاوەی داهاتی حوکمەتەکەی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بـوو لەسەردەمی خۆیدا، ئەو هەموو فـەردە تاک دیناربیە تەسلیم بە حکومەتە ساواکەی ئەوێ ڕۆژێ کرا، ئەوە زانیمان حیکمەتی ئەو تاک دیناریانە هەر بۆ ئەوە بوو کۆتایی بە ئەزموونی حکومەتە ففتی بە ففتییەکەی ئەو سەردەمی بێنن، ئەوەشمان زانی کە خانەی حیکمەتیش هەر بۆ ئەوە دامەزرا تاکو کەس بێ بەش نەبێت لەو هـەمـوو حیکمەتە زۆرەی کە هەیە، چونکە لـەو سـەردەمـەدا کە سەردەمی شەفافیەتە دەبێت هەموو تاکێکی ئەو کۆمەلگەیە لە هەر حیکمەتی هەر هەنگاو و بڕیارێکی ئەو حوکمەتەی خۆمان تێ بگات، دەبێت لەوە تێبگات کە حیکمەت چییە لـەوەی لە سەدا نەوت و نۆی گوندو شارۆچکەکانی ناوچەیەکی بـەرفـراوانـی وەک باڵەکایەتی کە بە لانکەی شۆڕش دەژمـێـردرێـت و لە سـەردمێکی زۆر زوودا بە قازمەو بێڵ ئەو جـادەیـیـەیـان دروسـتـکـردبـێـت کە پێی دەڵێن هاملتۆن، کەچی تـا ئێستا نـەتـوانـراوە کارەبای نیشتمانی بگەێنرێتی، ئاخر ئەو خەڵکە ناحەقی نییە لە حیکمەتی ئەوە تێنەگات کە شارۆچکەیەکی وەک گـەڵاڵـە کـە ڕۆژێ ڕۆژان پایتەختی شۆڕشی ئەیلول بووە و چڵ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ میری کارەبای نیشتمانی گەیاندێ، کە چی ئێستا لە سایەی کارەبای مولیدەدا ڕۆژ دەکاتەوە.

هـەر ئـەو شــەوەی لـە گـەڵاڵـە لـەگـەڵ هـەنـدێ هـاوڕێـدا ئـەو دەمەتەقییەمان دەکرد، برادەرێک لە بڵێی بارزان تەلەفۆنی بۆ کردم و کـەوتـە ستایشی حکومەتی هەرێم و یەکسەر وتی: لە سایەی کابینەکەی دکتۆر بـەرهـەمـدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی بڵێ کـارەبـای نیشتمانی گـەێنرایە بڵێ، هـەر ئـەو بــرادەرە وتـی: هەمووومان لە حیکمەتی هەنگاو و بـڕیـارەکـانـی دکـتـۆر بـەرهـەم تێدەگەین، لەوە تێدەگەین ئەگەر بڕیاری پێدانی سولفەی عەقار بە گوندنشینەکان نەبوایە ئەوە بـۆ چـەنـد سـاڵـی دیـکـەش ئەو خانوەم پێ تـەواو نـەدەکرا کە سێ ساڵە پێم تـەواو نەکراوە، بـەڵام نـازانـیـن حیکمەت لـەوە چییە هێشتا حکومەتەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵێکی تەواو نەکردوە، مـەسـەلـەی ڕادەسـتـکـردنـەوەی سـەرۆکـی حکومەت بـە پـارتـی بۆتە سەردێری ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە ئەگەر ئــەوەش ڕاســت بـێـت دکـتـۆر بـەرهـەم بـۆ مـاوەی دووسـاڵ سەرۆکی حکومەت بێت، هێشتا ساڵێک و قسوری مـاوە، بۆیە هیواداریـن حیکمەت لەوە هەمان حیکمەتەکەی سەرەوە نەبێت.

smkobsat@yahoo.com

# خولی هاوینە و قوتابییە ڕۆژنامەنووسەکان لە دەزگای بەدرخان

ئا: ڕێزان سادق عومەر

**ئاشکرایە کە پەیمانگای تەکنیکی هـەولـێـر خـولـێـکـی هـاویـنـەی( ٢)مانگی، بۆ دەرچووانی هەربەشێک لەبەشەکانی پەیمانگای وەک مەرج داناوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کرداری شارەزای ئەو پیشەیە بن کە ماوەی(٢ ) ساڵ بەشێوەیەکی تیۆری لـەبـارەیـەوە خوێندوویانە، بەمەش هەریەک لە بەشەکانی پەیمانگا ساڵانە دەرچـوانـیـان ڕەوانــەی ئـەو خولە هاوینییە دەکەن، ئێمەش وەک بەشێک لە دەرچـووانـی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، دوای ئـەوەی گروپێکی (٧) کەسیمان پێکهێنا و (دەزگـای بەدرخان)مان هـەڵـبـژارد بۆ ئـەوەی ئـەم خولە هاوینییە لەو شوێنە تەواو بکەین، بەتێپەڕبوونی(٢ )مانگ توانیمان خولەکە بەکۆتابهێنین، سەبارەت بەتەواوبوون و بەکۆتاهاتنی خولەکە بۆچوونی هەریەک لە بەشداربووانی ئەو خولە دەخەینە ڕوو.**



وەستاوەکان لە راستەوە (حەمید بەدرخان، دەریا عومەر، د.مەولود ئیبراهیم حەسەن)
دانیشتووەکان لە راستەوە (بەناز عەبدولقادر، ئاڵان ئازاد، سەمیرە زەکەریا)

(**ئــاڵان ئــــازاد**) وەک بەشداربوویەک بەم جۆرە باس لەسوودمەندبوونی دەکات و دەڵێت:"لـەو خولە هاوینیەی کە بۆ مـاوەی (٢) مانگ لە دەزگای بەدرخان بەڕێوەچوو سوودێکی زۆر و زانیارییەکی چاکم وەرگـرت دەربـارەی کاری ڕۆژنامەوانی،بە جۆرێک کەتوانیم لەو (٢) مانگەدا چەند کارێک ئەنجام بـدەم، یەک لـەو کـارانـەش ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێک بـوو سـەبـارەت بـە (کێشـەی نیشتەجێبوون لەکۆمەڵگا تازەکان) بەهاوکاری (دەریا عومەر)، مەبەستمان لەو ڕیپۆرتاژە خستنەڕووی بـەشـێـک لــە کـێـشـەکـانـی کـۆمـەڵـگـای نیشتـەجێبوون بوو،بەم ڕیـپـۆرتـاژەوە زۆر ماندووبووم بەشێوەیەک کە تا کاری ڕۆژنامەوانیم نەکردبوو نەمدەزانی چۆنە، ئەم بابەتەش لە ژمارە (١٤٦)ی هەفتەنامەی بـەدرخـان لـە ڕێـکـەوتـی ٨/٨/ ٢٠١٠ بڵاوکرایەوە.

ئالان لە قسەکانی بـەردەوام دەبـێـت و دەڵـێـت:(کـاری دووەمـیـشـم بریتی بـوو لە ڕیپۆرتاژێک دەربارەی زۆری دراما و فیلمە دۆبلاژکراوەکان لە کەناڵە ناوخۆییەکان) کە لە ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژەدا سوودێکی زۆرم بینی، یەک لـەوانـە ئاشنابوونم بـوو بە بـەڕێـوەبـەرانـی هـەریـەک لە تەلەفزیۆنی (نیگا و نیولاین)، ئـەو ڕیـپـۆرتـاژەش لـە ژمـارە ١٤٧ی هەفتەنامەی بـەدرخـان لـە ڕێـکـەوتـی ٢٠١٠/٨/٢٢ بـڵاوکـرایـەوە، ئـەوەش لەیاد نەکەین هەرکاتێک بابەتێکمان ئـامـادە دەکـرد بـەئـارەزووی خۆمان نەبوو، بەڵکو فشارێکی زۆرمـــان لـێـدەکـرا لـەلایـەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بـەدرخـان بەتایبەتی لەلایەن (حـەمـیـد بــەدرخـــان)ەوە، لـەڕاسـتـیـدا سـەرەتـا هیچ ئـارەزوویـەکـم لـەکـاری ڕۆژنـامـەوانـی نـەبـوو،بەڵام کاتێک بەرهەمەکانی خۆم بینی بەڕاستی ئەو کارەم زۆر لەلا خۆش بوو و خۆشحاڵ بووم".

(**پـــەروەر کـــەریـم**)یـش وەک بەشداربوویەک بەنیگەرانییەوە باسی سـەرەتـای وەرگیرانی لـەبـەشـی ڕاگـەیـانـدن و نەهاتنەدی خەونەکانی دەکات و دەڵێت:"زۆر مرۆڤ هەن کە خەونەکانیان پێچەوانە دەبنەوە، یەکێک لـەو مرۆڤانەش منم، ئەوەی لەخەیاڵی من گوزەری نەکردبێ و بیرم بۆی نەچووبێ بەشی ڕاگەیاندن بـووە، ڕقم لەکارەکەم نییە، بەڵام خۆشیشم ناوێت، بەفشاری (کاک حەمید بەدرخان) سـوودم لەمەشقی هـاویـنـە وەرگــــرت و ئـەو (٢) مانگەی لێکردم بە (٤) ساڵ، بـەردەوام هانی دەدام تا بـەردەوام بم و کارەکـەم خۆشبـوویـت، بـەڵام مەحاڵە مرۆڤ ئارەزووی لەپیشەیەک نەبێت، بتوانێت خۆشیبووێت و کاری تێدابکات".

یەکێکی دیکە لەبەشداربووان (**دەریا عومەرە**)، کە ئەویش بەم جـۆرە بـاس لـەمـانـدووبـوون و سوودوەرگرتنی دەکـات و دەڵێت:"کە لەگەڵ هاوڕێکانم بـۆ مـــاوەی (٢) مـانـگ لە دەزگـای بەدرخان بووین بۆ مـەشـقـی هـاویـنـە، بـەڕاستی ناخۆشی زۆرمان بینی، چونکە شوێنەکەیان زۆر بچووک بوو، بە جۆرێک کە هەندێ ڕۆژ جێگای دانیشتنمان نـەبـوو، ئەمەش سـەرەڕای گـەرمی شوێنەکە، بـەڵام هیچ لەمانە کاریگەری نـەکـردە سـەر ئیشـەکـەمـان، لـەڕاسـتـیـدا زۆر مـانـدوویـان کردین، بەڵام زۆر سوپاسیان دەکـەم، چونکە ئەگەر ئـەوان نەبوونایە هەرگیز نەمدەتوانی بابەتێک ئامادەبکەم، بەتایبەتی سوپاسی (د.مەولود ئیبراهیم حەسەن) و (حەمید بەدرخان) دەکەم، چونکە زۆر سوودم لە وتەکانیان وەرگـرت، لەلایەن خۆمەوە دەتوانم بڵێم ئەو(٢ ) مانگە زۆر بەسوودتربوو لەو ( ٢) ساڵەی خوێندن، چونکە لەو ماوەیەدا توانیم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو کارەکە بم، ئێستاش دەتوانم بەخۆم بڵێم ڕۆژنامەنووس، بۆیە دەڵێم هیچ شتێک گران نییە ئەگەر هەوڵی بۆ بدەی".

(**ساکار کەمال**) کەیەکێکی دیکە بوو لەبەشداربووانی خولەکە باس لەکەمی سوودمەندبوونی و گرفت و ناخۆشییەکانی ماوەی خول دەکات و دەڵێت:"بەهۆی هــاوڕێــیــەکـمـانــەوە ئـەو دەزگایەمان هەڵبژارد، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد دەزگای چاپ و بـڵاوکـردنـەوەی بـەدرخـان لەشوێنێکی ئـەوەنـدە خـراپ بێت، چونکە نـاوی گـەورەیـەو کاری گەورە دەکەن، لەڕووی بچووکی و گەرمیەوە، کاتێکیش سکاڵای خراپی شوێنەکەمان دەکـرد، مـام حەمید بەدرخان دەیگوت کـاری ڕۆژنـامـەوانـی کوێخایەتی نییە، دوای ئەوەی مام حەمید لەسەفەری واشنتۆن گەڕایەوە ئەرکمان زۆر گران بوو، چونکە فشارێکی زۆری لێدەکردین بۆ ئـامـادەکـردنـی بابەت بە ماوەیەکی کـەم، کە مەبەستی فێربوونی ئێمە بوو، لـەلایـەکـی تـریـشـەوە بـەهـۆی کەمی کامێرا و ڕیکۆردەرەوە کێشەمان بۆ دروست دەبوو، کە نـاچـار دەبـوویـن بچین لەبەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگا وەری بگرین".

(ســاکــار) گـوتـیـشـی:"لـەو مـاوەیـەدا جگـە لـەوەی خـۆم مـاندووبوونێکی زۆرم بینی باوکیشم زیاتر لە خۆم پێمەوە ماندوو بوو، بـەڵام سـەرەڕای ئـەو هـەمـوو مـانـدووبـوونـە ڕێژەیەکی زۆرکـەم فێربووم، هۆکارەکەشی زیاتر خۆم بووم بەهۆی ئارەزوونەبوونم لەکاری ڕۆژنـامـەنـووسـی نـەمویست فـێـری ببـم، ئـەگـەر مرۆڤیش ئارەزووی لەکارێک نەبێت نەک (٢) مانگ بەڵکو ئـەگـەر (٤) ساڵیش لـەبـارەیـەوە بخوێنێ بـاوەڕنـاکـەم کـاری لێبکات، تاوەکو کاربکات، لەکۆتاییشدا زۆر سـوپـاسـی "د.مـەولـود و مامۆستا عەبدولڕەحمان مەعروف" دەکەم کە لەگەڵماندا ماندووبوون".

(**بـەنـاز قـــادر**)یــش وەک بـەشـداربـوویـەکـی خـول ســەبــارەت بـەخـولـەکـە دەڵێت:"یەکەم ڕۆژ کە دەوامم کـرد زۆر بەلامەوە گران بوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتی دەوام و بەهۆی ئەو فشارەی کـە لـە لایـەن مـام (حـەمـید بـەدرخـان)ەوە لێمان دەکـرا، خولەکە بەلامەوە ئاسان بوو و پێمخۆش بوو، ئـەوەی لە ماوەی ئەو (٢)مانگەدا فێری بــووم بـەقـەد ئـەو(٢)سـاڵـە هەبوو کە لە پەیمانگا خوێندم، ڕاستە لەکاتی خوێندن ڕاپۆرتم ئـامـادە دەکـرد، بـەڵام وەکو کارەکانی ئەو خولە نەبوو، چـونـکـە کـارکـردنـی دوای دەرچـــوون بـەرپرسیاریەتی زیـاتـرە و دەبـێ بـە هـەمـوو هێزت هـەوڵبدەی بۆ ئـەوەی بـەبـاشـی کـارەکـەت ئەنجام بدەی، ئەوەی ڕاستی بێت من حەز بەکاری ڕۆژنامەنووسی ناکەم، بـەڵام ئەوە ڕێگر نییە بۆ ئـەوەی کـارەکـەم بەباشی ئەنجام بدەم".

یەکێکی دیکە لەبەشداربووانی خولەکە **سەیران زەکەریا** بوو، کە ئەویش قسەی خۆی هەیە و دەڵـێـت:"زۆر سـوودم لەو مەشقە هاوینییە وەرگـرت، بە جۆرێک کە دەتـوانم بڵێم بەقەد ئەو ٢ ساڵەی خوێندن لەو خولەدا سوودمەندبووم، چونکە جیا لـەو (٢)سـاڵـەی خوێندن بەشێوەیەکی کرداری شارەزای پیشەی ڕۆژنامەوانی بووم، لە کاتێکدا کە لە خوێندن بەشێوەیەکی تیۆری شارەزای پیشەکە بووین، لەگەڵ ئەوەی کە بە هیچ شـێـوەیـەک حەز بەکاری ڕۆژنامەنووسی ناکەم، بـەڵام لـەو مـاوەیـەدا توانیم ٢ بابەت ئامادە بکەم، دوای ئـەوەی لـەلایـەن مـام حەمید بەدرخانەوە فشارێکی زۆرم خـرایـەسـەر بۆ ئامادەکردنی بـابـەت، پێموایە ئـەگـەر ئەو فشارەی مام حەمید نەبووایە ئــەوا هـەرگـیـز نـەمـدەتـوانـی هیچ بابەتێک ئـامـادە بکەم، بۆیە بەپێویستی دەزانـم زۆر سوپاسی بەڕێزیان بکەم".

(**ڕێـــزان ســـادق**)یــش وەک بـەشـداربـوویـەک سـەبـارەت بـەکـۆتـاهـاتـنـی خـولـەکـە دەڵێت:"پێش هاتنم بۆ خولی هـاویـنـە، تـەواوکـردنـی ئەم خولەم زۆر بەلاوە گران بوو، چـونـکـە غـەمـی ئــەوەم بـوو چۆن بتوانم بـەو ماوە کەمە خۆشـەویـستـی بۆ پیشەکەم دروست بکەم و لەهەمان کاتدا کاریشی تێدا بکەم، لە کاتێکدا کە لە ماوەی ٢ ساڵی خوێندندا نەمتوانی هیچ خۆشەویستییەک بۆ پیشەی ڕۆژنامەوانی لەلای خۆم دروست بکەم، بەڵام بە تێپەڕبوونی کـات بـەلامـەوە ئاسایی بـوو، چونکە بەهۆی فشاری مام حەمید بەدرخانەوە ناچـاربـووم بـەبێ ئـارەزووی خـۆم ٢ بـابـەت ئامادەبکەم، لە ڕێگەی ئامادەکردنی ئەو بابەتانەش فێری چەند شتێک بووم لەوانە هەڵبژاردنی بابەتی ڕۆژنـامـەوانـی، دیاریکردنی کەسایەتی بابەتەکە، هەروەها چۆنیەتی داڕشتنی بابەتەکان، دەتوانم بڵێم ئێمە لەو ماوەیەدا ئــەوەنــدەی ڕاســپــاردرایــن بـۆ ئـامـادەکـردنـی بـابـەت، ئـەوەنـدە فـێـری لایـەنـەکـانـی کاری ڕۆژنامەوانی نەکراین، لەکۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەی دەزگـای بـەدرخـان بکـەم کە پێمانەوە ماندووبوون".

## هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە ؟!

**هەیاسە دەزانی لە قوتابخانەی (شاهەنگ) ی بنەڕەتی چ باسە !!**

**کازم عومەر دەباغ**

ئاشـکـرایـە پـرۆسـەی نـوێ ی خوێندن بە هـەوڵ و هیمەتی مامۆستایانی شـارەزا کەوتە بــواری جێ بـە جێ کـردن دوای کۆنفراسی پەروەردەیی کە لەمانگی ئایاری (٢٠٠٧) بەسترا.

هـەمـوو پـرۆسـەیـەکـی نوێ پێویستی بە ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە بۆ ئـەوەی بکەوێتە بـواری جێ بە جێ کردن لەم مـاوەیـەشـدا کـەسـانێک هـەن بـەربـەسـت لـەبـەردەم بـەرەو پێشچوونی نوێبوونەوە دادەنێن و لەسەنگەری دژایەتی کردن خۆیان مەڵاس دەدەن .

پرۆسـەی نوێ ی پـەروەردەو فـێـرکـردن مـامـۆسـتـایـان و شارەزایانی بـواری پـەروەردە خستیانە ئەستۆی خۆیان لەخۆ بـوردوانـە کـاریـان بۆ بـەرەو پـێـشـچـوونـی و جێ بـە جێ کردنی ڕێنمایەکانی کۆنفرانسی کرد . تەنگیان بەبیرو بۆچوونی هەندێک هەڵچنی کە باوەڕیان بە نوێبوونەوە نەبوو بەکارێکی ئەستەمیان دەزانی .

میللەتێک خاوەن مامۆستایانی دڵـسـۆزبـێـت تـەگـەرەیـەک رادەماڵێت و تەنگ بەشەوەزەنگی تاریکی هەڵدەچنێت .

ئەمەی شایانی باسە قوتابخانەی (شاهەنگ) کە لەناو گەرەکێکی هـەژار نشینی شاری هەولێرە قوتابیەکانیان هاوشێوەی زانکۆ هەڵسوکەوت دەکەن بەهیمەتی دڵسۆزی و لە خۆبوردەیی و دەستەی کارگێری بەڕێوەبەری قوتـابـخـانـە بـەڕێـز (مـحـەمـەد حەمەد قادر) زۆر پەروەردەیانە خەمخۆری قوتابیە بێ باوک و دایک و هەژارەکانە، بە دوای دابینکردنی پێداویستی یەکانیان دەگەڕێت کەم و کوڕیەکانیان بۆ دابین دەکـات هـەر لـە جل و بەرگ و پێڵا وو پێداویستی یـەکـانـی دیـکـە . جگـە لە خەرجکردنی خەرجی بۆ دەرمان کڕین لەکاتی نەخۆشبوونیان ئـەم بـەڕێـوەبـەرە بـەڕێـزە بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهات بۆ خۆشکردنی گوزەرانی و بژێوی ژیانی قوتابیە بێ دایک و باوکەکان و کەم دەرامەتەکان سەردانی دەوڵەمەندو سەرمایە دارەکــان دەکــات بـۆ ئـەوەی بـەزەیـان بە قوتابیانی هـەژار بێتەوەو دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن بۆ ئەوەی لەکاروانی خوێندن دوانەکەون .

ئـەم بـڕە پـارانـەش بـە لیژنە لـەبـەر چـاوی مـامـۆسـتـایـان خـەرج دەکات، خۆزگە هەموو بەڕێوەبەرێک هاوشێوەی ئەم بـەڕێـوەبـەرە دڵـسـۆزە لـە خۆ بوردووانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستا بۆ بە ئەنجام گـەیـانـدنـی ئـەم ئـەمـانـەتـە گەورەیەی کە لە ئەستۆی دایە بۆ ئەوەی بەرانبەر مێژووش ویژدانی ئارام بێت .

# جانۆ رۆژبەیانی: هۆلیود هۆڵێکی گەورەی داخراوە، هەموو کەسێک ناتوانێ لێی بچێتە ژوورەوە



گرتەیەک لە فیلمی چاپلنی چیاکان

**جانۆ رۆژبەیانی وەک هونەرمەندێکی کوردی جیاواز لە هونەرمەندانی دیکە، ساڵانێکی زۆرە نیشتەجێی ئەمریکایەو لەوماوەیەشدا چەند کارێکی کوردی- ئەمریکی کردووە، لە ئێستادا جانۆ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی هونەری خۆی و نمایشکردنی فیلمی چاپلنی چیاکان گەڕاوەتەوە کوردستان و خەریکە کار لەو پرۆژەیە دەکا، لە دیدارێکی بەدرخان جانۆمان دواند...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** تۆ لە ئەمریکا دەژی و بەردەوامیشی لەکارکردنی هونەری، چۆن بوو دوورکەوتنەوە لە کوردستان داینەبڕاندی لە کاری هونەری؟**

- من بە بەردەوامی کاری هونەریم کردووە، لەوکاتەی چوومە ئەمریکاش ٨ ساڵی یەکەم کاری هونەریم نەکرد، چونکە لە ساڵی ١٩٧٦ چوومە ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٨٤ کە لە کۆلیژ بووم و دواتر چوومە زانکۆ لەوێ دەستم بەکاری هونەری کرد لە تەلەفزیۆن، لە هەمانکاتیش ئەدەبیاتی ئینگلیزیم دەخوێند و ئیشی شانۆییشم کردووە، دوای ئەوە کە بە بەردەوامی دەمخوێند و لە هەمان کات ئیشمکرد وەکو بەڕێوەبردنی سینەماکان لە واشنتن، ئەوە قوتابخانەیەک بوو بۆ من، چونکە هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەیزانم لەوێ فێربوومە، کە نمایشی هەمان فیلم دەیانجار و سەدانجار دووبارە دەکەیەوە دیراسەی هەموو زاویەو هەموو شتەکانی فیلمەکە دەکەی، بە تایبەتی بۆ ماوەیەکی زۆر هەندێ هۆڵی سینەماییم بەدەستەوە بوو تەنها فیلمی هونەریمان نمایش دەکرد، نەک بازرگانی، لەوانە زیاتر فێربووم، دوای ئەوە کە چوومە لۆس ئەنجلۆس، بەر لەوەی بچمە لۆس ئەنجلۆس زۆربەی ئیشەکانم بۆ ئەوە بوو پێی بژیم، بە تایبەتی لە کۆتایی هەشتاکان زۆر کلیپم بۆ گروپەکانی راپ و رۆک و میوزیکیم دەرهێناو پێی دەژیام، ئیتر هەر ئەو ئیشەم دەکرد بۆ ژیان، کە چوومە لۆس ئەنجلۆس لەوێ ستۆدیەیەکم کردەوە تازە مۆنتاجی کۆمپیوتەر هاتبوو، ئیتر وەکو شتێکی گەورە وابوو و زۆر زۆریش گران بوو، دانەیەکم کڕی و لە هۆلیود ستۆدیۆیەکم کردەوە لە ١٩٨٩ تا ٢٠٠٠ ئەوە سەرچاوەی ژیانم بوو، مۆنتاجم بۆ خەڵکی دیکە دەکرد.

*** ئەو فیلمە بەناوبانگانە چی بوون تۆ مۆنتاژت بۆیان کردووە؟**

- هیچ یەک لەو فیلمانە بەناوبانگ نەبوون، فیلمە بەناوبانگەکان نەدەهاتنە ستۆدیۆیەکی وا بچووک، ستۆدیۆ گەورەکان خۆیان هەموو شتێکی خۆیان هەبوو، زۆر فیلمی بچووک و دیکۆمێنتی بوون، زۆر فیلمی درامی و ئەکشن و ترسناک بوو، هەندێ لەو فیلمانە ئەو جۆرە نەبوون ناوی خۆشم لەسەری دابنێم، ئیتر ئەو ئیشانەم دەکرد و دوای ئەوە کە لە ساڵی "٢٠٠٠" هاتمە کوردستان و تا ٢٠٠٨ لێرەبووم و ئێستاش کە گەڕاومەتەوە خەریکی سیناریۆ نووسینم، ئێستا ١٥ سیناریۆم هەیەو بەردەوام سیناریۆ دەنووسم، بەڵام کە لە ٢٠٠٨ چوومەوە و ئێستا "٢٠١٠"یە، پارساڵ گەڕامەوە فیلمی چاپلنم دەرهێنا، لەوکاتەوە بە تەواوکردنی فیلمەکەوە سەرقاڵ بوومە، ئێستاش ئەوە فیلمی دووەمم دەردەهێنم، گرنگ ئەوەیە لە ساڵی "١٩٨٤"ەوە هەرگیز لە کاری هونەری دانەبڕاوم.

*** وەکو کوردێک کارکردن لە ئەمریکا بۆ تۆ ئەستەم نەبووە؟ یاخود کابرایەکی ئەمریکی چۆن هاتۆتە لات و کاری پێکردووی؟**

- بڕواناکەم وەکو کوردێک هاتبێتەلام، زۆربەی خەڵکیش نەیاندەزانی کوردیشم، منیش لەوێ وەکو ئەمریکییەک کارم کردووە، چونکە لە "١٦" ساڵیەوە لەوێمەو هەستان و دانیشتن و بیروبۆچوون و شێوازی قسەکردن و هەموو شتێکم زۆرتر ئەمریکیە لەوەی کوردە، من شانازیم بە کوردایەتی خۆم کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە کوردایەتی خۆشمم لەبیر نەکرد، لەوێ ئەو شتانە نییە، بەڵام لە هۆلیود شتێک هەیە زۆر زۆر تایبەتمەندە بە هۆلیود ئەویش هۆلیود وەکو یانەیەکی گەورەیە، بەڵام داخراوە، دەرگا بۆ هەموو کەسێک نابێتەوە، بە هەزاران فیلمسازی ئەمریکی پرچ زەردو چاوشین کە ماجستێریان هەیە لە فیلمسازی لە زانکۆ و ناتوانن بچنە ناو هۆلیود، چونکە دەرفەت بە هەموو کەسێک نادەن، ئیتر زۆر زۆر سەختە.

*** ئەو دەرفەتە چۆن بەتۆ دراو چەندە دڵخۆشی کردی؟**

- من وەکو دەرهێنەر تەنها یەک فیلمم چاکردووە ئەویش لە ساڵی ١٩٩٥ بە بودجەیەکی زۆر متەوازح بەناوی سەمای میلی کاتژمێر – dance of the penganal" ئەو فیلمەش بە شێوەیەکی زۆرباش لە دنیا بڵاوبۆوە، کە شتێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام بودجەکەی کەم بوو، فیلمی بچووک یانیش ئەو فیلمانەی بە بودجەیەکی کەم بەرهەمدەهێنرێن و هونەرمەندە گەورەکان بەشداری ناکەن زۆر دروست دەکرێ، لەهەر فیلمێکی دیکە کە دەیبینی بە بازرگانی بەرهەمدێ و ٥٠٠ فیلمی بچووک کە دروست دەبێ تەنها لە وڵاتەکان دەفرۆشرێت و بۆ تەلەفزیۆنەکان و dvdیەکانن، بەڵام چونکە فیلمی بچووکەو هی ستۆدیۆ گەورەکان نین دەنگ نادەنەوە، بۆیە لێرە نازانین و پێی ئاشنا نین، فیلمەکەی منیش یەکێک بوو لەو فیلمانە.

*** پارساڵ بۆ کارکردن لە فیلمی "چاپلنی چیاکان" گەڕایەوە کوردستان و ئەمساڵیش یەکەم نمایشی تایبەتت لە کوردستان بۆی کرد، دەکرێ بزانین ئەم فیلمە چۆن بەرهەمهات و ئێستا چی ماوە تا تەواو بێ؟**

- ئەم فیلمە دەنگی فاینالّ و میکساجی کۆتایی و کۆدی دۆڵبی و بلورەی ماوە، چاکردنی رەنگی ماوە، چونکە هەموو فیلمێک وایە کە تەواوت کرد رەنگەکان هەمووی وەک یەک لێدەکەی، هەرچەندە رەنگەکانی فیلمەکەم زۆر خراپ نین، چونکە خۆم زۆر دەستکاریم کردووە، بەڵام ئەو ئامێرانەم نییە کە خۆم بە تەواوی رەنگەکەی پێ چا بکەم، دواشتیش کە ماویەتی خستنەسەر پرنتی ٣٥ ملمە، ئەوانەم پێناکرێ، لەدواگەڕانی سپۆنسەر لەڕاستیدا لە کوردستان لە سپۆنسەر نەگەڕاوم، تەنها ئەوەنەبێ بەنیازبووم لە دەرگای وەزارەتی رۆشنبیری بدەم، چونکە دەزانم ساڵانە بودجەیەک تەرخانکراوە لە لایەن حکومەت بۆ کاری هونەری بەشێکیش لەو بودجەیە بۆ ئیشی سینەماییە، ئەو پارەیە پارەی فیلمسازەکان و پارەی میللەتە، بەڵام تا ئێستا هیچ داوایەکم نەکردووە تا یارمەتیم بدەن.

*** بۆ؟**

- لەبەرئەوەی کاتێک کە فیلمەکەم نمایشکرد، لەو نمایشە حەزمدەکرد وەزیری رۆشنبیری بێ فیلمەکە ببینێ، بەڵام نەهات دیارە ئیشێکی دیکەی هەبوو، ئیتر کە فیلمەکەی نەدی، بۆیە ناکرێ بڵێم وەرە دانیشین نمایشێکی تایبەتت بۆ بکەم، یانیش پێی بڵێم یارمەتیم بدا فیلمەکەم تەواو بکەم، لەبەرئەوەی سیستەمی دەزگای سینەماو وەزارەتی رۆشنبیری لەو رێچکەیەی دایانناوە بۆ کاروباری سینەما هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، مەبەستم ئەوە نییە گلەیی بکەم، کە دەڵێم هەڵەیە مەبەستم ئەوەیە کە دەتوانێ چاککبکرێ، پێویستیان بە راوێژکارە پێیان بڵێ چی بکەن، بۆ نموونە وەزارەتی رۆشنبیری خۆی کردۆتە بەرهەمهێنەر، خەڵکێک هەیە ٧تا١٠ ساڵ لە زانکۆکان دەخوێنێ تا بزانێ بەرهەم بێنێ و ببێتە بەرهەمهێنەر، بەڵام هیچ بەرهەمهێنەرێک لە وەزارەتی رۆشنبیری نییە کە لە بەرهەمهێنان بزانێ، دووەم وەزارەتی رۆشنبیری ئەو پارەیەی میللەت کە بۆ پێشخستنی هونەر و فۆلکلۆر و کلتووری کوردی و فراوانکردنی راگەیاندن وەکو لۆبیەک بۆ میللەتی کورد تەرخانکراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو پارەیە بەکاردێنن بۆ بازرگانی یان کە دەتەوێ فیلمێک لەسەر ئەنفال بکەی ئەوان تەنها دەیانەوێ بزانن چ قازانجێکیان تێدا هەیە، لەشوێنی ئەوەی بڵێن میللەتەکەمان چ قازانجێکی تێدا هەیە، لە هەمانکاتدا وڵاتەکانی دەوروبەرمان و دوژمنەکانمان بە ملیۆنەها دۆلار سەرفدەکەن لە سینەماو فیلم تەنها بۆ ئەوەی ناوی کورد ناشیرین بکەن، بۆیە لەهیچ دەرگایەکم نەداوە تا یارمەتیم بدەن بۆ تەواوکردنی ئەو فیلمە.


جانۆ رۆژبەیانی

*** ئەی لە ئەمریکا سپۆنسەرت دەستنەکەوت؟**

- لەم قۆناغەی فیلمەکە بە ئاسانی سپۆنسەر نا، چونکە سپۆنسەر ئەو کەسەیە کە مینحەیەکت دەداتێ و لە بەرامبەر هیچی ناوێ، لەدوای سپۆنسەر نەگەڕاوم، بەڵام سەرمایەدار و بەرهەمهێنەری زۆر هەن، بەڵام لەبەرئەوەی فیلمەکە ٨٠٪ی تەواو بووە، ئێستا کۆمپانیایەکی دیکە وەکو بەشدار بێنم داوای رێژەیەکی زۆر دەکەن، بۆیە هیچ مانای نییە کە گەیشتە ئەو رادەیەی ئێستای هاوبەشێکی بۆ بێنم، دەبێ شەریک بێنی لەوکاتەی کە پێویستت بە نیوەی بودجەکە یان بودجەکە بە کاملیە.

**بەشی یەکەم**















## مێژوو

د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور

## زانیاری هەڵە

دەڵێن پیر ئەزموونییان زۆرەو پێویستە گەنجەکان لێیانەوە فێربن، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی راستە، بەڵام مەرج نییە هەموو پیرێکیش شایەنی ئەوە بێت بەتەواوی باوەڕ بە بۆچوونەکانی بکەین. لە منداڵی زۆرجار وتەیەکم لەچەند پیرێک گوێ لێدەبوو خەریک بوو تاڕادەیەک باوەڕی پێ بکەم کە: مرۆڤ گرنگی بەخواردن نەدات و هەر چییەک هەبێت بیخوات و گرنگ ئەوەیە ورگی پڕ بێت و لە ئەنجامدا هەر دەبێتە پیسایی. دوایی بۆم دەرکەوت ئەم زانیارییە هەڵەیە، چونکە هەموو خواردنێک وەکو یەک نییە و هەر خواردنەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە. خواردن هەیە مرۆڤ پتر قەڵەو دەکات خواردن هەیە لە هەندێک کەس دەکەوێت و لە هەندێک کەسی تر ناکەوێت خواردنێکی دیاری کراو لەوانەیە بۆ کەسێک باش بێت و لەوانەیە بۆ کەسێکی تر ببێتە هۆی مردن، ئەوەی نەخۆشی شەکرەی هەبێ و شیرینی زۆر بخوات زیانی پێ دەگەیەنێ ئەوەی کۆلسترۆڵی بەرزە لەوانەیە هەندێک خواردنی دیارکراو بخوات ببێتە هۆی مردنی و هەمان خواردن بۆ کەسێکی تەندروست و لەش ساغ بەسوود دەبێت.

چەندین کتێب بەزمانە جۆراوجۆرەکان لەوانەش ئێستا بەزمانی کوردیش هەیە تایبەت بەجۆری خواردنەکان و تایبەتمەندیەتی هەر خواردنێک بۆ چ نەخۆشییەک باشەو بۆچی خراپە. رۆژ بە رۆژ لەلای خۆشمان خەڵک پتر رووردەکەنە گیا دەرمانی سروشتی وەکو چارەسەر باشترین بەڵگەش لەسەر ئەمە زۆر بوونی دوکانەکانی گیا دەرمانی سروشتیە، کە بەڵگەیە لەسەر رووتێکردنی خەڵکی بۆ ئەم بوارە.

تەنانەت هەندێک بۆچوون هەیە لە رووی پزیشکییەوە کە نەخۆشی لە رێگای جۆری خواردنەوە نەک دەرمانەوە چارەسەر بکرێت، ئەمرۆ بەشێوەیەکی گشتی لەنێو کورددا پتر هەست بەوە دەکرێ خەڵک گرنگی بە خواردنی تەندروست دەدات، ئێستا خەڵک پتر خۆی بە دوور دەگرێ لە خواردنی شیرینی و چەوری خەڵکانێک هەن ژەمی ئێوارە هەر ناخۆن یان خواردنێکی سووک دەخۆن لەبەر ئەوەی گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە ئەمە لەڕووی تەندروستییەوە بۆیان باشە.

نالۆژیکترین پەندی کوردی بەلای منەوە ئەو پەندەیە کە دەڵێ ئەوەی سینگی بخوات سینگ دەکوتێ. ئەمە چ لۆژیکێکە کە ئەوەی سینگ بخوات کەسێکی لەسەر دابنێ و دواییش سینگی بۆ بکوتێ ئاخر سینگ خواردنێکە وەکو خواردنی تر لەوانەیە خەڵکانێک حەزی لێ بکەن و خەڵکانێک هەر نەیخۆن، ئەم پەندە لە روانگەیەکی چینایەتی بێ دەستەڵاتانەوە وتراوە کە تەنانەت مافی سینگ خواردنیشی لە هەژاران ستاندووەتەوە.

پێ دەچێ هەر ئەو هەژارانەش وتبوویان کە زانیاریان هەڵە بووە و زانیاری هەڵەیان بۆ بەجێهێشتووین.

# ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک، یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە

لە ئەرشیفی: حەمید ڕەشاش



حەمید ڕەشاش، عەونی، محەمەد بچکۆل، هەمەدان ١٩٦٥



حەمید ڕەشاش، کۆیە ١٩٦٣



حەمید ڕەشاش، عەونی، هەمەدان ١٩٦٤



بارام سادق، حەمید ڕەشاش، محەمەد عومەر،عەریفە عەویرا، کەریم عەلی – سەقز – ١٩٦٤



د. حەسەن، حەمید ڕەشاش، سیامەند، د. حوسێن، عەلی حاجی، هەمەدان ١٩٦٤



حەمید ڕەشاش،، حەمە سەعید، محەمەد بچکۆل، هەمەدان لە ئۆردوگا ١٩٦٤



لەلای ڕاست: عەبدوڵڵا مامە، د. حەسەن ئیسماعیل، حەمید ڕەشاش، عەلی حاجی قادر. هەمەدان ١٩٦٤



حەمید ڕەشاش، عەریف عەولا، عەریف ڕەسول، بەکرەجۆ ١٩٦٨



حەمەدەمین مەلا خەلیل، جەوهەر محەمەد، حەمید ڕەشاش، هەمەدان ١٩٦٥



حەمید ڕەشاش، مەلا حەسەن، قەڵادزە ١٩٦٧



حەمەدەمین مەلا خەلیل، عەلی حاجی، حەمید ڕەشاش، داین شەوکەت، هەمەدان ١٩٦٤



حەمید ڕەشاش، جەوهەر محەمەد، قەڵادزە



د. حوسێن، حەمید ڕەشاش، سەید مستەفا، هەمەدان. -١٤



ئەوانەی دانیشتوون: جەوهەر محەمەد، کەریم عەلی/هەنوکە، ئەوانەی داجەماون: حەمید ڕەشاش، جەعفەر عەبدولواحێد. هەمەدان ١٩٦٤

# کاکەڕەش هەرزانی و مەنجەڵە گەورەکەی هەمەدان



کاتی ناشتنی شەهید کاکە ڕەش هەرزانی لە گۆڕستانی بابا تاهیری هەمەدانی لە ئێران ساڵی ١٩٦٥

نووسینی: حەمید ڕەشاش

**کورتە باسێک دەربارەی شەهیدبوونی پێشمەرگەی دێرین "کاکەڕەش هەرزانی"**

لە هەندەران "هەمەدان" شەهید کاکەڕەش هەرزانی گەنجێکی هەڵکەوتووی شاری هەولێری خۆشەویست بوو، پێش ئەوەی چەکی پێشمەرگایەتی لەشان بکات لەگەڵ پیرە دایکەکەی و تاقە براکەی ماڵیان لە گەڕەکی تەیراوە لەعەساری کاکە ئەحمەدی بوو، ئەوکاتە عەساری کاکە ئەحمەدی بەرامبەر دادگای ئێستای هەولێر بوو، ئەو هەستە بەرز و بەهێزەی کوردایەتی و بیرکردنەوەی ڕزگارکردنی کوردستان وای لە کاکەڕەش کرد دایکە پیرەکەی و تاقە براکەی بەجێبێڵێ و بچێتە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵی (١٩٦٢) کاکەڕەش لە پەلەکەی کاک ئەنوەر جۆخین بوو، کاکەڕەش پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک بوو، زمانی تورکی باش دەزانی، لە چێشتلێنان زۆر شارەزابوو، کاکەڕەش ئەوەندە پێشمەرگەیەکی ڕووخۆش و بێگەرد بوو لەلای هەمووان خۆشەویست بوو، شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦١) تا ساڵی (١٩٦٤) پاکترین شۆڕش بوو، شۆڕش لەوپەڕی بەهێزیدا بوو کەس بیری لەپارەو پوول و دەوڵەمەندی نەدەکردەوە، بەڵام لەناکاو شۆڕشەکەمان تووشی نەخۆشیەکی درێژ خایەن بوو، ئەویش نەخۆشی شەڕی براکوژی بوو، لەپاش ڕێککەوتنەکەی ساڵی (١٩٦٤) لەگەڵ حکومەتی عێراق لەبەر ئەو ڕێککەوتنە ناکۆکی سەری هەڵدا لە نێوان سەرکردەکان و هێزی پێشمەرگەش بووە دوو پارچە و بەداخەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٤ شەڕی براکوژی دەستی پێکرد و شۆڕش و کورد تووشی نەخۆشی بوو، تا ئێستاش کورد لەبەری دەناڵێنێ، نامەوێ باسی ناکۆکییەکان بکەم و کۆنە برینەکان بکولێنمەوە، بەڵام شەڕی یەکەم هێزەکانی باڵی "م.س" هەر لە پاشەکشەدا بوون شەڕیان نەدەکرد، تا سەرەتای مانگی تەمووزی (١٩٦٤) بۆ یەکەم جار لە ئاوەکەی نێوان عێراق و ئێران پەڕینەوە، کە چووینە ناو خاکی ئێران هەموو پێشمەرگەکان کۆبووینەوە سەرکردەکان گووتییان ئەوە ئێمە لەناو خاکی ئێرانین، هەرکەسێک حەزدەکات بگەڕێتەوە ئازادە، خۆی و چەکەکەی بگەڕێتەوە، ئەوکاتە کەس نەگەڕاوە، بەڵام لە پاشان عەریف عەلی مەولود بەدزی گەڕاوە، لای مقەدەم عەزیز لەگوندی گەنابوو لە پاشان چووینە گوندی بێتووش، سوپای ئێرانیش چواردەورەمانی گرتبوو لەگەڵ ئەوەش حکومەتی ئێران ئازووقە و پێداویستی بۆمان هێنا، ژمارەی پێشمەرگەکانی باڵی "م.س" زیاتر لە ٤٥٠ پێشمەرگە بووین، ماوەی ٢٩ ڕۆژ لە گوندی بێتووش ماینەوە، حکومەتی ئێرانیش داوای چەک دانانی لە ئێمە نەکرد، ئەو سەرکردانەی لەگەڵمان بوون "مام جەلال، کاک عومەر دەبابە، شەهید عەلی عەسکەری" بوون لەو ماوەیەی ئێمە لە بێتووش بووین خەڵکی عێراق زۆر هاتووچۆی ئێمەیان دەکرد، بەشی زۆری ئەو کەسانە داوایان دەکرد بگەڕێینەوە عێراق، دەیانگووت ئەگەر بگەڕێینەوە ئەوجارە کەس شەڕتان لەگەڵ ناکاو ئێمە خۆشمان حەزمان دەکرد بگەڕێینەوە بە تایبەتی مام جەلال، حکومەتیش پەلەی لێمان دەکرد دەیانگووت یان بگەڕێنەوە یان چەکەکانتان دانێن، ئەوەبوو بڕیارماندا بگەڕێینەوە و گەڕاینەوە سەرشاخی سورکێو.

> **ئێستا کوردستان ئازادە و حکومەت دەتوانێ ئێسک و پروسکەکەی بێنێتەوە بۆ کوردستان وەکو وەفاداری بۆ شەهیدان**

شاخی سورکێو لەسەر سنووره ماوەی ٣ ڕۆژ لەسەر ئەو شاخە بووین، بەهیوای ئەوە گەڕابووینەوە تووشی شەڕ نەبین، بەڵام عەلی عەسکەری دەست پێشکەری کردو هێزێکی برد چووە سەر ناحیەی باسنێ خۆی تووشی شەڕێکی دۆڕاو کردو گەڕایەوە لای ئێمە، لە پاش ئەو شەڕە دووبارە هێزێکی زۆردەورەی گرتین و دووبارە شەڕەکە سەری هەڵدایەوە بەشێوەیەکی خراپتر لەپاش شەڕێکی چەند ڕۆژی ناچاربووین دووبارە بۆ جاری دووەم بگەڕێینەوە ناو خاکی ئێران، دیسان سوپا دەورەی گرتین حکومەتی ئێران ئەوجارە ماوەیان نەداین بەچەکەوە لەناو خاکی ئێران بین، داوایان لە مام جەلال کرد یان چەک دانێین یان ئێستا بگەڕێینەوە، ئەوەی ڕاستی بێ مام جەلال هەر دەیگووت با نەچینە ژێرسێبەری شای ئێران، پێمباشە بچینە لای شیخ ئەحمەدی بارزانی برای مەلا مستەفا بارزانی، بەڵام شەڕەکە گەرماو گەرم بوو چواردەورەشمان گیرابوو نەمانده‌توانی بەچ لایەکدا بڕۆین، دەرباز نەدەبووین ئەو کاتە لە سەرکردەکان تەنها مام جەلال و کاک عەلی عەسکەریمان لابوو، حکومەتی ئێرانیش زۆر پەلەی لێمان دەکرد هێزەکەشمان زۆر ماندووبووین چارەمان نەبوو چەکمان داناو جەیشەکە چەکەکانی بە ژمارە لە ئێمە وەرگرت، بۆ ئێمە ئەو ڕۆژە لەهەموو ڕۆژێک ناخۆشتربوو لەپاش چەک دانان لۆری عەسکەریمان بۆ هات بەڕێکراین بۆ شاری سەقز، لە شاری سەقز لەناو چادران بووین، نان و خواردن جەیش بۆمانی دابین دەکرد، ماوەی ٤٠ شەو لە سەقز بووین، حکومەتی ئێران حەزی دەکرد دوورمان بخاتەوە لە سنووری عێراق داوایان لە مام جەلال و "م.س" کرد بچینە شاری هەمەدان لەبەرئەوەی سەقز جێگای حەوانەوەی ئەو هێزەی لێنەبوو، حکومەتی ئێران جێگای حەوانەوەی ئێمەی لە شاری هەمەدان دابین کردبوو، کاتیش بەرەو زستان دەچوو، ئێمە ژمارەمان ٤٥٠ کەس زیاتر بوو، بەهەر حاڵ چووینە هەمەدان و لە کارگەی شقارتە جێگایان بۆمان ئامادە کردبوو، ماوەی چەند ڕۆژێک خواردنمان لەسەر جەیش بوو، لە پاشان لەسەر داوای خۆمان ئازووقەمان بۆ دەهات و حکومەت چێشتخانەی بۆمان دانا و ئەوانەی چێشتیان لێدەنا هەموویان پێشمەرگەی خۆمان بوون، شەهید کاکە ڕەش هەرزانی یەکێک بوو لە چێشت لێنەرەکان، مەنجەڵەکانی چێشتلێنان ئەوەندە گەورەبوون هەرگێڕ و وەرگێڕ نەدەکران، بە چیمەنتۆ سەکۆیان بۆ مەنجەڵەکان دروست کردبوو، هەر مەنجەڵەی جێگای ٣ پەرەمێزی هەبوو سەری سەکۆیەکە کاشی کرابوو، کە چێشت لێدەندرا بە خاکەناسی گەورە تێکدەدرا، ڕۆژێک پێش نیوەڕۆ هاوار هەرستاو "ئاگر هەستاو بوو بە هات و هاوار" و گوتیان کاکەڕەش کەوتە ناومەنجەڵی "شلە" مەرەگەی دەورەمان لێدا بەدار و خاکەناس دەرمان هێنا، کاکەڕەش لەناو مەنجەڵەکە بەس سەرەپەنجەی پێیەکانی دیار بوو دەرمان هێناو بردمانە نەخۆشخانە و هەر دوو ڕۆژ ژیا و کۆچی دوایی کرد و شەهید بوو، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەی بێ، لەپاش مردنی هەموو پێشمەرگە بەشێوەی عەسکەری لە ڕێوڕەسمەکەی زۆر ڕێک و پێک بردمانە گومبەتی بابەتاهیری هەمەدانی شاردمانەوە، لەو ڕێوڕەسمەش خەڵکێکی زۆری شاری هەمەدان بە ژن و بە پیاو بەشداریان کرد و بەشی زۆریان دەگریان، لە پاشان کاک خالید دلێر شیعرێکی بۆ نووسی لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەندرا لەسەر قەبرەکەی چەسپا شیعرەکە بە فارسی و کوردی بوو. سەرەتای شیعرەکە نووسرابوو:

**کردەوەی وابوو کاکەڕەش هەرزانی**
**گیانی بەخت کرد بە کوردستانی**

لە پاش مردنی ڕۆژانی هەینی زیارەتی قەبرەکەمان دەکرد، کە دەچووین کۆمەڵ کۆمەڵ ژنانی هەمەدان دەهاتنە سەر گۆڕەکەی وەکو پیاو چاک داوای مرازیان دەکرد، دەیانگۆت ئەوە شەهیدی تەواوە، کاکەڕەش لەکاتی شیو تێکدانی قاچی هەردەزەلێ و دەکەوێتە ناو مەنجەڵی شیوێ، ئەو ماوەی ئێمە لە ئێران بووین حکومەتی ئێران مانگانە هەر پێشمەرگەی ٦٠ تومەنی دەدایێ حەفتەی جارەک حەمام لەسەر حکومەت بوو و حەفتەی جارەک سینەما لەسەر حکومەت بوو، ئەوانەی جگەرە کێش بوون خۆربان توتن و دەفتەرە جگەرە دابەشدەکرا، هەموومان ئێواران دەچووینە قوتابخانە و لەناو خۆشمان چەند دەورەک کرابۆوە. هەروەهاش حەفتەی ڕۆژەک بەرۆیشتن دەچووینە دەرەوەی شاری هەمەدان، خەڵکی هەمەدان زۆر غەریب دۆستن، زۆرباش بوون لەگەڵمان.

لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق هاتووچۆ هەبوو بەهۆی خوالێخۆشبووان ئاوڕەحمانە ڕووتە و حەمەدەمین ئاغای بارێ و لەناو معەسکەری خۆمان بێتەلمان هەبوو، هەموو بروسکەکانی عێراقمان وەردەگرت، بەهۆی ئیسماعیل سەرهەنگ و کاک کەریم جەوهەر هەمووی (حەل) دەکراو دەخوێندراوە، ئاگامان لە هەموو جموجۆڵەکانی حکومەتی عێراق و شۆڕش هەبوو، ناوەناوە نامەشمان دەنارد و نامەشمان بۆ دەهات، دەربارەی جل و بەرگ هەموومان جل و بەرگی پێشمەرگەمان لەبەردابووخەباتی خۆمان هەبوو، سەرکردەکان کاک عومەر دەبابە و کاک عەلی عەسکەری و کاک کەمال موفتی لەگەڵمان بوون، ئەوانیش وەکو ئێمە دەژیان، ناوەناوەش حزب یارمەتی دەداین، کە گەڕاینەوەش حکومەتی ئێران هەموو چەکەکانی خۆمانی بەزیادەوەش دایەوە و زۆریش بەڕێز و حورمەتەوە تاسەر سنوور بەڕێکراین، ئەوەی بەجێما لە ئێران شەهید کاکەڕەش هەرزانی بوو هەزار ڕەحمەتی لێبێ من نازانم کەسوکاری لە کوێن ئەگەر جێگایان بزانم سەردانیان دەکەم لەکاتی لەگەڵ ئێمە بوو دەیانگوت هەر پیرەدایکەکی هەبوو ئێستا کوردستان ئازادە و حکومەت دەتوانێ ئێسک و پروسکەکەی بێنێتەوە بۆ کوردستان وەکو وەفاداری بۆ شەهیدان یان گۆڕەکەی تازەکەنەوە بە شێوەیەک تا ماوەیەکی دوور هەردیار بێ.

---

## مرۆ (١٣٣)



حەمید بەدرخان

### من کوردستانیم

* لە دنیادا زۆرکەس هەڵکەوتوون کەچی خەڵکی شار نەبوون و بەڵام بەقەد سەد کەسی شار خزمەتیان کردووە، لەنێو میللەتان چەندین نموونەی بەرچاوو بەرجەستە کراو هەیە، لە میسر هیچ کام لەم کەسانە "جۆرجی زێدان، روزە یوسف، عەبدولباست عەبدولسەمەد، محەمەد عەلی پاشای گەورە، ئەحمەد شەوقی، ئەحمەد خورشید بەدرخان..." میسری نەبوون، بەڵام ئەوەندە شانازی بە میسری بوونی خۆیان دەکەن و میسرییەکان سەد بەرانبەر شانازییان پێوە دەکات.

* لەنێو کورددان چەندین نووسەری جیهانی هەڵکەوتوون، بەڵام لەکوردستان ناژین و دەربەدەر بوون و هەندێکیشیان لەکوردستان دەژین، بەڵام زمانی زکماکی خۆیان نازانن، بە زمانی دیکەی ئەوان قسەی پێدەکەن لەوانە: "یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات، عەبدولمەجید لوتفی، محێدین زەنگەنە، بلند حەیدەری" یەشار کەمال لە تورکیاو سەلیم بەرەکات لە سوریا و.. نووسەران و خوێنەرانی سوریاو تورکیا زۆر شانازی بە هەردوو نووسەرەوە دەکەن، هەموو نووسینەکانیشیان بە زمانی تورکی و عەرەبییە.

* لەشاری هەولێر پێش ٢٥٠ ساڵ چەندین بنەماڵەو کەسایەتی هەڵکەوتوو، کە خەڵکی شاریش نەبوون لە نەتەوەو ئاییني جیا جیا لەوانە "حاجی فەقێ موراد" هەموومان دەزانین ئەوە بە ڕەچەڵەک جوولەکە بووەو خزمەتێکی بێ وێنەی پێشکەش بە هەولێر کردووە، ئێستاش مزگەوتی "حاجی فەقێ موراد" لەهەولێر بەناوبانگە، جگە لەوانەش بنەماڵەی "عەلی حوسێن کەسرە و بنەماڵەی سەیدەکانی خەنجەر" عەرەب بوون، هەر لەوشارە خزمەتیان کردووە، بەتایبەتیش ئەگەر باسی وەرزش بکرێت، نابێ باسی بنەماڵەی "عەلی حوسێن کەسرە" نەکرێت.. هەروەها بنەماڵەی "عەبدوڵلا سکۆت" بە ڕەچەڵەک ئینگلیز بوونەو لە هەولێر ژیاون و خزمەتێکی بەرچاویان پێشکەش بە گەلی کورد و هەولێرییەکان کردووە، ئێستاش بە ژن و ژنخوازی لەگەڵ هەولێرییەکان چەندین نەوەی لێکەوتۆتەوە...

* لەوەتەی شاریش دروستبووە بەتایبەتی بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی لەنێوان ساڵانی "١٧٨٤ - ٢٠١٠" کە دەکاتە ٢٣٦ساڵ چەندین بنەماڵەی شارەکانی دیکەی کەوتۆتە ناو کە خزمەتێکیان پێشکەش بەوشارە شۆڕشگێڕە دڵگیرە کردووە، لەوانە "سەعە تاکۆیی" تاکو ئێستاش ناوچەیەکی لە شەقامی مەولەوی بەناوی ئەوەوەیە، جگە لە خەڵکی دیکە وەکو "محەمەد نوری تۆفیق،، شەماڵی ئەحە سنەیی، خولە سنەیی، عوسمان محەمەد نادر باوکی د. بەکر، مەعروف جیاووک، محەمەد نورەدین باشکاتب، ئەحمەد عەبدولحەمید بامەڕنی، ئەنوەر توڤی..." کە ئەوانە هەریەکەیان لەسەردەمی خۆی خزمەتێکیان بەم شارە کردووە و خەڵکی شاری سلێمانیش نەبوون، ئەمڕۆش ئەگەر سەیری شاری سلێمانی بکەین دەبینین "مام جەلال، کاک کۆسرەت، مەلا بەختیار، ئازاد جوندیانی، فەرید ئەسەسەرد، جیهاد دلپاک، نەرمین کاوانی، عەلی کەریم، عەبدولعەزیز مەجید، زیرەک میرە، محەمەد موکری، قوبادی جەلی زادە، سامی هادی، کاوە محەمەد، ستران عەبدوڵلا، عارف قوربانی، موحسین عوسمان، د. ئاکۆ شوانی، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی..." سەدان و بگرە بە هەزارەها خەڵکی دیکەش لەوشارە دەژین و لە سلێمانییەک خۆیان بە سلێمانی تر دەزانن، ئەوانە خۆشەویستیان بۆ "ئەدەب و کلتوور و مێژوو"ی شار هەیە، ئەوانە سەر زمان و بن زمانیان شارە حەیاتەکەیە. زوڵم و غەدرە خەتی سوور بۆ ئەوانە دابنرێت، کە بیانەوێت خزمەتێک بەوشارە بکەن. بە درێژایی مێژوو لە هەموو دنیادا ئەو کەسانەی کە خەڵکی شار نەبوون و مەبەستیان بووبێ خزمەتێک بگەیەنن بەوشارە بێ دوودڵی خەڵکی عەوام هاریکارییان کردووەو کارەکەش بە ئەنجام گەیشتووە، من دژی ئەو پەندە کوردییەم، کە دەڵێ: "ئەوەی بکات بێگانە پەرستی، لە کۆتاییدا هەر دەهێنێ نووشوستی" منیش دەڵێم: ئەوەی بتوانێ خزمەتێک بکات و بەردێک بخاتە سەر بەردێک دەبێ ڕێزی لێ بنرێ و ببێتە جێگای شانازی خەڵکی شارەکە.

ئێمە لەبەرامبەر یەکتری دەبێ "خۆشەویستی و لەخۆبووردووییمان هەبێ بۆئەوەی بە خۆشەویستی کارەکان تەواو بکەین، خۆ جەژنی ڕەمەزان لە کەناڵە جوانەکەی کوردسات بینیمان لە بەرنامەی "خەڵاتی ستیەیگ" و بەرنامەکانی "کاک ئیبراهیم و سۆز" هەموو ئەوانەی بەشداربوون زۆربەیان خەڵکی سلێمانی نەبوون، بەڵکو هەموویان کوردستانی بوون.



کاکم گۆتی

سەرتیپ جەوهەر

## ساحێب ماڵ و دز

لە وولاَتی ئێمە هەموو شتێک عەکس بۆتەوە، قەت ساحێب ماڵ دز ناگرێت هەمیشە دز ساحێب ماڵ دەگرێت، بۆیە دەبینین مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە خۆی تاوانبارە بە پیاوی ئێران کەچی دەڵێت دەستی ئێران لەعێراق دەبرم، هەشە خۆی شازی گەندەڵەو عەیاری بیست وچوارە کەچی باسی شەفافیەت نەهێشتنی گەندەڵی دەکات.

کاکم گۆتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەمرۆژانە پێیوتوم ئێمە زۆرمان قازانج نەکرد لەوەی راستییەکانمان بەخەڵک نەوت و بە ڕەشمان نەوت ڕەش و بەسپیشمان نەوت سپی، ئیدی خەڵکی دیکەش قەت قازانج ناکات لەچەواشەکردنی خەڵک.

ئەم قسەیەم بەبرادەرێکی نزیک لە سەری سەرەوە وت کە حزبەکەیان تازە بەتازە کەوتبونە وێزەی موعارەزەو داروبەردیان لێ هێنابونەوە یەک، تازە بەتازە قەوانەکەی ئێمەیان لێدەداوە، وتم بابە ئەو قەوانە کۆنە ئێمە لێماندا قازانجمان نەکرد، چونکە ناکرێت راستیی لەخەڵک بشارینەوە ئەمرۆ دنیا گۆڕاوە، پێویستە ئەوەی دەسەڵات دەگرێتە دەست لەو حەقیقەتە باش تێبگات، ئێوەش دەکەونە ئەو داوەوە بەخوا ڕۆژێک دێت کەس دەنگتان پێنادات ئیدی وازبێنن.

کاکم دەیگۆ چیرۆکی ساحێب ماڵ و دزەکە وەک ئەو چیرۆکەیە کە لە تەوارییەکەی هەولێر بینیومە، وتم چۆن وتی پیاوێک سەیارە لێیدابو پیاوێکی دیکە رزگاریکردبوو بۆ تەواری و گەیاندبوی کەچی پۆلیس گرتبوی و تۆمەتی خستبوە پاڵ گوایە ئەو بەسەیارەکەی خۆی لێیداوە، واتە رزگارکەر ببوە تاوانبار، ئەمەش رێک وەک ئەو بۆچونەی چومسکییە کە ئەمریکا لەداگیرکردنی هەر وولاَتێک هەوڵدەدات سیمای خۆی جوان بکات و بەر لەوەی پرۆسەکە دەستپێبکات ئامادەکاری بۆ رەونەقکردنی خۆی بکات.

چومسکی دەڵێت سوپای ئەمریکا هەمیشە داگیرکەربوون، دەیانەوێ شەرعییەت بدەنە داگیرکردن وبەیاسایی بکەن لەهەمانکاتدا سوپایەک لە راگەیاندن دەخەنە کار تەنها بۆ ئەوەی ئەو وێنەی رزگارکەر لە خەڵک بگەیەنن نەک داگیرکەر، واتە ئەمریکا هەمیشە وەک رزگارکەر پێشانبدەن، هەر چومسکی دەڵێت ئەگەر کەسێکیش بەرگری بکات لەداگیرکردنی وولاَتەکەیان لەلایەن ئەمریکاوە ئەوا تۆمەتی تیرۆرست دەخەنە پاڵی، بۆیە ئەمرۆ دنیا خۆش گۆڕاوە موقاوەمە تیرۆرستەو داگیرکەریش فریاد رەس.

## مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر

# خالید ئاژگەیی پێشمەرگەیەکی چاونەترسی رۆژانی خەبات



بــــــــزەی هـــاتـــێ

گـووتـی، روونـاکـە ئـاسـۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من
بڕۆمە جنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من

**عەبدولوەهاب شێخانی**

**کورتەیەک لە ژیانی تێکۆشەرێکی دێرینی شارە خۆشەویستەکەی هەولێر "مام خالید ئاژگەیی" کە بەشانازییەوە مەدالیای ئیفتیخاری لە گەردەنی بەرزی دەکەین و مەدالیای ئیفتیخاری بۆ ئەو خەباتگێرو تێکۆشەرانەیە.**

خوێنەری خۆشەویست مام خالید ئاژگەیی و هەڤاڵانی لە ساڵی "١٩٥٨" کە لە خــوارەوە باسکراوە چەکی شەرەف و مەردایەتی دەکەنە شان و دەچێتە قەڵای بەرگری و خۆڕاگری و تێکۆشانی چیای سەفینی سەرکەش، بۆ بەرگری کردن لە کوردو کوردستان لە دژی دەرەبەگ و چەوسێنەرەکانی ناوچەکەدا.

نووسینەوەی ژیاننامەی ئەو هەڤاڵە تێکۆشەرانە گەلێک گرنگە، چونکە هەوڵ و خەباتی ئەو بەڕێزانە مێژووی بەرخودانی گەلێکە، ون بوونی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرانە ون بوونی ناسنامەی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەمانە. بۆیە نووسینەوەی گەلێک گرنگە و با نەوەی نوێ بزانێ خالید ئاژگەیی و هەڤاڵانی کێن و خەباتیان چۆن بووە و چیان بۆ کورد کردووە. دوای سەردانی کاک هێرش خالید ئاژگەیی هاتەوە لام وتی: کورتەیەک لە ژیانی بەرخودان و شۆڕشگێڕو فەرماندەو پێشمەرگەی نەپچراوی شۆڕشی ئەیلوول و گولان شەهید "خالید ئاژگەیی"

### ژیاننامەی شەهید خالید ئاژگەیی

یەکێک بووە لەو پێشمەرگە ماندوو نەناسانەی کە هەر لە سەرەتای چاو هەڵهێنانی بە سروشتی دڵڕفێنی کوردستان، مەڵاشووی ژیانی بە کوردستان یان نەمان هەڵدراوەتەوە و هەمیشە ژیانی خۆی بۆ رزگاری و ئازادی کوردو کوردستان تەرخان کردووە، خەبات و بەرخودانی ژیانی پڕ لەسەروەری بووە.

لە ساڵی "١٩٣١" لە گوندی "ئاژگە"ی سەر بە هاوینە هەواری سەڵاحەددین لە دۆڵی خۆشناوەتی چاوی هەڵهێناوە. لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر بووە هەمیشە ژیانی پڕبوو لە هەژاری و بێ دەرامەتی بۆیە هەر لە سەرەتای لاویەتیدا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دەستی کردووە بە کاری کرێکاری وەستایی خانووبەرە، کە خانووەکانی هاوینەهەواری سڵاحەددین شایەدی دەست رەنگینی ئەم جوامێرەن، مێژووی خەباتی سیاسی مام خالید ئاژگەیی لە ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی تر دەست دەکەن لە خەباتی نهێنی سیاسی لەبەر زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەی ئاغایەتی و دەرەبەگایەتی رژێمی ئەوکاتی عێراق.

لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی شۆڕشگێڕی دەڤەری گوندەکانی "ئاژگە، ئارماوان و کۆڕێ و حوجران و و شەقڵاوەو کاوانیان" لەوانە شەهیدان: "عەبدولکەریم حەمدێ و وەسمان حوجرانی و حەسەن شێخە و عوسمان ئاژگەیی و ئیسماعیل ئاژگەیی و سەعید مەسیفی و مەحموود کاوانی و زۆری تر بەداوای لێبوردن لەوانە ناوەکانیان نایەتە بیرم. چووینەتە چیای سەفین بۆ خەبات و تێکۆشان.

هەروەها هەڤاڵ "عومەر مەلازادە" کە ئێستا لە ژیان ماوە بە فەرمانی حزب بە هاواری بارزانی چوون کە لە لایەن رژێمەوە شەڕێک دژیان هەڵگیرسا. لەبەر ئەوەی بارزانییەکان چەکیان کەم بووە. لەگەڵ ئەم هەڤاڵانە و نزیکەی "١٥٠" کەسیتر لە ئەندامانی "حزب واتە پارت" ئامادەبوون، لە ساڵی ١٩٥٩ بە هاواری بارزانییەکان چوون بۆ "شانەشەل" لە سنووری تورکیا.

ماوەی سێ مانگ ماونەتەوە بۆ بەرگری کردن لە هێزی بارزانییەکان، بەڵام پاش ئەوەی هاوکاری و چەکێکی زۆر لەلایەن ئەندامانی حزبی "پارتی" بۆیان کۆکرایەوەو رەوانەکران و ئەم هێزەش توانی خۆی بە هێز بکات ئەمانیش گەڕانەوە، ئەمە یەکەمین داستان و بەشداری لەشەڕدا بوو ئەم هەڤاڵانە نەگەڕانەوە شوێن ماڵەکانی خۆیان دوایی لەلایەن رژێمی بەعس بڕیاری دەستگیرکردنیان دەردەچێت، ئەوکات بانگی شەقڵاوە دەکرێن و بۆماوەی "٢١" رۆژ بەند دەکرێن دوایی ئازاد دەکرێن دووبارە بەند دەکرێنەوە دواجار ئازاد دەکرێن، ئەم جارە بەهاوکاری جاش و سیخوڕەکانی ئەم کاتی دەڤەرەکە هەوڵی دەستگیرکردنی گشت ئەندامانی حزب دەدرێت لەبەرئەوەی رێکخستنەکانی پارتی زۆر بەهێز دەبێ و دوژمنی تووشی تۆقان و ترس کردبوو.

ئەم شۆڕشگێڕانەش سەریان بۆ دوژمن نەنواند، هەموویان روویان کردە شاخ و چیاکانی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای داخە پێش رۆیشتنیان لە گوندی "ئاژگە" لەلایەن سیخوڕە جاشەکان بۆسەیان بۆ دادەنرێت لە ئەنجامدا تووشی شەڕێکی گەورە دەبن و لە ئەنجامدا هەڤاڵی تێکۆشەر و نەمرو شۆڕشگێر "عەبدولکەریم حەمدێ" تێیدا شەهید دەبێت و هەڤاڵ "حەمەدەمین سادق ئاژگەیی" بەسەختی بریندار دەبێت، کە ئێستا لە ژیاندا ماوە هەر دوو نەمر ئامۆزای شەهید "خالید ئاژگەیی"ن.

"پاش دەرچوونیان بۆ کێو و شاخەکان ناویان لێ دەنرێت "ئەشقیا" ئەمە لەساڵی ١٩٥٩ ئاغا و دەرەبەگەکان کە بەکرێ گیراو و سیخوڕ بوون و جاش و عەلقە لەگوێی رژێم بوون. هەڵدەستن بە دەرکردنی گشت خێزان و منداڵی ئەم هەڤاڵانە لە گوندو خاک و شوێنی باب و باپیرانیان وەدەردەنرێن و روو لە هەولێر و دەورووبەری دەکەن.

بەشداری یەکەم شەڕ لە ئەیلوول پاش گرژی و ئاڵۆزی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی عەبدولکەریم قاسم و مانەوەی ئەم قارەمانانە لە شاخ و کێوەکان شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە ساڵی ١٩٦١ هەڵدەگیرسێت و پەرە دەسێنێ، شەهید خالید ئاژگەیی بەشداری شەڕێکی گەورەی "دەربەندی و چیای سەفین" دەکات.

بەرپرسیاریەتی لە شۆڕشی ئەیلوول مام خالید ئاژگەیی لەبەرچاو نەترسی و ئازایەتی لە شەڕەکان و لەیەکەم جەنگی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن دەکرێت بە "سەرپەل" کە ئەم تەشکیلاتە لە لیوای هەولێر دروست کرا. دوای ئەوە دەکرێتە بەرپرسی پێشمەرگایەتی لقی پاش پەرەسەندنی شۆڕش دوو بەندیخانەی شۆڕش دادەمەزرێت یەکێکیان لە گوندی "رایات" کە مامە سەعید مەسیفی بەرپرس دەبێت و ئەوی تریان "بەندیخانەی خەلان" کە بۆ ماوەی "١٠" ساڵ تاکو نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ مام خالید ئاژگەیی بەرپرس بووە و هەردەم خۆشەویست و جێگای رێزو متمانە دەبێت لەلایەن "سەرۆک بارزانی نەمر" و "کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ" مام خالید لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا چەندین جار بە گوللەی دوژمنان بریندار بووە ئەم قارەمانە لە ژیانی بەرخودانی بەردەوام پلەو پایەی پێ دراوە و هەمیشە لە پێشەوەی شەڕەکاندا بەرگری کردووە. هیچ کاتێک خۆی بە گەورەو بەرپرس نەدەزانی شان بەشانی برا پێشمەرگە قارەمانەکان لە پێشەوەی سەنگەرەکان بووە و هیچ کاتێک ترس و تۆقانی بەمێشکدا نەهاتووە.

هاندەر بووە لەبەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان.

### خاسیەتەکانی:

لەکاتی شوێن و حەوانەوەو دروستکردنی خانوو پێش هەموو کەسێک دەستی کردووەتە دارو بەردو قوڕ.

پێشمەرگە چی لەبەرکردبایە ئەویش هەمان جل و بەرگ و پێڵاوی لەبەردەکرد بەبێ جیاوازی خواردنی پێشمەرگە چۆن بایە ئەویش هەمان شیوو خواردنی دەخوارد. لەسەر یەک سفرە هەمان خواردنی دەخوارد و لەتەک پێشمەرگە دادەنیشت و گیرفانی هەموو کاتێک بۆ پێشمەرگە بووە و مام خالید ئاژگەیی پیاوێکی ئایینپەروەرو نوێژو رۆژوگر بووە و لە خواترس بووە بۆیە هەمیشە لە هەر شەڕێک دیل بگیرابایە مەحاڵە بکوژرابایە و زۆر رقی لە خواردن و تاڵان کردنی ماڵی خەڵک و دام و دەزگای میری بووە.



پێشمەرگەی دێرین خالید ئاژگەیی

ئامۆژگاری پێشمەرگەی دەکرد کە هەموو کاتێکی ئاسایی و لە شەڕدا سەروەت و سامانی میللەت بپارێزن و بە موڵکی میللەتی بزانن نەک موڵکی دوژمن.

هەر بۆ نموونە خۆی جارێکیان بۆی گێڕامەوە کە لە کاتی جەولەکردن لە شۆڕشی گوڵان لە دەڤەری هەریر پێشمەرگەیەک قازیفەی لادەبێت دەگەنە محاویلەیەکی کارەبا ناوبراو قازیفەکە بەرامبەر محاویلەی کارەبا رادەگرێت بە مەبەستی تێک شکانی، پێی دەڵێت کوڕم ئەوە چی دەکەی؟ دەڵێت مام خالید دەمەوێت ئەم محاویلەیە تێک بشکێنم و زیان و زەرەر لە حکومەت بدەم، ئەویش دەڵێت ئەم کارە نەکەی ئەمە موڵکی ئەم خەڵکەیە سوود لە کارەبا وەردەگرێت و زەرەر بەوان دەگات، ناوبراو دەیەوێ هەر ئەنجامی بدات و گوێی پێ نادات دوای ئەوە مام خالید هەڵدەکێشێتە دەمانچەو دەڵێت ئەم کارە بکەیت منیش دەتکوژم، ئینجا ناوبراو لەترسان وازدەهێنێت و هیچ کاتێک بیری لە سامان و موڵکی گەورە و زۆر نەبووە.

هەموو کاتێک دەم بەخەندە و پێکەنین و نوکتە خۆش بووەو هەروەها مەدالیای بارزانی نەمری پێ بەخشراوە. لەبەر ئازایەتی و کوردپەروەری.



خالید ئاژگەیی لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٦١

**"تێبینی"**

**خوێنەری ئازیز من لەکاتی نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانە هەر لە سەرەتای یەکەم ئەڵقەی مەدالیای ئیفتیخاری بابەتەکە چۆن لە زار دێتەدەرەوە باس دەکرێ ئاوای دەنووسمەوە بەبێ ئەوەی یەک وشەشی لێ بگۆڕم یان زیاد و کەمی بکەم، چونکە مانای هەر بابەتێک بەخیانەتێکی گەورەی دەزانم و هەروەها لە دەزگای بەدرخان گەر وشەیەک نەخوێنرێتەوە تا پەیوەندی بەخۆم نەکەن نای نووسنەوە، چونکە ئەوانیش بە ئامانەتی دەزانن.**

**"براتان شێخانی"**

# نابێ کورد بێ هەڵوێست بێ...!!



**پارێزەر: کەمال محێدین**

نزیکەی "٧"مانگە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق تەواو بووەو هەموو گلەیی و گازاندەو ڕەخنەی لایەنە سیاسییە بەشدارەکانی هەڵبژاردن یەکلا کرایەوەو دادگای فیدراڵی بەرزیش ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنەی پەسەند کرد، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە پەرلەمانمان هەیەو نە سەرۆک کۆمار و نە سەرۆک وەزیران، چونکە پەرلەمان بێ سەرۆکەو سەرۆک کۆمار ماوەکەی تەواو بووە، هەروەها سەرۆک وەزیران واتا ئێمە وڵاتێکی بێ ناسنامەو لە دەرەوەی یاساو دەستووریـن، نازانین کاروباری دەوڵەت چۆن بەڕێوە دەچێت و بودجەی ساڵی ٢٠١٠ چۆن و بە بڕیاری کام دەسەڵات سەرف دەکرێت.

کەس لەکەس ناپرسێتەوەو هەموو وەزیر و کاربەدەستەکان وەک ئاغاو کێخوای گوندێک ڕەفتار دەکەن، ڕۆژانە کوشتن و ڕفاندن بەردەوامە، ئاوو کارەباو سووتەمەنی دەست ناکەوێت، بازاڕی وڵات بووە بە زبڵخانەی کۆمپانیاکانی تورکیاو ئێران و چین و سوریا و ئوردن و کەنداوی عەرەبی، برسیەتی و بێکاری و نەخۆشی باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر وڵاتە پڕ لە نەوت و سامانە سروشتییەکان، گیانی نیشتیمانپەروەری ڕۆژانە لە پاشەکشەدایە لە سایەی دەستدرێژی وڵاتانی دراوسێ و سەرمایەدارەکان، لەم قەیرانە تفت و تاڵ و سامناکە لەم شەوە زەنگە پڕ لە نائومێدییە، کە هیچ دوارۆژێکی نزیک چاوەڕوان ناکرێت و دوژمنان واتا جاش و سیخوڕ و پیاوەکانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر خۆیان مەڵاس داوە بۆ دەسەڵات وەرگرتنەوەو تێکشکاندنی ئەزموونە دیموکراسییەکەمان، خوا بەو ڕۆژە ڕەشە نەکات، کە هەموو دڵسۆزانی وڵاتەکەمان نەخرێنە زیندان و ژێر پەتی سێدارە، بێگومان ئەم ڕۆژە ڕەش و زۆر دژوارەمان لەپێشدایە ئەگەر زوو بەزوویی بەخۆماندا نەچینەوەو ڕەش و سپی لێک جیا نەکەینەوەو دۆست و دوژمن دەستنیشان نەکەین و واز لە هەموو دەستکەوتە حزبی و کەسایەتییەکان نەهێنین.

ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی وڵاتەکەمانی گرتۆتەوە، کە ڕەنگە ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر و مەترسیدارتر بێت، زەبرو زەنگی هەرە زۆری دەکەوێتە سەر کوردستان و گەلی کورد، بەڵێ عێراقی عەرەبیش زەبرو زەنگی پێدەکەوێت، بەڵام عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعە ٢٣ بیست و سێ حکومەتی عەرەبیان لە پشتە، ئەمڕۆ بەغدا دەکەوێت پاش ماوەیەک ڕاست دەبێتەوە، بەڵام گوێی شەیتان کەڕبێت ئەگەر هەولێری خۆشەویست و حکومەتەکەمان بکەوێت، ئەوە هەڵسانەوەیان یەکجار دوور و قوڕسە، بۆیە خوێنەری بەڕێز سەرکردە قارەمان و دڵسۆزەکانی گەلی کورد، کاربەدەستانی حکومەتە بەڕێز و تاقانەکەمان، نوێنەرەکانی گەل، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان: دەبێ ئێمەی کورد لەجیاتی جارێک دووجار بیربکەینەوە بۆ چارەکردنی ئەم قەیرانە پڕ مەترسییە، جارێکیان وەک عێراقی و جاری دووەم وەک کوردێک، بەڵام سەد مخابن نوێنەرەکانمان نە وەک عێراقییەکی نیشتیمانپەروەرو نە وەک کوردێکی دڵسۆز و ماران گازی بێکەس و پشت و پەنا بیر دەکەینەوەو بۆ بەربەستکردن و لەناوبردنی ئەم قەیرانە دژوارە، هەمووومان لەپێش چاومانەو ڕۆژانە هەست بە مەترسی گەورەتر دەکەین، بەڵام نوێنەرو لێپرسراوەکانمان نە بایان پێدا هاتووەو نە باران، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵوێستێکی جوامێرانەمان نەدیت لە نوێنەرو کاربەدەستەکانمان، ڕۆژێک کەسێک دەستی لەکار نەکێشایەوە دژی ئەم بارە ئاڵۆز و نالەبارە، لێپرسراوێکی کورد لە بەغدا ئامادە نەبووەو ئامادەش نییە کورسییە نەرم و چەورەکەی بکاتە قوربانی دەستکەوتەکانی کوردستان، ئێمەی کورد تا ئێستا بێ خەم و بێ هەڵوێست و بێ دەسەڵاتین، چونکە ئەگەر چەند لایەنێکی سیاسی لەژێر فشاری بێگانەو دوژمنانی عێراق بیانەوێ ئەم قەیرانە بەردەوام بێت تا ئەو ڕۆژەی دوژمن زەفەرمان پێ دەبات ئەوا نابێ دڵسۆزانی عێراق بەتایبەتیش سەرکردەو نوێنەرانی کورد خزمەتکاری و خۆپەرستی ئەم لایەنە سیاسییانە قبووڵ بکەن یان لێیان بێدەنگ بن،. لام زۆر سەیرو شورەییە ئەگەر نوێنەرێکی کورد لە بەغدا بڵێت:"کورد هێڵی سووری نییە لەسەر هیچ کەسێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق" ئەم چەشنە قسەو هەڵوێستە هی کەسێکە نەک تەنها نابێ عێراقی بێ بە تایبەتیش نابێ کورد بێ، بەڵکو نابێ هی کەسێکی دانیشتووی دوورگەی واق واق بێت، ئەم هەڵوێستە ناشیرینە هی کەسێکی بێ دەسەڵات و خۆ نەناسە، هی کەسێکی بێ خەم و بێ گەل و نیشتیمانە، هی کەسێکی خزمەتکارو هەڵپەرستە لەپێناو هەندێ پلەو پایەو بەرژەوەندی کەسایەتی تەسک.

خوێنەری بەڕێز چۆن دەبێ گەلی کورد هێڵی سووری نەبێت لەسەر ئەو جانەوەرانەی، کە تا ئێستا کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگوێزان و وێرانکردنی کوردستان ریسوا ناکەن، ئەوانەی تا ئەمڕۆ کورد بە عەرەب و کوردستان بە عەرەبستان دەزانن، بۆ نموونە ئەگەر نوێنەرانی کورد هێڵی سووریان لەسەر گروپەکانی ساڵح موتڵەگ و نوجێفی و ئەیاد جەمالەدین و ئیبراهیم جەعفەری و بەعسییەکان نەبێت، واتا نوێنەرانی کورد هێڵی سووریان دەرهێناوە لە پرۆگرامی سیاسی خۆیان، تەنها لەسەر هێڵی سەوز کاردەکەن و هەر کەسێک دەبێتە سەرۆک وەزیران دەبێ پێی بڵێن: بە ریشت قەسەم.

لە هەموو جیهانی سیاسی لە ڕێباز و تاکتیکی هەموو حزبە نیشتیمانپەروەرو دیموکراتەکانی جیهان حزبێک یا میللەتێک نادۆزیتەوە هێڵی سووری نەبێت، هێڵی سوور واتا جیاکردنەوەی چاکەکان لە خراپەکان، جیاکردنەوەی سپی لە ڕەش و شیرین لە تاڵ، واتا کاتێک هێڵی سوور نامێنێ، کە هەموو ڕووداوو دیاردەو هەڵوێستەکان باش بن یا هەموو شتێک سپی بێت یا شیرین بێت یانە خۆ گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە.

دەبێ نوێنەرەکانمان لەناو باشەکان هی باشتر هەڵبژێرن و لەناو خراپەکانیش هی خراپتر زیاتر ریسوا بکەن بە هێڵی سووری قەتمەر، نەبوونی هێڵی سوور لەلایەن کوردەوە نەک دڵسۆزی نییە بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە، بەڵکو تەمەنی درێژتر دەکات و سەنگی کوردیش دەهێنێتە خوارەوە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و عێراق.

ئایا ئەوانەی تا ئێستا فیدراڵییەتیان پێ قەبووڵ ناکرێت بۆ کوردی خاوەن مافی چارەنووس لە فەرهەنگی سیاسییدا بەچ کێشان و پێوەرێک شایستەی ئەوەن ببن بە سەرۆک وەزیرانی داهاتوو لە عێراقی فیدراڵ؟! با خۆمان خەشیم و نەفام نەکەین، ئەوەی تا ئێستا دەستمان کەوتووە با لەدەستی نەدەین، خۆشمان بە سواڵکەر و بێهێز نیشان نەدەین، هەر کەسێ هات و گوتی: من دیموکراتم باوەڕ نەکەین.

با چیتر بە قسەی چەورو نەرم دڵمان خۆش نەکەین، کوا بەڵێنەکانی عەبدولکەریم قاسم و ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولسەلام عارف و سەدام حوسێن، کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی لەندەن و ئەمریکا و پاریس و ئەنقەرەو سوریا وەکو بەفری پار توانەوەو لافاوەکانیان ماڵ و شار و گوندەکانی کوردیان وێرانکرد.

دەبا چیتر بێ هەڵوێست نەبین ئەو ترسەی لە بێ هەڵوێست وەرگرتن بەرەنگارمان دەبێت، گەلێک گەورەتر و نزیکتر و تەماع درێژترە لەو ترسەی، کە ڕەنگە لە هەڵوێست وەرگرتن تووشمان ببێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێک ئەم ترسە بچووکترو دوورترو تەمەن کورت دەبێت، چونکە ئەوکاتە هێزی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ دەبێت، دووبارە سەرکەوتنمان نزیک دەبێتەوەو دوژمن و نەیارەکانمان سەرشۆڕ دەکەین و هەموو دەستکەوتەکانمان فراوانتر و چەسپاوتر دەبێت.

دەبا جەنابی بەڕێز مام جەلال و فراکسیۆنی کوردستانی و کاربەدەستانی کورد لە بەغدا جارێکی دیکە بێنەوە مەیدان و دلێرانە گەورەیی و دڵسۆزی خۆیان بۆ عێراقی دیموکرات و فیداڵ بۆ کوردستانی بێکەس و دوژمن زۆر دووبارە بکەنەوەو بەیەک دەنگ لە دانیشتنێکی ڕۆژنامەوانی داوا بکەن لە لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن و لە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتە زلهێزەکان کۆتایی بەم قەیرانە بێنن و چیتر وڵاتەکەمان نەکەن بەقوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆئەوەی بتوانین حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینەو فیدراڵیزم دروست بکەین بە سەرۆکایەتی سیاسەتمەدارێکی عێراقی ڕەسەن، کە دەست و دەم و دەروون پاک بێت و باوەڕی تەواوی بە دیموکراتییەت و فیدراڵییەتی کوردستان هەبێت، دەبێ کیمیاباران و ئەنفال و کاولکردن و تەعریبی کوردستان ریسوا بکات، خۆ ئەگەر لەماوەی یەک مانگ لە بەرواری ٢٠١٠/١١/١ تا ٢٠١٠/١٢/١ کۆتاییان نەهێنا بەم قەیرانەو حکومەتی هاوبەش و فراوان لەلایەن نیشتیمانپەروەرەکان دروست نەکرا ئەوا دەبێ هەڵوێستی کورد دەست کێشانەوە بێت لە سەرۆکایەتی کۆمار و ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزارەتەکان، با تاوانی ئەو ڕۆژە ڕەشەمان نەکەوێتە سەرشان، کە ڕۆژ بەڕۆژ لێمان نزیک دەبێتەوەو دەستکەوتەکانمان پووچەڵ دەکەنەوەو ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەر بە بێگانە لە وڵاتەکەمان دروست دەکەن، کوردستان دەکەوێتە ژێر زەبرو زەنگی دوژمنە دڵڕەش و دڵڕەقەکان، بۆیە هەمیشە هەڵوێست وەرگرتن باشتر و سوودبەخشترە لە بێدەنگی و هەڵوێست وەرنەگرتن، هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر بەیەک دەنگ داوا دەکەن، کە نوێنەرەکانمان چیتر لە بەغدا بێدەنگ نەبن و خاوەن هەڵوێست بن، چونکە هەموومان دەزانین کە تائێستا عێراق لەژێر بەندی"٧"ی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانە بەپێی ئەم بەندە ئێمە واتا عێراق بە کوردستانەوە لەژێر چەتر و دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئێمە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمریکاین، بۆیە هیچ بەدووری نابینم لەماوەی ئەو مانگەی دادێت ئەمریکاییەکان بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان حاکمێکی ئەمریکی یا ئەفسەرێکی عێراقی بەسەرماندا بسەپێنێ و حکومەتێکی کاتی لە عێراق دروست بکات بە ڕاوێژکردن لەگەڵ تورکیاو ئێران و سوریا و سعودیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، کە هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندی ئێمە ناگونجێت، بۆیە دەبێ لەئێستاوە بە ژیرانەو دووربینانە هەڵوێست وەربگرین بۆ هەر ڕووداوو ئەگەرێک، ئەگینا بەڕەکە لەژێر پێمان دەردێنن و پەشیمانبوونەوەو تاوانبارکردنی فڵان و فیسار دادمان نادات، تەنها خۆمان تاوانبارین، بە تایبەتیش کە تا ئێستا خۆمان ئامادە نەکردووە بۆ ڕۆژی ڕەش و لێقەومان بە تایبەتی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پاکڕاگرتنی ڕیزەکانمان لە مەترسی جاش و جاسووس و بەعسی و تیرۆریستەکان، بۆیە دەبێ پێش ڕووداوەکان ئامادەو دەستبەکارو خاوەن هەڵوێست بین نەک بێدەنگ دەست لە ئەژنۆ بوەستین، با خوێنی شەهید و ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانی کوردستان لەبیر نەکەین.

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی "٢٠٠٥" لە عێراقدا "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"




**پشکۆ عەلی ساڵح**

pshko ali@yahoo.com


پێش ئەوەی کێشەکانی عێراق بەهۆی ئەم بڕیارانە قووڵتر بێتەوە، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێکهێنانی (مجلس الحكم إنتقالي)، لە (تەمووزی ٢٠٠٣)، کە تێیدا هەموو پێکهاتەکانی عێراق نوێنەریان هەبوو. لێرەشدا ئەوانەی نوێنەرایەتی سوونەیان کرد، وەک (غازی عەجیل یاوەر) و (عەدنان پاچەچی)، پێشتر لە تاراوگە ژیابوون و خاوەنی بنکەی جەماوەری بەهێز نەبوون. بەمەش ئەمریکییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پەرەپێدانی تائیفییەتی نوێ لە عێراق. لەسەر بنەمای ئینتیمای تائیفی سەیری پێکهاتەکانی عێراقیان دەکرد .

شەشەم : ڕەنگدانەوەی ململانێکە لە هەڵبژاردنی کانونی یەکەم، ٢٠٠٥ :

ساڵی (٢٠٠٥) ئایین، هەژموونی سیاسەتی کرد و وتووێژی سیاسی تێپەڕاند . بووە هۆی ڕوودانی چەندین ڕووداوی توندوتیژی و پاکتاوی تائیفی، پارتە ئایینییەکانی خاوەن بەرنامەی تائیفی ڕۆڵیان زیادی کرد، گۆڕاوەکانی (بدیل) تر، پەراوێزخران. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٠٠٥/١٢/١٥) هەژموونی سیاسی ئایین و ڕەگەزی دووپاتکردەوە، کە (سێ) لایەنی سەرەکین:

١- پارتە کوردییەکان خۆیان سوننەن و عەلمانین، بەڵام بەرنامەکانیان پشت بەبنەمای نەتەوەیی دەبەستێ. ٢- لەلایەنی شیعەش هاوپەیمانیەتی (المجلس الاعلى للثورة الاسلامية فى العراق)ی (حزب الدعوه)و (حركه الصدر) .

٣-لەلایەنی سوننەش (جبهة التوافق الوطني)، کە کۆبوونەوەی (سێ) پارتی ئیسلامییە، بەڵام کوتلەی عێراقی عەلمانی، کەدژی زیادبوونی ڕۆڵی ئایینن، لیستی (ئەیاد عەلاوی) بەناوی (القائمة العراقية الوطنية) نوێنەرایەتی دەکردن و لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامیان خراپ بوو، چونکە تەنها (٢٥) کورسیان بەدەست هێنا . بەم ئەنجامەش ناتوانن لە پەرلەمان وەکو ئۆپۆزیسیۆنی چالاکیش کار بکەن . هەرچەندە (اية الله السيستاني) و زانایانی ئایینی شیعە، ڕۆڵێکی بەرچاویان نەبوو، بۆ ئەوەی داوا لە هاووڵاتیانی شیعە بکەن بۆ ئەوەی دانبەخۆیاندا بگرن ئەوکاتانەی، کە هێرش دەکرایە سەریان، بەڵام ڕۆڵیان لە ئاڕاستەکردنی هەڵبژاردنەکان بەهێز بوو . هەرچەندە (سیستانی) لە ئەدای سیاسەتمەدارە شیعەکان لە دەسەڵات ڕازی نەبوو. پێشتریش لێدوانی دابوو، کە لایەنگری هیچ لیستێک ناکات و لە دەرەوەی ململانێی سیاسی دەبێت، هەربۆیەش پشتگیری لیستێکی دیاریکراوی نەکرد، بەڵام بێلایەن نەبوو، شیعەکانی ڕاسپارد کە دەنگی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی دەنگ بە (الاتلاف العراقي الموحد) بدەن . هەر بەم شێوەیش کاریان کرد، تەنانەت عەلمانییە شیعەکانیش دەنگیان پێدا . (موقتەدا سەدر)یش داوای لە لایەنگرانی کرد، کە ڕێنماییەکانی مەرجەعی باڵا سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان جێبەجێ بکەن . هەروەها زۆرینەی زانا ئایینیە ناودارەکان پشتگیری لیستی (الاتلاف العراقي الموحد)یان کرد، وەک (مشير النجفي، محمد سيد الحكيم، محمد تقي المدرسي، صادق الشيرازي، كاظم الحائري، محمد اليعقوبي)، جگە لە (جواد الخالصي) سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکرد و پشتگیری ئەم لیستەی نەکرد . لە ئەنجامدا (الاتلاف العراقي الموحد )، (١٢٨) کورسیان بەدەستهێنا.

لە بەرامبەردا زانایانی ئایینی سوننەش، لایەنگرانیان بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن هاندا و ئەنجامی باشیان هەبوو . لە بارەیەوە (ئەحمەد غەفور ئەلسامەڕائی) (رئيس ديوان الوقف السنى)، ڕایگەیاند "بەشداریکردن لە هەڵبژاردن ئەرکێکی شەرعییە، ئەوەی جێبەجێی نەکات، گوناهبارە" . بەهەمان شێوە زانایانی ئایینی سوننە لە وتاری نوێژی هەینی (٩ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٥)، واتە (٦) ڕۆژ پێش وادەی هەڵبژاردن دوپاتیان کردەوە، کە بەشداریکردن ئەرکێکی ئایینیە، بۆیە زۆرینەی سوننەکان کە بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی (کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) نەکردبوو، یان ئەو کاتە دەنگیان بە لیستی (ئەیاد عەلاوی)دابوو . لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٠٠٥/١٢/١٥)، دیارکرا و دەنگ بە یەکێک لە لیستە سەرەکییەکانی عەرەبی سوننەدا، کە بریتی بوون لە (جبهة التوافق الوطنية) کە خاوەنی بنکەیەکی ئایینی بوو، بەسەرۆکایەتی (عەدنان ئەلدلێمی) و (تاریق ئەلهاشمی)، کە (٤٤) کورسیان بەدەستهێنا، (الجبهه العراقيه للحوار وطني) بە سەرکردایەتی (صالح موتلەگ)، کە (١١) کورسیان بەدەست هێنا . سەرکردە سوننە عەرەبەکان بەڵێنیان بە یاخیبووەکان دابوو، ئەگەر گرووپەکانیان بەشداری هەڵبژاردن بکەن، زۆرینەی ڕەها بەدەستدێنن، بەو پێیەی سوننە خۆیان بە زۆرینە دەزانن، بەڵام پێشبینییەکەیان ڕاست دەرنەچوو . ئەمەش وای لە (عەدنان دلێمی) کرد بڵێ "ئێستا چی بە بەرگریکاران ڕابگەیەنم، چۆن بەڵێنەکانم جێبەجێ بکەم؟"، کە ئەگەر لەو کاتەدا گرووپە چەکدارە یاخیبووەکان، هێرشەکانیان بۆ سەر بنکەکانی دەنگدان ڕاگرت، تەنانەت پارێزگاریشیان لێ دەکردن . بەگشتی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، لایەنگرتن (ئینتیما) پاڵنەری بەشداریکردن بوو، بۆیە هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ئایینی و ڕەگەزی دەنگیاندا . سەبارەت بە کوردو تورکمانە سوننەکان، لەسەر بنەمای ڕەگەزی دەنگیاندا . تورکمانە سوننەکان دەنگیان بە (الجبهه التركمانيه العراقيه)داو (١) کورسیان بەدەست هێنا، بەڵام زۆرینەی تورکمانە شیعەکان دەنگیان خستە پاڵ لیستە شیعەکان . هەروەها کوردە شیعەکان، کە بە (کوردی فەیلی) ناسراون و گەورەترین ستەمیان لێکرا لە ژێر ناوی (تەبەعیەی ئێرانی) و بە بڕیاری (مجلس قيادە الثورة)ی ڕژێمی بەعس، ژمارە (٦٦٦)، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٥/٧، کە تایبەت بوو بە وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە کوردە فەیلییەکان و دوورخستنەوەیان لە عێراق و دەست بەسەرداگرتنی هەموو سامان و موڵکەکانیان . تەنانەت دەستیان خستە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هاندانی هاووڵاتیان بۆ جیابوونەوە لە خێزانەکانیان. زۆرینەیان دەنگیان بە لیستی (التلاف العراقي الموحد) دا.

**بەشی یانزدەهەم**

# فەرید ئەسەسەرد: ئەم ئەتڵەسە پشتیوانە بۆ تاوتوێکردنی مێژوو لە ڕوانگەی نەخشەوە

**ئامادەکردنی: حەمید بەدرخان**

پاش ماندووبوون و هەوڵێکی زۆری نووسەر و بیرمەند"فەرید ئەسەسەرد"کە ئەندامی سەرکردایەتی"ی.ن.ک" و لێپرسراوی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی.ن.ک)ە و هەروەها بەڕێوەبەری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان"ە، لەبواری ڕاگەیاندن و کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەکتیڤی هەیە، ئەو ساڵانێک لەشاخ و لە پاشانیش لە ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، شەرارە، کوردستانی نوێ بە بەردەوامی نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان کتێب و بەتایبەتی وەرگێڕانی چەند کتێبێک.

بەدرخان بەباشی زانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە ناوازەی کە بۆ یەکەمین جارە ئەتڵەسێکی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ بە شێوەی کۆمێنت و نەخشە کە باس لە جوگرافیای سیاسی کوردستان دەکات.

بەدرخان پرسیاری لە ئەسەسەرد کرد و ئاخۆ لەو هەوڵەیدا دەیەوێت چ بە خوێنەرانی کورد بڵێت؟

ئەسەسەرد بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکەی هەفتەنامەی بەدرخانی دایەوە.

- ئەمە مێژووی سیاسی نێوان "١٩١٤و ٢٠٠٥"ە، کە لە ڕێگای ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان نەخشەی بۆ کێشراوە، ئەم کارە ناوازە کە لەلایەن هەردوو ئامادەکار"سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان و وشیار خۆشناو"ەوە، کاری ئامادەکردن و دیزاینی بۆ کراوە، لە چاپێکی ڕەنگاوڕەنگی پرۆفیشناڵ کە لە ١٨٠ لاپەڕە پێکهاتووەو چاپی یەکەمی بە تیراژی ١٥٠٠ دانە لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، لە وڵاتی چین چاپکراوە.

هەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم کارەی فەرید ئەسەسەرد گوتی: ئەم کارە جگە لەوەی یەکەمین جارە شتی وا ئامادە دەکرێ و چاپدەکرێ، هەڵبەتە لەنێو میللەتاندا کاری وا ئەنجامدەدرێ، بەڵام ئەو بەرهەمە هەوڵ و ماندووبوونی بەردەوامی شەوانەو ڕۆژانمە، بۆیە هەروەکو لە پێشەکییەکەدا هاتووە: کە باسم لەو پرۆژەیە کردووەو بەباشی دەزانم هەفتەنامەی بەدرخان وەک پێشەنگێک بۆ یەکەمینجار بڵاوی بکاتەوە.

"ئەو ئەتڵەسەی لەبەر دەستدایە، تایبەتە بە تاوتوێ کردنی مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان ١٩١٤ و ٢٠٠٥دا. وەک زانراوە، ئەتڵەس زانیاری بەشێوەی وێنەی جوگرافی سەبارەت بە زەوی پێشکەش دەکا، بەڵام ئەتڵەسی سیاسی تەنها زانیاری بەشێوەی وێنەی جوگرافی پێشکەش ناکا، بەڵکو بەشێوەی وێنەی جوگرافی گوزارشت لە ڕووداوە سیاسییەکان دەکاو بەم پێودانگە ئەم چەشنە ئەتڵەسە تا ئەندازەیەکی زۆر دوورایییەکی جوگرافی بە مێژووی سیاسی دەبەخشێ، ئەگەر بمانەوێ مەسەلەکە بەشێوەیەکی وردتر دەربڕین، ئەم ئەتڵەسە مێژوو و سیاسەت و جوگرافیا تێکهەڵکێشی یەکتر دەکاو بە پاڵپشتی جوگرافیا وێنایەک سەبارەت بە مێژووی سیاسی گەڵاڵە دەکا.

تاوتوێکردنی مێژوو بەبێ بینینی ڕەوشەکە لەهەموو لایەکەوە، بەوجۆرەی کە پێویستە، ورد دەرناچێ. بەم پێیە، ئەم ئەتڵەسە پشتیوانە بۆ تاوتوێکردنی مێژوو لەڕوانگەی نەخشەوە کە ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئەو سەرەنجامە دەگات کە لەم ئەتڵەسەدا نەخشە جێی وشە دەگرێتەوەو ئەمە دەبێتە مایەی قوڵکردنی ڕەوشی پەیبردن بە ڕووداوی مێژوویی، لەم نۆڕینەوە، ئەم ئەتڵەسە دەرفەتێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی وردتر دەستەبەر دەکا، چونکە دەشێ یەک وشە گوزارشت لە چەند مانایەک بکا، لەکاتێکدا یەک نەخشە هەر ئەوەندەی لەدەست دێ کە گوزارشت لە تەنها یەک مانا بکا.

گۆڕینی وشە بە نەخشە لە ئەتڵەسی سیاسیدا گوزارشتێکی چڕە لە پێشکەشکردنی بڕێکی زۆری زانیاری لە کەمترین پانتاییدا. ئەم چڕکردنەوەیەی زانیاری بەو چەشنەی کە لە ئەتڵەسی سیاسیدا دەبینرێ، لێی رادەبینرێ چێژێکی تایبەت بە تاوتوێکردنی مێژوو ببەخشێ.

هەر نەخشەیەک لەم ئەتڵەسەدا ڕاڤەیەکی پێویستی لەگەڵدایە. بەڵام لێرە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەندێ لە بابەتەکان پێویستیان بە وردەکاری هەبوو بۆ ئەوەی خوێنەر ڕەوشە گشتییەکەی ڕوونتر بێتەوە بەرچاو. ئەمەش وایکرد چەند لاپەڕەیەک بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی نەخشەکان یان بۆ بانگەشەکردن بۆ تێڕوانینێکی دیاریکراو تەرخان بکرێ، کە دەشێ بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە مێژوو یان بینینی بەسەرهاتێکی دیاریکراو لە گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە، سوودی لێ بکەوێتەوە.

لەو سۆنگەیەشەوە کە ئەم ئەتڵەسە تایبەت بە تاوتوێکردنی مێژووی سیاسی ٩١ساڵی ماوەی نێوان ١٩١٤و ٢٠٠٥ە، بەپێی قۆناغە مێژووییەکان پشتی بە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەستووەو لەناواخندا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە. هەرچی پەیوەندی بە بۆچوونەکانی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٥ی تایبەت بە تاوتوێکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵەوە هەیە، ئەوا بە تەواوی پشت بە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنەکە بەستراو پانتاییەکی گونجاو بۆ بۆچوونەکانی ناو ڕاپۆرتەکە تەرخانکرا، تاکە سەرچاوە لەم ئەتڵەسەدا لەناواخندا ئاماژەی پێ نەکراوە، کتێبەکەی بەڕێز نەوزادی موهەندیسە کە ساڵی ٢٠٠٨ لە سلێمانی چاپکراوەو کرۆکەکەی کرۆنۆلۆژیایەکی مێژوویی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ٢٠٠٨ە، ئەگەرچی لەزۆر شوێنی ئەم ئەتڵەسەدا سوود لەم کتێبە وەرگیراوە، بەڵام لەبەرئەوەی زانیارییە وەرگیراوەکان لەناو نەخشەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە نەک لە دوو توێی نووسینەکاندا، نەتوانرا ئاماژەیان پێبدرێ، ئەمە بە ئەندازەیەکی کەمتر کتێبەکەی "د. عەلی تەتەر نێروەییش" دەگرێتەوە کە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی سیاسی هەرێم لەماوەی نێوان ١٩٨٠-١٩٨٨ تەرخانکراوە، بەڵام چانسی ئەم کتێبە لە ئاماژەپێکردن زۆرترە، زانیارییەکانی ناو ئەم دوو کتێبە زۆرتر لە نەخشەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

سەربار، ئەم ئەتڵەسە لە هەندێ ڕووەوە پشت ئەستوورە بە زانیاری کەسانێک کە لە ڕووداوەکاندا بەشداربوون یاخود زانیاری وردیان سەبارەت بە هەندێ بابەت هەبووە، نووسەر خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە بەرهەمێکی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە کە یەکەمجارە پێشکەش دەکرێ، بەهیوای سوود لێ وەرگرتن".

**لە کۆتاییدا بەناوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و هەفتەنامەی بەدرخانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە بیرمەندی کورد"فەرید ئەسەسەرد" دەکەین، بەهیوایین بەرهەمی داهاتووی یەکێ بێ لە بەرهەمە ناوازەکانی کتێبخانەی کوردی.**



**فەرید سابیر قادر (فەرید ئەسەسەرد)**

**لەدایکبووی: ١٩٥٦/ هەولێر**

**خوێندن: بەکالۆریۆس لە بەشی دەروونناسی-کۆلیژی ئاداب- بەغداد/ ١٩٧٨**

**چاپکراوەکانی:**

**_ گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا، ١٩٨٦.**

**_ شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا، ١٩٨٧.**

**_ لینین، دوو تاکتیکی سۆشیال دیموکراسی، وەرگێڕان، ١٩٨٧.**

**_ کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، ١٩٩٨.**

**_ کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ١، سلێمانی ١٩٩٨، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٠.**

**- صفحات من تاريخ اذاعة شعب كردستان، بڵاوکراوەکانی بیرو هوشیاری، ٢٠٠٢. بە ناوی خوازراو"ئامانج کاکەسوور".**

**_ گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوبەش لەگەڵ د. ئومێد نوری حەمەئەمین، بەشی یەکەم، ٢٠٠٣.**

**_ گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هاوبەش لەگەڵ د. ئومێد نوری حەمەئەمین، بەشی دووەم، ٢٠٠٣.**

**_ المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى سليمانيه ٢٠٠٤، الطبعة الثانية مكتبه مدبولی ٢٠٠٦.**

**_ اصول العقائد البارزانية، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٤.**

**_ اتجاهات السياسية الكرديه بعد الحرب العالمية الثانية بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٨.**

**- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، هاوبەش"د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، د. ئومێد ئیبراهیم جۆزەلی، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان،" لە بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان، ٢٠٠٩، لوبنان، "١٠"بەرگ.**

**- ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان ١٩١٤ و ٢٠٠٥دا. لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ٢٠١٠، چین.**




---



## رەهەندە گەپەکانی ئاوارەییم

**پێشڕەوی سەید برایمی**

### دەستپێک

کە لە زانکۆ بووم حەزێکی گەورەم هەبوو، خوێندنی باڵا تەواو بکەم، بەڵام لەهەندەران، کەچی لە سایەی ڕژێمی پێشوو ئەوە خەون بوو. تا ساڵی ٢٠٠٤ من شەهادەی زانکۆم وەرنەگرتبوو. ئەو ساتانە تەنها بیرۆکەی هەندەران، کە لەمێشکم دەخولایەوە بە هۆی خوێندنەوە بوو. سەربازیم تەواو کردوو یەکسەر لە بەهاری ١٩٧٩بووم بە پێشمەرگە. پێشمەرگایەتی و بارودۆخەکەی هەندەرانی بە شێوەیەک لە بیر بردەمەوە، کە نەک هەر بیری لێ نەکەمەوە، بەلکو دژی ئەوانەش ڕاوەستم و بنووسم، کە بەسەر ئێمە دا دەهاتن، هەندێکیان بێ ئەوەی سڵاویشمان لێبکەن، لاچەپانە بە لاماندا ڕەت دەبوون کلک بۆ هەندەران. چەند ووتارێکی پڕ حەماسەت و شۆڕشگێڕیم نووسی دژی ئەوانە، کەچی نەمدەزانی خۆم دەبێ بێ ویست و ئارەزووی خۆم ملی دەرەوە بگرم و لایەکی ئەو ڕەخنانە بەر خۆم بکەوێ ( ئەدی نالێن تا سەر بمێنێ وانێک عەجبایەتی بەخۆیەوە دەبینێ!). حکایەتەکە زۆر ئاڵۆز نییە. سەرەیشتان نایەشێنم بەکورتییەکەی دەبێژم: کە بووم بە پێشمەرگە خۆشەویستەکەم لەشار بەجێ هێشت. لە ڕاستیشدا، کە بووم بە پێشمەرگە خۆشەویستیشم بە لاوە نا، دیارە خوا موبارەکی بکا کوردایەتی لە هەناومدا سەرشێتانە دەگەڕا، بەهەر حاڵ دوای ١٤ساڵ لە خۆشەویستی دەبوایە بڕیار بدەم و ئەو مەسەلەیە یەک لا بکەمەوە. لە گفتوگۆی یەکێتی لەگەڵ میری ١٩٨٤ ئەو بوارە ڕەخسا ئەلقەی دەسگیرانیمان لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا بگۆڕینەوە. لە ١٩٨٥ کاتێ گفتوگۆ لە بەختی ئێمە نەما دیسان لێک دوور کەوتینەوە، بەڵام پێوەدیمان هەبوو. تەگبیرمان دەکرد چی بکەین. هەرچی دەسگیرانەکەم بوو ڕازی بوو لە پێشمەرگایەتی گەڵمدا بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تاقانەی دایک و باوکی بوو، باوکی بە هیچ شێوەیەک بەم چارەسەرە ڕازی نەبوو، ناحەقیشی نەبوو، چونکە ئەو کاتە دوای تێکچوونی گفتوگۆ شەڕی ئێمەو حکومەت زۆر دژوار بوو، ڕۆژ بەڕۆژیش پەرەی دەسەند تا گەیشتە کیمیا و ئەنفالەکان. باوکی لەم بارودۆخە دژوارەدا دڵی نەدەهات کچە تاقانەکەی بەرێی بکا بۆ چارەنووسێکی نادیار. دەیگوت: یا تەسلیم بێتەوە، یا بچێ بۆ هەندەران. دیارە تەسلیم بوونەوە ( لا یجوز) بوو، ئەگەر مەسەلەی ( لا یجوز)ی مەلایەکەتان بیستووە، ئەوە باشە دەنا لە کتێبەکەی بەهەشتی سوجادی ( ڕشتەی مراواری) دەیدۆزنەوەو حاڵی دەبن. بۆیە بیرۆکەی چوونە دەرەوە بە ناچاری خۆی سەپاند. دوای ئەوەی سەرکردایەتی ماڵیان ئاوەدان بێ لە وەزعەکە گەیشتن موافەقەتیان بۆ کردم بۆ دەرەوە. تەحەمولتان هەبێ هێشتا بڕێک لە کێشەکە ماوە. باوکم تازە لە زیندانی فیرقەی چوار بەر ببوو دوای ئەوەی ڕابەری برام چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردبوو لە چنارۆکی کۆیە. یەکسەر باوکمیان گرت، کە بەر بوو لە ترسی گرتن هاتە لام لە کوێستانەکەی هەڵەدن ( کانی زیۆکە) ماوەیەک لام بوو. بەم مەسەلەی زانی، ئاگاداری کردم، کە حەز ناکا کوردستان و پێشمەرگایەتی بەجێ بهێڵم لەبەر خاتری ژنهێنان. باوکی خەڵکیش بە هەموو جۆرێک هانی ڕۆڵەکانیان دەدا بۆ ئەوەی پێشمەرگایەتی نەکەن، کەچی سەید برایم لە وەزعە سەختەدا ڕێگر بوو. ئەدی تەگبیر؟!. ناچار بووم بۆی ڕوون بکەمەوە، زۆرم هەوڵ دا کەلکی نەبوو دوای گوتم تا هەڤاڵ مام جەلالیش لای پەسندە. بۆم ڕێکەوت هەڤاڵ مام جەلال داوای دیتنی من و باوکمی کرد، کاک شێردل حەوێزیش لەوێ بوو. دوای چاک چۆنی، یەکسەر باوکم بەمام جەلالی گوت: ئەوە برادەرە ( دەستی بۆمن درێژ کرد) دەڵێ گوایە تۆ موافیقی بچێتە دەرەوەو تۆ ڕێگات داوە، من ڕازی نیم، گەر تۆ ڕازی بیت، ئەوە چار نییە. دوای ئەوەی مام بەسەر شانی باڵی باوکم و من ڕابەری برام داهات، گوتی: ماندوو بووە لێرە، دەمێکە پێشمەرگەیە ( ئەو کاتە هاوینی ١٩٨٦ بوو). لە دەرەوە کارمان پێەتی. ئۆخەی ئۆخەی! باوکیشم ڕازی بوو. هەردووکمان ( خۆم دەسگیرانم) بەناو ئاگرو ئاسندا بەجیا هاتین و بە هەزار حاڵ سنوری بەرەکانی شەڕمان بڕی، کە ئەو کاتە هەم بەرەی شەڕی عێراق گەرم بوو، هەم بەرەی شەڕی یەکێتی دژی بەعس لەوپەڕی دابوو، بە شێوەیەک داروبەردی سەرکردایەتی یەکێتی و سنورەکان بە جاش و سەرباز گەمارۆ درا بوون. لە شێنێ تاکە گوندی نەگوێزراوی کوردستان، کە لەژێر دەستی یەکێتی بوو بەیەک گەیشتینەوە ایکم و خوشکێکمی لەگەڵدا بوو. تومەز بەناو جاش و بەسەر چیاو دۆڵی پڕ لە بەفردا ڕۆیشتبوون، ئەوەندە هیلاک و بێسەربەربوون، بە جۆرێک هاتبوون وەک ژنانی گوندەکان بوون تا نەناسرێنەوە، بەتایبەتی دەسگیرانەکەم لەچەکێکی گوڵگوڵی لەسەر نرا بوو لەگەڵ شەرواڵێکی پیاوانی چڵکن، کە هی بێریەکان بوو، چەندین پەڵە قورو ماست و پەنیری بەسەردا ڕژا بوو، لەگەڵ پێڵاوێکی لاستیق، سەرو قژی تێک ئاڵۆز، کە دیتم خەریک نەیناسمەوەو پەشیمان ببمەوە لە دڵی خۆم دەمگوت: ئەوەیە من دەیهێنم! دوای ساڵێک پێکەوە لە پێشمەرگایەتی لە گوێزێ و دۆڵەکۆک ڤیزەی ئەلمانیای ڕۆژهەڵاتمان وەرگرت و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ هاتینە بەرلینی ڕۆژهەڵات. دوای دوو ڕۆژیش بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا. جا لێرەوە گاڵتەو گەپەمەنییەکانی ئاوارەییم دەست پێدەکا.

دیارە پێشتریش وەک حەزو ئارەزووی خۆم لایەنێکی ژیان و گوزەرانم بریتیە لە قسەی خۆش و نوکتەو بایەخدان بە لایەنە پێکەنیناویەکان، نەک هەموو دەمێ جدیەت. وا بزانم ژیانیش هەر دەبێ وابێ، نە ژیان هەر بە گاڵتەو گەپ بەسەردەچێ و دەڕوا، نە هەر بە جدیات و ئاڵۆزی سەر دەگرێ، بە پێچەوانەوەگەر تێکی نەدا. زۆر بە دڵنیاییەوە دەبێژم ئەو جۆرە بابەتانە، هەرچەند گاڵتەو پێکەنین لە خۆ دەگرێ، بەڵام دەتواندرێ چەند ڕاستیەک و چەند سەرەداوێکی مێژووی لا هەڵبهێنجرێ، وەک دەڵێن هەموو گاڵتەیەک ڕاستییەکی تێدایە. من لەو ١٠٢ ئەلقەی بە ناوی ( ڕەهەندە گەپەکانی پێشمەرگایەتیم) لە ئاسۆدا هەفتانە پێش سێ ساڵ بڵاوکردەوە دەنگ و سەدایەکی باشی هەبوو، خۆشبەختانە کەسیش نەبوو دڵی برەنجێ لە گێڕانەوەی، هەرچەند هەندێ کەس تێبینی و سەرنجیان هەبوو، کە بە خۆشحاڵییەوە لێم وەرم گرتن.

جا ئەوجارە لە ( بەدرخان)ەوە ڕەهەندە گەپەکانی ئاوارەییم دەست پێدەکا بەو هیوایەی بتوانم دڵی خوێنەران لە هەر ژمارەیەکی نوێی ( بەدرخان) ی خۆشەویستدا شاد کەم بە قسەی خۆش و پێکەنیناوی. زۆربەی زۆری ئەو نوکتانە بەڕاستی لە گوزەرانی ئاوارەیی ونامۆییدا ڕوویان داوە. هەندێکیان، یان زۆربەیان خۆم ئاگادارم لێیان، ئەوەکەی دی لە دانیشتنی بەزم و خواردنەوە بۆیان گێڕاومەتەوە.

لەوانەیە نەکرێ هەموو جارێک ناوی تەواو هەندێکیان بهێنم، چونکە پێیان خۆش نییە، بۆیە ئاماژە بە ناوێک، یان چەند پیتێکی ناوەکانیان دەکەم.

سەیرەکە لەوەدایە، هەر دوای ڕۆژێک بە گەیشتنمان بۆ بەرلینی ڕۆژهەڵات، چاوەڕێی برادەرێکمان دەکرد بمان پەڕێنێتەوە بۆ بەرلینی ڕۆژئاوا نوکتە دەستی پێکرد. چاوەڕوانی ئەلقەی داهاتوو بن.

# ئەحمەد ئیحسان رەشاد موفتی: ئیمپراتۆریەتی نەوت ئیمپرراتۆریەتێکی بێهێزەو بەردەوام ترسی رووخانی هەیە

ئا: حەمید ئەبوبەکر

*** باست لەوە کرد کە " لە مەکسیک نەوتڕژان روویدا، پێتوایە ئەمە کۆتایی نەوتە لە مەکسیک و ئەمریکا یان لە تەواوی دنیا؟**

- ئەوە سەرەتای کۆتایی پیشەسازی نەوتە لە جیهان.

*** چۆن؟**

- تا ئێستا لۆبیستەکانی نەوت لە کۆنگرێس زۆر زیرەک و بە توانا بوونە، کۆمپانیا هەیە تەنها داهاتەکەی دەگاتە ١٠٠ ملیار دۆلار، ئەوانە نفوسیان زۆرە لە مەیدانی سیاسی ئەمریکا، لە ئەمریکا خەڵک زۆر هەوڵدەدا تاقەی بەدڵی خۆی بەرهەم بێنێ، بەڵام ئەوانە بوونەتە کۆسپێک ناهێڵن، تا سیاسەتمەدارەکانی ئەوێ بتوانن ئەو بڕیارە بدەن و وەبەرهێنان بکەن بۆ وزەی بەدیل، وزەی بەدیل چییە؟ ئەگەر وقودی حەیەوی یان وزەی خۆر تاد... بیانوویان چ بووە تا ئێستا؟ بیانووەکەیان ئەوەبووە کە گوتوویانە وزە بەدیل گرانە، ئەو زەرەرەی ئێستا لە روانگەی ژینگەوە لێیداوە، سەدان جارە لەوەی ئەگەر ئەمریکا لە وزەی دیکە سوودی وەرگرتبا، دوایی ئەمریکا خۆی ١٠٠٪ ئیعتیماد دەکاتە سەر نەوتی عەرەب، ئەوەش یەکێکە لەو خاڵانەی دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەی سیاسی خۆی، دەنگێکی زۆر بەهێز هەیە لەسەر ئەمریکا دەیەوێ خۆی رزگارکا لە ئالوودەبوون بە نەوت و ئۆباماش زۆر پشتگیری دەکا.

*** بەدیلی ئەو وزەیە چییە؟**

- وزەی بەدیل هەیە پێی دەڵێن وزەی زیندوو، وزەی خۆرە، لە قەوزە، ئێستا گەورەترین کۆمپانیای مۆبایل هەیە ٥ ملیار دۆلار سوودی وەرگرتووە تەنها لە سوودی وزەی قەوزە، سەرەتایە، ناڵێم ئەوە ئێستا دەتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ نەوت و غاز بکا، بەڵام سەرەتای گۆڕانە، هەروەها وزەی کارەبایی، ئێستا ئۆتۆمبێلی کارەبایی لەزیادبووندایە، کۆمپانیایەک هەیە ناوی تێسلایە، لە جیهاندا یەکەمە لە وزەی کارەبایی، ئەو رووداوەی لە مەکسیک رووداوێکە کەس ناتوانێ بڵێ ئەوەندە تەکلیفی کردووە، لەوەدا تەحەدا دەکەم.

*** هۆکاری روودانی ئەو کارەساتە چییە؟**

- کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، یەکێکیان بۆ نەبوونی کات دەگەڕێتەوە، دووەم داواکاری زۆر لەسەر نەوت، وایکردووە ئەوانە بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێ بەرهەمی خۆیان زیاد بکەن لەژێر دەریا، خۆی پیشەسازی دەرهێنانی نەوت لەژێر دەریا لەپاش ساڵی ١٩٧٠ سەری هەڵدا، ئەوکاتەی ئەزمەی ئۆپیک روویدا، عەرەب لە ساڵی ١٩٧٢ کۆمەڵەی ئۆپێک و ئەوانە نەوتیان لە رۆژئاوا بڕی، ئەگەرچی ئەوان ئەواپیکیان دانا، بەڵام هێشتا زیاتر حەسارەکە لەسەر رۆژئاوا بوو، بۆیە ئەوە بووە سەرەتای ئەوەی بەرازیل خۆی رزگار بکا لە نەوت، ئێستا لە بەرازیل ٩٠٪ی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ئیسانۆل لێدەخوڕن، نەوت نییە، ئەوەش سەرەتای بەئاگاهاتن بوو، ئیسانۆلیش لە میوەو رووەک و شتی وا دروست دەکرێ، بۆ نموونە ئێستا عێراق دەتوانێ باشترین و پێشکەوتووترین وڵات بێ لە ئیسانۆل بە سوود وەرگرتن لە خورما، چونکە شەکرە، هەروەها کۆمپانیای دیکە کە سەرەتای ئاشکراکردنی بیری نەوت بوو لە ژێر دەریای باکوور لە نەرویج، ئەوان گوتیان نابێ ئەوەندە پێویستمان بە عەرەب بێ، دەبێ بزانین ژێر دەریای خۆمان چی تێدایە، ئەوە پێی دەگوترێ ئۆفشۆر، نەوت لەناو دەریا پێی دەڵێن ئۆفشۆر و لەسەر زەوی پێی دەڵێن ئۆنشۆر، دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت لەناو دەریا بەلانی کەمەوە ٥٠ تا ٦٠ دۆلار تەکلیف دەکا، قازانجی زۆر کەمترە، بەڵام دەرهێنانی نەوت لەسەر زەوی ٢٠ تا ٣٠ دۆلار تەکلیف دەکا، ئێستا زەحمەتتر بووەو لە سعودیا و ئەو شوێنانە گرانتر بووە، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی نرخی نەوت تێیدا هەرزانترین نرخە لە هەموو دنیا، لەبەرئەوەی ماوەی زیاتر لە ٢٠-٣٠ ساڵ لەسەر دەرهێنانی نەوت ژیاوەو کێڵگەکانی پێشنەخستووە، بگەڕێینەوە سەر رووداوەکەی مەکسیک، لە روودانی ئەو رووداوە ئەمریکا دەیەوێ زەریبەیەکی یەکجار زۆر بخاتە سەر ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێ لەناو دەریا نەوت دەربێنن، خەریکە چەند مەرجێکی زۆر قورس دابنێن و یاسا دەربکەن، دووەم باجی ئەو کۆمپانیایەی کە سێیەم یان چوارەم کۆمپانیایە لە جیهان خەریکە ئیفلاس بکا، ٨٠٪ی سەهمەکەی هاتۆتە خوارەوە، یانی ئەو ئیمپراتۆریەتەی نەوت وای دەبینم کە ئیمپراتۆریەتێکی لاوازە و بە بەردەوامی ترسی رووخانی هەیە.

**بەشی دووەم**





## باهەبێ (٤٩)

سەنگەر زراری

### لێژنەی باڵای فتوا و داواکاری خەڵک

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە راگەیەنراوێکدا بڵاوکرایەوە، کە هیچ کەسێک بۆی نییە بەبێ "لێژنەی باڵای فتوای هەرێمی کوردستان" هیچ فتوایەک بدات، ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی هیچ مامۆستایەکی ئایینی نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی فتوای حەرامکردنی ئەم و حەڵاڵکردنی ئەو، ئەمرکردن بەم و نەهیکردن لەو بدات، بەڵام ئەم هەنگاوە کاتێ گرنگتر دەبێ کە هەم بەدواداچوون بۆ ئەو فتوایانە بکرێت کە لێژنەکە دەریدەکات و ئەو کەسەی لە بڕیارەکان لایدا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەو مانایەی ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی بڕوای بە فتواکە نەبوو، یاخود بەڵگەی جیاواز و بەهێزتری هەبوو، رێگای پێ بدرێت لەگەڵ لێژنەی فتوا گفتوگۆی لەبارەوە لەسەر بکات، ئەگەر ئەم کارەشی نەکرد و فتوای پێچەوانەی دەرکرد، لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، هەم فتواکانیش بە وردی ئیجتیهادیان لەبارەوە بکرێ و بڕوا بە خەڵک بهێنرێ، کە ئەم فتوایانە بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام دراون و بەڵگەکان بخرێنەڕوو.

لێرەدا نموونەی فتوادان لەسەر "پێشینەی خانووبەرە" دەهێنمەوە، تائێستاش یەکلا نەبۆتەوە کە ئایا پێشینەی خانووبەرە بەو شێوەیەی ئێستا حەڵاڵە یان حەرام، راستە لێژنەکە فتوای ئەوەی دا کە ئەم پێشینەیە حەڵاڵە، بەڵام ئێستاش زۆر مامۆستای ئایینی بە حەرامی دەزانن و بە خەڵک دەڵێن وەری مەگرن، ئەمەش گرفتە بۆ خەڵک و مەلاکانیش وا دەکەن کە خەڵک بڕوای بە لێژنەی باڵای فتوا نەمێنێ.

برادەرێک کە خاوەنی دوو هاوسەر و کۆمەڵێک منداڵە و بێ خانووە، کاتێ زانی من رۆژنامەنووسم زۆری لێکردم شتێکی لەسەر بنووسم و داوا لە کەسێکی دەوڵەمەند و خێرخواز بکەم پارەی بە قەرز پێ بدات، ئەویش مانگانە پارەکەی بە قیست بداتەوە. ئەو برادەرە زۆر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە نەنووسم ئەو کەسە هەژارە، بەڵکو کەسێکە زروفی باشە و ژیانی رۆژانەی بەڕێوە دەچێت و خێری پێ ناشێ، بەڵام ناتوانێ خانوو دروست بکات و پارەی خانووی نییە، منیش بەڵێنم پێ دا، ئەوەی ئەو داوای دەکات و دەیڵێت بۆی بنووسم و بیخەمە سەر زمانی نووسین، بۆ ئەوەی بکەوێتە بەرچاوی لایەنی پەیوەندیدار و لێژنەی فتواش پێداچوونەوە بە فتواکانیدا بکات و لەسەر فتواکانی باوەڕ بە خەڵک بهێنێ، نەک بەو شێوەیە هەر رۆژەی فێری جۆرێکی نوێی داواکاری ببن، فەرموون:

هاووڵاتی "سەباح عەبدولخالق" کە دانیشتووی گوندی "زەرگەزەوی"یە، کارمەندە لە نەخۆشخانەی گوندەکەیان، داوا دەکات کەسێکی دەوڵەمەند و خێرخواز دە ملیۆن دیناری بە قەرز پێ بدات، بۆ ئەوەی خانووی پێ دروست بکات لە گوندەکەی خۆی، ئەویش مانگانە لە مووچەکەی خۆیدا پارەکەی دەداتەوە و لە دادنووس کەفالەتی بۆ دەکات، بەمەرجێک هیچ زیادەیەکی نەخاتە سەر و وەکو پێشینەی خانووبەرە حەرامی نەکات (هەڵبەت بە گوتەی داواکار و لەسەر قسەی ئەو مەلایەی ئەو پرسی پێکردووە)، ئەمەش لەپێناو ئەوەی تووشی "حەرام" و "ریبا" نەبێت، چونکە لەسەر قسەی مەلایەک "پێشینەی خانووبەرەی" وەرنەگرتووە و وەری ناگرێ. جا هەر کەسێک دەیەوێ هاوکاری ناوبراو بکات، با پەیوەندی پێوە بکات. سوپاس.

sangarzrary@gmail.com

# بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا(١٩٦٣ تا ٢٠٠٦)



حوسێن رەسول - بەرلین

چاپی یەکەم لە هەولێر٢٠١٠، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا، نووسینی رۆژنامەوان و نووسەری بە سەلیقە کاک ئیسماعیل تەنیا، ژمارەی سپاردنی ٨١٤ی ساڵی ٢٠١٠ی پێدراوە و لە چاپخانەی "پاک"ی شاری هەولێر بە جوانترین رێنووس و بەرگ و نرخی سێ هەزار دینار، لەسەر ئەرکی دەزگای بارزان نیوز بۆ توێژینەوەو راگەیاندن دوای چاپکردن بە ١٩٢ لاپەرە، بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر وەک خۆی لە پێشەکی نووسیویەتی زێتر لە بیست و سێ ساڵ لە پاڵ دابینکردنی بژێوی ژیانی، خەریکی ساغکردنەوەو کۆکردنەوەو بەدیکۆمێنت کردنی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانە. یەکەم هەوڵی چاپکراویشی لەو بوارەدا، کتێبی (بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی لە نێوان ١٩٧٥ تا ١٩٩٣)دا بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٨دا، لە هەولێر دوای چاپکردنی بڵاوی کردەوە.

ئەو کتێبە (بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا) بەرهەمی هەوڵ و ماندوبوونی زێتر لە پێنج ساڵە، کە هیوادارە سوود بەخش بێت و ببێتە ژمارەیەک لە ژمارەکانی ناو کتێبخانەی کوردی. مەبەستی لەو بزاڤە تەنها رۆژنامەگەریی چاپکراو (سەرکاغەز)ە و دوورو نزیک خۆی لەقەرەی رۆژنام ەگەری (ئەلیکترۆنی، بینراو و بیستراو) نەداوە.

کاک تەنیا، نووسیویەتی هەڵبەتە ماوەی چل و سێ ساڵ تەمەنێکەو پێویستی بە ساغکردنەوەو بە دیکۆمێنت کردن هەیە، دڵنیایە لەبەر خەمساردی و بەهەند هەڵنەگرتنی ئەو مێژووە، لە لایەن دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەگەر پەلەی لێنەکرێ، لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا، زۆر بڵاوکراوەی دەگمەن و دانسقە لەناو بچن.

هەروەها نووسەر باس دەکات، کە ئەو هەوڵەی بێبەری نییە لەکەلێن و کەموکوڕی، چونکە بە رەچاوی قەبارەی رەوەندی کورد لەو وڵاتەدا، شتی زۆری لێڕەچاو دەکرێت، کەبەداخەوە نووسەر نەیتوانیوە یا زەمینە نەرەخساوە کە بە هەموو شتەکان بزانن و لەو کتێبەدا تۆماری بکات. بۆ کەلێن و شتە لەبیرکراوەکان، ئومێدی هەیە لەچاپێکی دیکەدا، بەهەوڵ و زانیاری و یارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەوڵەمەندی بکات.

نووسەر کتێبەکەی بەسەر چوار بەشی سەرەکی دابەشکردوە، بریتین لە:

- بەشی یەکەم، زۆر بەکورتی لە بوونی رەوەندی کوردو جوگرافیای بڵاوکراوەکان و سەرپەرشتکارانیانەوە دەستی پێکردووە و بەبەرچاو ڕوونی گرفت و ئامانجەکانی کتێبەکەی بە کۆتایی هێناوە.
- بەشی دووەم، کە کاکڵەی کتێبەکەیە باسی سەد و چل گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کردووە لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣ تا ٢٠٠٦)دا دەرچووینە. لە پۆلینکردندا ڕەچاوی ساڵ و مانگەکانی دەرچوونیانی کردووە.
- بەشی سێیەم، بۆ ئاسانکاری خوێنەر، هەر سەدوچڵ ناونیشانەکانی لەسەر بنچینەی ئەلف و بێی کوردی لە خشتەیەکدا پۆلێن و تۆمارکردووە.
- بەشی چوارەم، بیۆگرافیایەکی کورتی بەشێک لە ڕۆژنامەنووس و سەرپەرشتیکارانی نووسیوە.

نووسەر، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا سەرنجی خوێنەر بۆ مێژووی بوونی کورد لە ئەڵمانیادا رادەکێشێ و جگە لەباسکردنی لە سەردەمی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سەعید پاشا لەخێزانیکی ناوداری شاری سلێمانی بوو، وەک باڵیۆز دەنێردرێت بۆ قەسری بەرلین. لە نیسانی ١٨٨٣ تا تشرینی یەکەمی ١٨٨٥ وەک بالیۆزی عوسمانی لەبەرلین دەست بەکاربووە، فوئاد پاشای کوری لەبەرلین خوێندوویەتی) نووسەر بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی نووسین پەنای بۆ ئەو کوردانە بردووە کە ساڵانیکی دوورو درێژە لە ئەڵمانیا دەژین، وەک نووسیویەتی نووسەر لەژێر ڕۆشنایی و چاوپێکەوتن، بە بڕوای سەرچاوەکە کۆنترین (کوردی عیراقی کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووبێت، ئەندازیار (عەبدوڵا قادر)ە، وەک ئەندازیار بەناردە (بعثة)، هاتۆتە ئەلمانیا و هەر لەئەلمانیاش کۆچی دوایی کردووە...)

بەڵام راستیەکەی ئەو عەبدوڵا قادرە سالی ١٩٣٧ بە ناردە رۆیشتۆتە ئەلمانیا، کەسێکی کورد پەروەرو چالاک بووە (بەندە لە بارەگای ئاوەدانی لەشاری بەرلین ساڵی ٢٠٠٠، پرسیارم لە بەرێز دکتۆر کەمال فواد لەسەر کەسی یەکەم لە کوردان کە هاتۆتە ئەڵمانیا کرد، وەک بەرێزی باسیکرد و سەردەمی سەرەتایی چالاکی و دامەزراندنی یەکێتی خویندکاران لە ئەوروپا، هەر ئەو هەبووە کە زمانی ئەلمانی بەباشی زانیوەو هەرچی نووسین و بڵاوکراوە بە زمانی ئەڵمانی لەو سەردەم بڵاوکردبێتەوە نووسین و وەرگێڕانی ئەو بووە. عەبدوڵا قادر لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری موینشن کۆچی دوایی کردووە هەر لەو شاریش نێژراوە.

نووسەر نووسیویە، بەشی زۆری زمانی نووسینی بڵاوکراوەکان، کوردی بووینە بەهەردوو دیالێکتەکەیەوە "کرمانجی ژووروو-کرمانجی خواروو"، چونکە پەیامەکان زێتر ئاراستەی پەناهەندە کوردەکان کراوە...

لە درێژەی نووسیندا، لەکۆی ئەو سەد و چل ناونیشانەدا، شەست و پێنج دانەیان تەنها بە زمانی کوردی بووینە.. دوای ئەوە:

بیست و یەک دانە تەنها بە زمانی ئەڵمانی بووە. سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ کە زۆرترین بڵاوکراوە کوردییەکان لە ولاتی ئەڵمانیا دەرکراون. وەک نموونە باسی لە کۆنگرەی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات - ئەوروپا" دەکات، کە لە حەڤدە کۆنگرەی ئەو رێکخراوە چالاکە تاکو ساڵی ١٩٧٥، دوازدەیان لە ئەڵمانیا بەستراوە، کە دەتواندرێ بە ناوەند و چەقی خەباتی رێکخراوەخوێندکارییەکانییان بژمێرین و لە ئێستادا بنکەی سەرەکی حزبە کوردستانییەکان هەر لە ئەلمانیا و شاری بەرلینن.

وەک نووسیویەتی، خاوەنی ئەو بڵاوکراوانەش، زێتر پارت و رێکخراوە پیشەیی و سیاسییەکان بووینە.. کە رێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد، بەهەموو باڵەکانییەوە و دەزگاکانی سەر بە (پ.ک.ک) و رێکخراوی کۆمکار بەشی شێریان بەردەکەوێت. لەکۆی هەر سەدوچڵ بڵاوکراوەکە هەڵسەنگاندنی رێژەیی بۆ کردوون بەم شێوەیە:

- "٨٣" دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ٥٩،٢ ناسنامەی گۆڤاری وەرگرتووە.
- "٥٣" دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ٢٥ ناسنامەی بڵاوکراوەی وەرگرتووە.
- "١٣" دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ٩،٢ ناسنامەی رۆژنامەی وەرگرتووە.
- "٣" دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ٢،١٤ ناسنامەکەیان لە نێوان رۆژنامە و گۆڤار دایە.
- "٢" دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ١،٤٢ ناسنامەی مانگانەی هەیە کە ئەویش مانگنامەی سەکۆ ١٩٩٦و کوردستان - بەرلین ١٩٩٨ـە.
- "٢"دانەیان، بەرێژەی لەسەدا ١،٤٢ ناسنامەی هەواڵنامەیان وەرگرتووە.
- دانەیەکیش ناسنامەی وەرزنامە و دانەیەکی دیکەش ناسنامەی لەنێوان مانگنامە و رۆژنامە دابووە.

نووسەر لە بابەتێکیدا گلەیی لە کەسانێک دەکا کە لە هاوکاری کەمتەرخەم بوون و لەهەمانکاتدا سوپاس و پێزانین بۆ کەسایەتی، دۆست و بەدەنگ وەچوونی دەکات.



هونەری بەدرخان
Bedirxan

بلاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٥٧ - ١٤٨، ٢٠١٠/٩/٢٢ی زایینی

## لە دوو ئاهەنگدا لە بەرلین

# تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە حەماسەتی خولقاند

**پێشرەوی سەید برایمی - بەرلین**

زۆربەی خەڵکی کۆیە دەیانزانی، کە تیپی مۆسیقای باواجی بە سەردانێکی هونەری بە مەبەستی ئاهەنگگێران سەردانی ئەڵمانیا دەکەن. لە بەیانی رۆژی ٢٠١٠/٨/١٨ لە رێورەسمێکی شیاودا بۆ بەرێکردنی ئەو تیپە لە لایەن هونەردۆستان و بەرپرسانی شارەکە لە بەردەم قایمقامیەتی شاری کۆیە بە خەندەو بایەخدانەوە هیوای گەشتێکی خۆشیان بۆ خواستن و لە ناو ئەم ئاپۆرەیەدا بەرێیان کردن. ئەو دیمەنە دیمەنێکی دیکەی بە بیر دەهێنامەوە، کە زوو لە شەستەکاندا چۆن کەس و کارو خەڵک حاجیاکانیان بۆ حەج بەرێ دەکرد!

ئەم تیپە، کە لەلایەن رێکخراوی رافدەینی عێراقییەوە بانگهێشت کرابوو بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان رێکخرابوو، بۆ بەشداریکردن لە شەشەمین فێستیڤاڵی کلتووری عێراقی، کە لە ٨/١٨ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەستی پێکرد و پێنج رۆژی خایاند. تیپی مۆسیقای باواجی تاکە تیپی کوردی بوو بەشداری ئەم فێستیڤاڵە بکا. هەرچەند تا پێش هەفتەیەکیش نەیان دەزانی بە مسۆگەری دەتوانن سەفەر بکەن، بۆیە تا رادەیەک بە دوو دڵییەوە خۆیان ئامادە کردبوو، بەڵام کاتێ دڵنیا بوون، ئەوجا بە جۆش خرۆشەوە کەوتنە خۆ ئامادە کردن. ئەو هونەرمەندانەی بەشدار بوون بریتی بوون لە : ئەحمەد هاشم- سەرۆکی تیپ، ئارەزوو ئیسماعیل- بەرێوەبەری هونەری، هێمن حەمید -عودژەن، سەفین عەبدولرەزاق- فلوتژەن، سەنگەر عەبدولخالق- کەمانژەن، هەروەها لێوژە جەلال گۆرانی بێژ و سەرۆکی شاندی هونەری. دەبێ بگوترێ، کەوا ئەندامانی تیپ لەوە زیاتر بوون، بەڵام بەداخەوە گرفتی نەبوونی پاسپۆرتیان هەبوو، وەک مامۆستا سەردار ئەحمەد، جەلال عەزیز، گۆرانبێژان هۆشمەند زایەر و وئیبراهیم سابیر. لە کاتی گەیشتنی تیپەکە بۆ بەرلین هونەرمەندان: ئیسماعیل شەیدا لە ئەڵمانیاوە، هانا قادر لە سویدەوە بە تایبەت بۆ پشتگیریکردن و بەشداریکردنی تیپەکە هاتن.

رۆژی ئاهەنگەکە، کە بەشداربووانی کوردو عەرەب و ئەڵمان بوون سەرسامی خۆیان دەربڕی لە خۆئامادەکردن و رێک و پێکی تیپەکە، کە هەر هەموویان بە جلی کوردی و کڵاوی کۆییانەوە خۆیان رازاندبۆوە، لە پێش هەر هونەرمەندێکیش ئاڵای کوردستان دەشەکایەوە. تا ئەو کاتە سەرپەستیارانی فێستیڤاڵەکە لە بیریان نەبوو ئاڵای عێراق هەڵواسن، لەگەڵ دیتنی ئاڵای کوردستان ئەوانیش ئاڵای عێراقیان دانا. یەکەم بەرهەمیش، کە پێشکەش کرا سروودی ئەی رەقیب بوو. کە تا رادەیەک هەستی ناسیونالیستی هەندێ لە برا عەرەبەکانی گرژ کرد، بەڵام زوو چارەسەر کرا. بە خۆشحاڵی و کوردانەو رێزەوە لەلایەن کوردەکانەوە پێشوازی لێکرا.

ئەو بەرهەمانەی پێشکەش کران سەرجەم ئەو بەرهەمە کلاسیک و نوێیانە بوون، کە تیپی مۆسیقای باواجی ناوبانگی پێدەرکردووە، کە زۆربەیان مۆرکێکی تایبەتی کۆیەی بە خۆوە گرتووە، بە تایبەتی مەقامەکان وەک: بۆ فریوی عاشقان، شیرین بەهارە، چەهچەی بولبول، شلەوخانان.. هتد. شایانی گوتنە هەریەک لە گۆرانبێژان لێوژە جەلال و ئەحمەد هاشم گۆرانیەکانیان چڕی. زۆر هەبوون لە ئامادە بووان هەرگیز

چەندین بۆنەی هونەریدا، جگە لە کۆیە لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا و رانیەدا. هەروەها هاوکاریکردنی هونەرمەندانی کوردستان، ئەو کاتەی هاتوون بۆ کۆیە بۆ ئاهەنگگێران. لە دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بوارێکی گونجاو رەخسا، نەک هەر بۆ سیاسەت و هزر، بەڵکو بۆ هونەریش، بۆیە تیپی مۆسیقای باواجی بۆ یەکەمین جار چەندین گۆرانیان بۆ تەلەفزیۆنەکانی بەغدا و کەرکووک تۆمار کرد، کە زێتر ناو و ناوبانگی دەرکرد. چەندین خەڵاتی یەکەم و خەڵاتەکانی دیکەیان بەدەست هێناوە. لە ١٩٧٤ەوە دوای لەباربردنی ئامانجەکانی ١١ی ئادار

داگیر کردوون، بە شێوەیەک زۆربەی رەفتارو هەڵسوکەوتیان هونەرییانە بوو. هەرچەند ئەوان بۆ بەشداریکردنی فێستیڤاڵی رافدەین هاتبوون، بەڵام حەزو ئارەزوویان وابوو کە لە چەند شارو وڵاتێکی دیکە ئاهەنگ بگێرن، بەڵام لەبەر بواری کورتی ئیقامەکەیان، هەر تواندرا ئاهەنگێکی دی لە بەرلین ئەنجام بدرێ، کە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە پێی هەڵستان. رۆژی ٢٠١٠/٩/١ بۆ ئەم مەبەستە و لە هۆڵی رێکخراوی دەرسیم ئاهەنگەکە رێکخرا. دوو سێ ئاستەنگ هاتە کایەوە، لەوانە نەخۆشبوونی دوو هونەرمەندی



تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە - بەرلین ٢٠١٠/٨/٢٢

ئاشنایەتیان نەبوو نە بە مۆسیقای کوردی، نە تیپی باواجیشیان دەناسی، بەڵام ئەمشەوە هەلێکی رەخساو بوو بۆ ناسین و چێژ وەرگرتن لە هونەری کوردی.

بانگهێشتی رێکخراوی (CTMI) کرابووم، کە رێکخراوێکی جیهانی راگەیاندنە، گرنگی دەدا بە رۆنامەنووسانی جیهانی سێیەم، بۆ بەشداریکردن لە هەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرتە ئابووری و داراییانەی ناردراوە بۆ پێشبرکێیەک، کە رێکخراوەکە رێکی خستووە، تووشی رۆژنامەنووسێکی عێراقی هاتم، دوای ئەوەی زانی خەڵکی کۆیەم باسی فێستیڤاڵی رافدەین و تیپی باواجی کرد، کە چەند ئاهەنگێکی خۆشیان ساز کردووە. دوایی وەک باران کەوتە پرسیار کردن، دەربارەی کۆیە و هونەرو ئەدەب و تیپی مۆسیقای باواجی. پێی سەیر بوو، کاتێ پێم راگەیاند، کە مێژووی ئەو تیپە دەگەرێتەوە بۆ ٥٣ ساڵ لەمەوبەر.

تیپی مۆسیقای باواجی لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورەباکوری لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە. دوای ١٤ی تەمووز، کە نیمچە ئازادیەک هاتە کایەوە تیپی مۆسیقای باواجی گەشەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی بە خۆیەوە بینی بە زیاد بوونی ئەندامانی تیپ و سازدانی چەندین ئاهەنگ و بەشداری لە

و دەست پێکردنەوەی شۆڕش زۆربەیان پێوەندیان بە شۆڕش کردو دامەزرێنەرو هاندەری سەرەکی تیپی مۆسیقای شۆڕش بوون. هەر ئەو هۆیەش بوو، کە مۆڵەتی چالاکی و کاری هونەریان لە لایەن رژێمەوە لێسەندرایەوە و بەربەرەکانێ دەکران و هەندێکیان دوورخرانەوە بۆ خوارووی عێراق، دوای نکسۆی ١٩٧٥، ئەمەش بووە مایەی پەرتبوونی ئەندامان و رۆیشتنیان بۆ شارەکانی دی بە تایبەتی هەولێر. لەوێش بەڵام بە گیانێکی هونەرمەندانە بەشداری تیپی مۆسیقای هەولێرو دامەراندنی چەند تیپێکی دیکەیان کرد، بەتایبەتی هونەرمەند وریا ئەحمەد و مامۆستا سەردار و مامۆستا زاهیر محەمەد، کە جگە لەخۆی براکانیشی سەلاح محەمەد ( مام عەولا) و سەعدوڵلای برایان.

ئەو هونەرمەندانەی، کە لە ژێر دەستی دامەزرێنەرانی ئەو تیپە پەیدا بوون، لیستێکی دوورو درێژە ئەم راپۆرتە ناتوانێ هەر هەموویان لە خۆ بگرێ، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەیان لە بواری هونەری کوردیدا ناسراون.

ئەو ماوەی لە خزمەتی ئەم تیپە دابووم وەک هونەر دۆستێک لایەنگرێکی باواجی لە بەرلین، هەستم دەکرد لە ناخیاندا هونەرێکی چەسپاو دڵا و دەروونی

تیپەکە، لەوەش ئاستەنگ تر پێش چەند کاتژمێرێک لە دەستپێکردنی ئاهەنگەکە هەواڵێکی دڵتەزین گەیشتە سەرۆکی تیپەکە ( ئەحمەد هاشم)، کە خوشکی جوانەمەرگ بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هونەرمەندانە هونەرمەندی رەسەن و پابەندن بە هونەرکەیانەوە، چونکە هونەر هەڵگری پەیامێکە لە دژوارترین بارودۆخ دەبێ بگەیندرێ و بگات بە ئامانج، بۆیە هیچیان لەو ئاستەنگانە کاری نەکردە سەر ئەنجامدانی ئاهەنگەکە، هەر ئەوە نەبێ، کاتێ هونەرمەند ئەحمەد هاشم گۆرانی دەچری، ئامادەبووان هەستیان دەکرد، کە لە ناخێکی بێسنووری خەمئامێزەوە گۆرانی دەڵێ. هەر ئەوەش وایکرد چەندین جار لە ئاهەنگەکە سەرەخۆشی لێبکرێ و ئافەرینی لێبکرێ. لێوژە جەلالیش بە دەنگە زوڵاڵەکەی بە چەندین مەقام و گۆرانییەوە سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا.

لەم ئاهەنگەدا، کە تایبەت بوو، بە گۆرانی و مەقامە کۆنەکانی کۆیە بە دەنگی زوڵاڵی ئەحمەد هاشم و لێوژە جەلال و مامۆستا سەفین ئاوارەبووانی کوردیان گەڕاندەوە بۆ کوردستان و هەستی نامۆیی کز کردن، بە چەپڵەرێزان و گووتنەوەی گۆرانیەکان و دواییش هەڵپەرکێی رەشبەڵەک بە گۆرانییە

شاییەکانی مامۆستا سەفین بە ئاوازی کیبۆردی هونەرمەند باسل، کە خۆبەخشانەو جوامێرانە بەشداری کرد حەشریان کرد و هەموو پێکەوە حەماسەتیان خولقاند.

دەبێ ئەوەش بگوترێ، رۆژی ئەو ئاهەنگە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی کۆیە، کە جاران کۆییەکانی بەرلین ساڵانە یادیان دەکردەوە.

وەک پێشتر ئاماژەم بۆ دا، ئەو ماوەی من لەگەڵیاندا بووم و لە خزمەتیان بووم، هەستێکی هونەری بەرز لە ناخی ئەو هونەرمەندانە هەبوو، کە بە سێنایی هەستت پێدەکرد. ئەوانە زۆر حەزیان دەکرد، بەشداری کۆنسێرتەکانی بەرلین بکەن، بەڵام بەداخەوە لەماوەی کورتی نیشتەجێ بوونیان هیچ بەرنامەیەک نەبوو، یان نەمان دەزانی. لە ئەورپا بە شێوەیەکی گشتی و لە بەرلین بە تایبەتی لەناومیترۆ و وێستگەکانی و گۆرەپانەکانی بەرلین، هونەرمەندان بە جیا یان بە کۆمەڵ بە خۆیان ئامێرەکانیانەوە یان گۆرانی دەڵێن، یان مۆسیقا دەژەنن، دەمبینی بەرامبەریان رادەمێنن و بە هەستێکی چرەوە گوێ لە هونەرەکەیان دەگرن، دواییش پارەیان دەدا بەو کەسانە، هەرچەند زۆربەیان وەک من ئاگادارم پارەیان لە کوردستان قەرز کردبوو، بۆ ئەوەی ئەم گەشتە بکەن.

هونەرمەند، کە دەبێ هەمیشە هاوبوونی هونەرەکەی بێ، لەگەڵیدا بژی، ئەوانیش هەروا. بە ئەسپایی و بە سۆزەوە لە ناو میترۆ لە ناو پاس و لە کاتی گەڕان و سورانماندا وەستایانە هەر هەموویان گۆرانیان دەگوت، بەمەش سەرنجی رێبواران و سەرنشینی شەمەندەفەرو پاس و بەلەکەیان رادەکێشا. لە گەشتێکی شاری پۆتسدامی گەشتیاری و مێژوویيدا و جێنیشنی پاشای ئەڵمانیا لە سەدەکانی رابردوودا، سواری گالیسکەیەک بووین، کە دوو بەرزە وڵاغ رایان دەکێشا، بۆ ئەوەی شوێنە ئاسەوارو گەشتیارییە جوانەکانی ئەو شارە ببینین، لە ناو گالیسکەکە، کە جوان رازابۆوە لە ناو دیمەنی جوانی ئەو شوێنانە دەستیان بە گۆرانی کرد. دوو سەرنشینی ناو گالیسکەکە دوو ژنی ئیسپانی هاو گالیسکمان بوون. وڵاغەکان بە ئەسپایی دەرۆیشتن و لە سەر شەقامەکاندا زرینگەی ناڵەکانیان دەهات، کە ئاوازێکی چێژئامێزی لا پەیدا دەبوو. دیار بوو سەرنجی برادەرانی راکێشا، ئیدی پێکەوە کەوتنە گۆرانی ( بۆ فریوی عاشقان و جەزبی دڵا وا ماهیری). دوو ژنەکە بە تایبەتی یەکێکی گەنجتر لەوەی دی ئاورێکی سەرنجراکێشی دایەوەو بە بەبایەخدانەوە گوێی تەرخان کرد تەنها بۆ بیستنی ئەو گۆرانیە. نە ئەو نە ئێمە ئاگامان لە خاوەن گالیسکە نەما، کە لەهەمان کاتدا رێبەری گەشتیاریمان بوو، کە باسی کۆشک و خانوو، هەروەها

پەیکەرەکانی بۆ دەکردین. وەک پیشەی خۆی، هەر دەبێ ئەنجامی بدا، جا گوێی لێدەگرن، یان نا گرنگ نەبوو بەلایەوە. دوای تەواوبوونی گۆرانییەکە کەوتنە پرسیار، هەر چۆنێ بێ بە ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی خۆمان بە یەکتر ناساند. داوایان کرد بەردەوام بین. جەماعەت تا گەشتی گالیسکە تەواو بوو، کە زێتر لە سەعاتێکی خایاند بەدەم گۆرانی و قسەوە بەرێمان کرد. لە کاتی ماڵئاوایی سەرسوڕمانی خۆیان نیشان داو هەر هەموویان ماچ کردین..

هەرچەند ئەوە یەکەمینجار بوو، جگە لە مامۆستا ئارەزوو، کە پێشتر بۆ چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا بووە، بێنە ئەڵمانیا، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە ژیان و گوزەرانی ئێرەو رێکوپێکی و خاوێنی شارەکە، بەڵام دوای ماوەیەک سەرنجم دا نامۆیی خەریکە کاریان تێدەکا، بە تایبەتی دوای ئەوەی دوو رۆژ لەسەر یەک باران باری و کەشوهەوایەکە ساردی کرد و دووانیان نەخۆش کەوتن. هەست دەربڕینەکان هەمە جۆر بوون: لێوژە دەیگوت: ئەوەندە یادی دایکم دەکەم هەر بگەمەوە کوردستان سەدجار ماچی دەکەم. مامۆستا سەفین لەبەر ئەوەی خێزانی رۆژهەڵاتییە و خەڵکی مهابادە بە زاراوەی ئەوان دەیفەرموو: وەرسی منداڵەکانم دەکەم واتە غەریبیان دەکا. مامۆستا ئارەزوو دەیگوت: ئیدی بەسە گەشتێکی تێرو تەسەلمان کرد. مامۆستا هێمن بە هێمنییەکەی خۆی لە ناخدا دەپەیڤی و هەستی خۆی دەردەبڕی. کاک ئەحمەد هاشم، بە تەمەن لە هەموویان گەورەتر بوو هەستم دەکرد لە ئارامی دەگەڕێ، ئارامترین شوێنیش ماڵەکەیەتی، دوای ئەوەی کە زانی خوشکی کۆچی دوایی کردووە، نەیدەزانی چۆن کات بجمێنێ و بەرێی بکا، بۆ ئەوەی بە پرسەکە بگا.

رۆژی ٩/٣ پێش نیوەرۆ کۆمەڵێک کۆیی بووین لە فرۆکەخانەی تێگل لە بەرلین بۆ بەرێکردن و ماڵئاوایی هاتبووین. کاتی خواحافیزی هات و هەریەکەمان بۆ لایەک. من لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە تا درەنگانی شەو لەگەڵیان بووم هۆگریان ببووم، بۆیە بۆ ماوەیەک هەستم بە تەنیایی کرد، چەند جارێکیش چونکە لەسەر جادەکاندا گۆرانیمان دەگوت، دوو جار لەبەر خۆمەوە گۆرانییەکانی ئەوانم دەگوتەوە!!

ئەوەندە ماوە لە جیاتی ئەوان و بەناویانەوە بڵێم، کە داوایان لێکردم من لەمبارەیەوە وەکیلیان بم: سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم، کە یارمەتییان دان و سەردان و هاوکاریان کردن، لە پێش هەموویانەوە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا، کاک جەمشید خاوەنی چێشتخانەی لازان، کاک حەمید مەجید کۆیی خاوەنی نووسینگەی فرۆکەوانی ئاریان، کاک باسلی هونەرمەند، کاک شاخ زەنگەنەو زاهیر خۆشناو.

# گۆرانییەکی نوێی هونەرمەند حەسەن زیرەک بە ڤیدیۆ دەدۆزرێتەوە


حەسەن زیرەک بە دەف گۆرانی دەچڕێ

**تایبەت بە بەدرخان**

ساڵی پار ٢٠٠٩ لە شاری تاران کاسێتی گۆرانیەکی ڤیدیۆیی هونەرمەندی گەورەی کورد "حەسەن زیرەک" دۆزرایەوە، کاسێتە ڤیدیۆییەکە وێنەی گۆرانی "بەهار هاتەوە بەهار هات"ە کە لە پایتەختی ئێران تاران وێنەی گیراوە، لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەیی نووسەر و رۆژنامەنووس "نەجدەت رەحیمی" گوتی: گەنجێک بەناوی "مەحمود پورمراد" کە دانیشتووی تارانە، کاسێتێکی رەش و سپی لەکاتی گۆرانی گوتن وێنەکە گیراوە، گۆرانییەکە بەناوی "بەهار هات- بەهار هاتەوە"یە لەگەڵ چەند مۆسیقاژەنێکی کوردی ئێرانەو ماوەی گۆرانیەکە ٩ دەقیقەو ٢٢ چرکەیە، ئەوەی زانراوە کە کاسێتی ئەم گۆرانییە پێشتر بڵاونەکراوەتەوە.

هەروەها رەحیمی گوتی: ئەم گۆرانیە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بەکامێرای وێنەگری کۆچکردوو "عەلی پورمراد" باوکی گەنجی ناوبراو "مەحمود پورمراد" وێنەی گیراوە.

هەر بە بۆنەی دۆزینەوەی ئەم گۆرانیە وێنەگیراوەی هونەرمەند حەسەن زیرەک، لێرەوە داوا لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین، کە ئەگەر "گۆرانی، وێنە، بەسەرهات"ێکی بڵاونەکراوەی ئەو هونەرمەندەیان لایە، تکا دەکەین بڵاوی بکەنەوەو گیانی ئەم هونەرمەندە شاد بکەن، چۆن ئەم هونەرمەندە گەورەیەی کورد، ئەوەی لەدوای بەجێماوە هونەر و بەسەرهاتەکانیەتی، ئەمانەش ئەوەی تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، پێویستە ئازادبکرێن وبەناوی زیرەک خۆیەوە بچێتە نێو ئەرشیفی هونەری کوردی، بەهیوای هاوکاری دڵسۆزانەی ئاشقانی دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک.

شەفەق: شەممە ٥ی دیسەمبەری ٢٠٠٩، ١٣:٢٢

# شانۆگەری هەموومان چاوەڕوانین لە کوردستان نمایشکراو لە بەرلینیش نمایش دەکرێ


دیمەنێک لە شانۆی هەموومان چاوەڕوانین

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

وەکو دەستپێکی وەرزی هەولێری شانۆیی، شانۆگەری "هەموومان چاوەڕوانین" لەهەرسێ شاری "هەولێر و دهۆک و سلێمانی" نمایشکراو بڕیاریشە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو شانۆگەرییە لە بەرلین نمایش بکرێ.

لەم شانۆگەرییەدا کە هەریەک لە"د. هەیسەم عەبدولرەزاق، د. ریکاردۆس، د. ئیقبال نەعیم، تاریق ئاکرەیی، نەوزاد رەمەزان، نەشئەت بەشیر، کەڤاڵ سدقی، تارا عەبدولرەحمان، پەیوەند ئیسماعیل، زاهیر ئیبراهیم" وەکو ئەکتەر لە کارەکە بەشداربوون و سێ میوزیکژەنی ئەڵمانیش بە شێوەیەکی راستەوخۆ میوزیکیان پێشکەش کرد، نمایشەکانی ئەم شانۆگەرییە ماوەی ٢ رۆژ لە هۆڵی گەلی شاری هەولێر و رۆژێکیش لەهۆڵی رۆشنبیری سلێمانی و رۆژێکیش لە شاری دهۆک نمایشکرا.

لە لێدوانێکی تایبەتدا ئیحسان عوسمانی دەرهێنەر گوتی: ئەم شانۆگەرییە بەشی سێیەمە لە زنجیرە چاوەڕوانییەکان، کە ئەم شانۆگەرییەمان لە فیلمێکی ئەڵمانی- ئەمریکی ئامادە کردووە بەناوی سەفەری خانمێکی پیر، کە باس لە کێشەکانی عێراق دەکات، ئەو شانۆگەرییەش تەنها پەیامێکی نییە، بەڵکو ئەو شانۆگەرییە ژیانە، مرۆڤیش لە ژیانی هەوڵی زۆر دەدا، من وەکو دەرهێنەر و مرۆڤ هەوڵی بابەتی قورس دەدەم، کە زمان کێشەی هەموومانە، هەندێکمان ئەوانی دیکە رەفز دەکەنەوە.

هەروەها دکتۆرە ئیقبال نەعیم وەکو ئەکتەرێکی بەشدار لە کارەکە بۆ بەدرخان گوتی: ئەم پرۆژە عێراقیە کە بە بەشداری "کورد، عەرەب، سریانی، تورکمانی و ئەڵمانی"ئەنجامدرا، باس لە قۆرخکردنی دەسەڵات دەکاو تێیدا چەندین ئەکتەری کورد و عەرەب بەشدارن و بەپێویشتی دەزانم سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر بکەم بۆ بەرهەمهێنانی ئەو شانۆگەرییە.

دکتۆرە ئیقبال نەعیم باس لە رۆڵەکەی خۆی دەکاو دەڵێ: ئافرەتێکی پیر، کە ٣٠ ساڵە شاری جێهێشتووە، لەبەرئەوەی گەنجێکی ئەو شارەی خۆشویستووە، دوایی دەچێتە ئەوروپا و ملیۆنەها دۆلار کۆدەکاتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و بە پارەکەی خۆی یاری بە خەڵکی شارەکە دەکا.

شایانی باسە بڕیارە ئەم شانۆگەرییە لە رۆژی ٢٠١٠/١٠/١٢ لە شاری بەرلین نمایش بکرێ.

## ئەزموونگەریەت لە شانۆ (١٣)



هیوا سوعاد یونس

ئینجا دوای ئەو هەموو شتەو ماندبووبوونە ستانسلافسکی لە پلان و تێبینی نووسین و پرۆڤەکردن، جارێ"چیخۆف"بە نمایشەکە دڵخۆش، نەبوو، بەڵام ئەم ئەزموونە لای ستانسلافسکی هۆشیارییەکی نوێی واقیعی ناوەکی گەشە پێکرد و زمانی راستەقینەی پێویستی بۆ بانگکردنی ئەکتەر دۆزییەوە، بۆئەوەی راستگۆیی ناوەکی وەدەست بێنێ، بەڵام شانۆی"الاعماق السمقیە"ی "مەکسیم گۆرکی"بە ئەزموونێکی گرنگ دادەنرێ لە هەوڵدانی ستانسلافسکی بەرەو"ریالیزمی ناوەکی".
ستانسلافسکی دەڵێ: هیچ دەرهێنەرێک ناتوانێ دەست بەکاری دەرهێنان بکات پێش ئەوەی بیرۆکەی سەرەکی شانۆیەکە نەدۆزێتەوە، بۆ ئەمەش هیچ دەرهێنەرێک نابینم، تەنانەت لەشانۆی هونەریش بایەخ بە بیرۆکەی سەرەکی شانۆییەکە بدات ئەوە نەبێ، کە دەیانبینم پلانی دەرهێنان لەسەر چەند فیلمێکی هونەری بینا دەکەن،"سۆنیا مۆر"دەڵێ: لەوانەیە ستانسلافسکی پێش مردنی ئەفسانە بووبێت، بەڵام ئێستا کە بە تەواوەتی ئەفسانەیە، چونکە ئەکتەر و دەرهێنەر و قوتابیانی دراماو مامۆستایانی هەموو جیهان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە شارەزای تیۆر و نووسینەکانی ستانسلافسکی بین.
شێوازی ستانسلافسکی وەک چەکێک بوو دژ بە نواندنی زێدەڕۆیی بەرزبوونەوە بوو بە تەکنیکێکی دروستکەر بۆ خولقاندنی راستگۆیی کەسایەتییەکان، ئەمەش چ لەشانۆی تراژیدی یان کۆمیدی". ستانسلافسکی "هەمیشە باوەڕی بە پێشکەوتن و گۆڕان هەبووەو گەڕاوە بەدوای ئەو هۆیانەی بتوانن یاخود لەتوانایاندا هەیە یارمەتی ئەکتەر بدەن و حەزیشی نەدەکرد بنکەیەک دابنێ..." ستانسلافسکی" لەگەڵ ئەوەی کە دەرهێنەرێکی بەتوانا بوو، ئەوا ئەکتەرێکی داهێنەر و بەهرەداریش بوو... "ستانسلافسکی دەڵێ: ئەکتەر لە مۆسیقاژەنی و سەماکەری باڵێ و هونەرمەندانی تر جیاوازییەکی زۆری نییە"، چونکە ئەکتەر نازانێ بەتەواوەتی شێوازی پیشەکەی خۆی چۆنەو چۆن راهێنان بکات، لەبەرئەوەی شارەزای لەو بنچینانە نییە، کە هونەرەکەی لێی پێکهاتووە.. ستانسلافسکی ژیانی خۆی بۆ گەڕان بەدوای ئەو بنچینانە تەرخانکرد، کە هونەری نواندنی لێ پێکدێت و توانای کارەکتەر لە ئیلهام بکات بە زانستێک رێبورکوار ئصول و هاوکێشەی تایبەتی خۆی هەبێت، هەروەها پێویستە لەسەر ئەکتەر ئەوە لەبیر بکات، کە لەبەرامبەر جەماوەر وەستاوەو بیەوێ خەڵک چەپڵەیەکی زۆری بۆ لێبدەن، ئایا ئەو خەڵکە بەباش یا بەخراپ حوکمی لەسەر دەدەن؟ بەڵکو دەبێت پڕ بەدڵ بەهەموو هێزو توانایەکی لەسەر تەختەی شانۆ بوەستێت و لە قوڵایی ناخییەوە هەست بە کەسایەتییەکەی خۆی بکات، هەروەها بتوانێ خۆی لەگەڵ رۆڵەکە بگونجێنێ و بچێتە ناو سێتی رۆڵەکەی. پێویستە ئەکتەر خاوەن سەرنج و خەیاڵێکی باش بێت ئەوکاتەی کە دێتە سەر تەختەی شانۆ گوێ بەوە نەدات، کەوا چی روودەدات، ئەوەندەی بەسە بیر لە رابردووی کەسایەتییەکەی خۆی بکاتەوە. پێویستە بەڵام ئەوکارەسات و بەزمانەی کە تووشی دەبێت، دەبێ کتوپڕ بێت هەروەک چۆن لای بینەریش کتوپڕە، بۆ نموونە ئەو کەسەی رۆڵی شالیر دەگێڕێ پێویستە ئەوە لەبیر بکات، کەوا چۆن ئازار لەدەست کچەکانی دەکێشێ، هەروەها"رۆمیۆش"لە شانۆی"رۆمیۆ جولێت"ی "شکسپیر"پێویستە ئەوە لەبیر بکات، کەوا خۆشەویستییەکی تراژیدی مەزن چاوەڕوانی دەکات، ئەگینا ناتوانێ خۆی بۆ ئەم رۆڵە ئامادە بکات..
"ئەندریە ئەنتوان و شانۆی سەربەست"
"هنری بیک"ی نووسەر دەربارەی"ئەندریە ئەنتوان"دەڵێ: "ئا لەم کاتەدا پیاوێکی دانەر و زیرەکمان دۆزییەوە، ئەکتەرێک لە چەشنی یەکەم، دەرهێنەرێکی رەسەن، ئەویش ئەندریە ئەنتوان. من ناڵێم"ئەنتوان"شانۆیەکی نوێی تایبەتی کردووە یان دروستکردووە، بەڵکو هۆڵێکی بچووکی بۆ نمایشکردن گرت، لەهەر مانگێ جارێک شانۆیەکی لەم هۆڵە بچووکە پێشکەش دەکرد. لێرەدا بەبێ ترسەوە دەڵێم: کەوا شانۆی سەربەست توانی بەتەنها هونەری دراماتیک لە فەرەنسا رزگاربکات" ئەندریە ئەنتوان رای وابوو، کە شانۆ پێویستی بە گۆڕانکارییەکی تێکڕایی هەیە لەهەموو شتێک، لە ئەدەب و نواندن و دیکۆر...هتد"ئەنتوان" لە یەکێ لە لادێیەکانی فەرەنسی لە خێزانێکی هەژار لەدایکبووە، لە تەمەنی"١٨"ساڵیدا رووی کردە پاریس، پاشان ناچاربوو سەرباری زیرەکی و هۆشمەندی خوێندن جێبهێڵێ، بۆئەوەی بتوانێت خێزانە هەژارەکەی بەڕێوەببات، ئینجا لە کتێبخانەی گشتی کاری کردووەو توانیویەتی خۆی فێری زۆر شت بکات، جا لەبەرئەوە خولیای شانۆ بووەو پەیوەندی بە تیپە ئارەزوومەندەکانەوە کردووە، ئەو تیپانەی لە پاریسدا بڵاوبوون. بەڵام"ئەندریە ئەنتوان"ویستوویەتی بەشێوەیەکی زانستیانە بچێتە ناو جیهانی شانۆ، لەبەر ئەوەش بوو چوو بۆ"کۆنسەر فاتوار"، بەڵام لە تاقیکردنەوەی سەرنەکەوت و وەرنەگیرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی"ئەندریە"پەنا بباتە بەر لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی و خۆی فێری هەموو رۆڵە گرنگەکانی کەلەپووری کلاسیکی بکات و لاسایی گەورە ئەکتەرانی ئەو سەردەمە بکاتەوە. دوای ئەوەی ئەو ماوە دیاریکراوەی بۆ خزمەتکردن لە سوپادا تەواوکرد، لەساڵی"١٨٨٣"چووە تیپی"سێرکل جلوا"جا لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەیەکی باشی هەبوو، بوو بە سەرۆکی تیپەکە.. ئەم تیپەش نمایشەکانی لە هۆڵێکی بچووک و هەژار لە شەقامی ئیلزیای هونەرەجوانەکان پێشکەش دەکرد.. ئەم نمایشەش تایبەت بوو بە ئەندامانی تیپ و برادەرو دراوسێیەکان، بەڵام ئاواتەکانی"ئەندریە ئەنتوان"زۆر لەوە گەورەتر بوو، بیری لەوە دەکردەوە کەوا لەتەک نووسەرە لاوەکاندا کاربکات، ئەو نووسەرانەی کەوا بەردەوام نووسینەکانیان لە شانۆیەکانی پاریسدا رەت دەکرایەوە هەروەها دەچووە لای نووسەرەکان بۆئەوەی دەقێکی شانۆیی گونجاوی دەست بکەوێت، بەڵام کردەوەکانی ئەندریە بەدڵی بەڕێوەبەرایەتی"ئەنجلوا"نەبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەندریە خۆی و چەند ئەندامێکی لە تیپەکە جیاببنەوەو تیپێکی تر بەناوی "تیپی شانۆی سەربەست"دابمەزرێنن،هەروەها هەرچەندە ئەم تیپە کورتی هەبوو، بەڵام بە غۆناغێکی گرنگ دەژمێردرێن لە مێژووی شانۆی هاوچەرخدا.
لەوانەیە بپرسین دەبێ"ئەندریە ئەنتوان" بەکارێک هەڵسابێت بۆئەوەی کردەوەکانی بە قۆناغێکی گرنگ بژمێردرێت؟ دەبێ ئەوە بزانین ململانێیەک دروستببوو لەنێوان تەوژمی تازەگەری و یاسا کۆن و تەقلیدییەکان لەشانۆداو دامەزراندنی شانۆی سەربەست کۆتایی بەم ململانێیە هێنا بەسەرکەوتنی نوێ بەسەر کۆندا،"مەبەستمان لێرە شانۆی کۆن و نوێیە" "ئەندریە"هەمیشە داوای سروشتی دەکرد لەشانۆدا"شانۆ پێویستە رەنگدانەوەی ژیان بێت و بێ فرۆفێڵ و دەستکاری" ئەکتەر لەسەر شانۆ پێویستە رەوشت و هەڵسوکەوتی وەک ژیانی رۆژانە ئاسایی بێت.. بە واتایەکی تر پێویستە دیواری چوارەم وەک خۆی بمێنێ، بەڵام بەرجەستەکردنی راستی و واقع دەقاو دەق لەسەر شانۆ بەڕای ئێمە کارێکی شێتانەو نابەجێیە، ئێمە وا هەڵسوکەوت لەگەڵ هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی دەکەین کەوا جۆرێکن لە رازاندنەوەو جوانکاری و دووبارەکردنەوەی داهێنانی ژیان لەڕوانگەی هونەرمەندەوە.. گواستنەوەی رووداوەکانی ژیان دەقاو دەق بۆ سەر تەختەی شانۆ"گەر بکرێ زۆر لە بەهای شانۆ کەم دەکاتەوەو هیچ گرنگییەکی نابێ".

# حەسەن زیرەک

بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

ژمارە ٧ - ١٤٨، ٢٠١٠/٩/٢٢ی زایینی


# بەڵێ.. حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی جیهانییە!!




نووسینی: د. مەولود ئیبراهیم حەسەن


**نووسەر و لێکۆڵەری مۆسیقا و گۆرانی د. تۆفیق ئاڵتوون چی دەنووسێت.. زیرەک یەکەمین هونەرمەندە لە هەمووجیهان کە زۆرترین ژمارەی گۆرانی تۆمارکردووە.**

**میدیای زەندی دەنووسێ وەختێ حەسەن زیرەک لە رادیۆی کرماشان کاری دەکرد رۆژانە نزیکەی ٢٠٠٠ نامە بۆ زیرەک دەهات و داوای گۆرانییەکانی زیرەکیان دەکرد هەندێ لەو نامانە خاوەنەکانیان پارەیان دەخستە ناو پاکەتەکان و داوای گۆرانی دڵخوازی خۆیان دەکرد لە گۆرانییەکانی زیرەک تا بۆیان بڵاوبکرێتەوە.**

ئەمساڵ بەبۆنەی سی و هەشتەمین ساڵەی کۆچی دوای هونەرمەند "حەسەن زیرەک" زنجیرەیەک وتارم لە هەفتەنامەی "بەدرخان" دا بڵاوکردەوە، یەکەمین ئەلقە لە رۆژی ٢٠١٠/٨/٦ و لە ژمارە "١٢٤"ی ئەم رۆژنامەیە بوو، نووسینەکە لە ژێر ناوی "حەسەن زیرەک: ژیانێک پڕاوپڕ لە داهێنان و لێوانلێو لە دەربەدەری بوو!؟ هەروەها لە رۆژی ٢٠١٠/٨/٨ی هەمان رۆژنامە و لە ژمارە "١٤٦"دا چاوپێکەوتنێکی گرنگمان بڵاوکردەوە، ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز "رابە خانم" دوا خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک بووە کە لەم چاوپێکەتنەدا، بۆ یەکەمجار هۆی مردنی نەمر حەسەن زیرەک روون بووەوە و ئەوە ئاشکرا بوو کە ساواک ئەو هونەرمەندەی دەرمانخواردوو کردووە، بەو هۆیەوە پاش نەخۆشییەکی دوو ساڵە و بێ چارەسەری، دواجار لە رۆژی ١٩٧٢/٢/٢٦ سەدەی رابردوو ئەم هونەرمەندە مەزنەی کورد دەگاتە کاروانی شەهیدان و لە تەمەنی پەنجا ساڵە و شەش مانگی دا ژەهر کووژ دەکرێ:

ئەوەی لەم نووسینەدا دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەم و بەچەند خاڵێک روونی بکەمەوە، ئەوە "جیهانی بوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک"ە، چۆن من لەم ماوەیە دا و لەم نووسینانەدا چەند جارێک نووسییومە "حەسەن زیرەک هونەرمەندی جیهانی" لە کاردانەوەی ئەم دەستەواژەیە، لەم رۆژانەی رابردوو برایەکی خۆشەویست و رۆشنبیرم گلەیی لەسەر ئەم "جیهانی بوون"ـە هەبوو، گووتی: راستە حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە! بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە! کە هونەرمەندێکی جیهانییە!!

ئەوەش لە بیرنەکەین زیرەک هونەرمەندێکی نەخوێندەوار بوو!!

جامن بۆ وەڵامی ئەو برا بەڕێزەو بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش کە لەسەر ئەو رایەن، ئەوا لێرەدا بە چەند خاڵێک رای خۆم لە بارەی جیهانی بوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک روون دەکەمەوە:

سەرەتا بۆ جیهانی بوونی هەر هونەرمەندێک، دوو خاڵ پێویستە:.

یەکەم: ئەو هونەرمەندە کارێکی کردبێ، کە پێشتر کەس نەیکردبێ!

دووەم: ئەو هونەرمەندە هونەرەکەی لە جیهان پێشوازی لێبکرێ و سنووری وڵات و نەتەوەی خۆی بڕیبێ!

هەریەک لەم دوو خاڵەش، ئەگەر بۆ هونەری هەر هونەرمەندێکی هاتە پێشەوە، ئەوائەو هونەرمەندە جیهانییە و هیچ گومانێک هەڵناگرێ، چونکە بۆ هەریەک لەم دوو خاڵە چەندین مەرج پێویستە، تا ئەم دووخاڵە ببن بەواقیع. کەلێرە زۆر بە پێویستی نازانم، بچمە ناو وردەکاری مەرجەکانی ئەم دوو خاڵەوە بەڵام، ئەوە دەڵێم: کە هونەری زیرەک زۆر بەسەرکەوتوویی ئەم دووخاڵەی بەدەست هێناوە و زۆریش سەرکەوتووە لە بەدەست هێنانی مەرجەکانی بەجیهانی بوون! بە جیهانی بوونی هونەری زیرەک. جا من کە چەند جارێک نووسییومە، زیرەک هونەرمەندێکی جیهانییە، ئەوا جیهانی بوونی هونەری زیرەک لەم خاڵانەدا دەبینم.

یەکەم: زۆری ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەک و زۆری "میلۆدی"یەکانی، هەموو ئەوانەی کە باسی زۆری ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەک دەکەن، تا ئێستا هەر یەکەو باسی ژمارییەک دەکات کە ژمارەکان لە "٤٠٠٠" چوار هەزار گۆرانییەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە "١٠٠٠" گۆرانی، واتە لە هەزار "١٠٠٠" گۆرانییەوەبۆ "١٥٠٠"هەزاروپێنج سەد گۆرانی بۆ "٢٠٠٠" گۆرانی و هەروەها "٣٠٠٠" گۆرانی و تا دەگاتە "٤٠٠٠" گۆرانی. جا ئەم ژمارانەش هەریەکێکیان بگری و هەریەکێکیان راست بێ بۆ زیرەک لە نێو هونەرمەندانی جیهان ئەم ژمارەیە، ریکۆرد شکێنە!

نووسەرو لێکۆڵەری مۆسیقا و دکتۆر "تۆفیق ئاڵتونچی" دەنووسێ: "زیرەک یەکەمین هونەرمەندە دکتۆر ئاڵتونچی ژمارەی گۆرانییەکانی نانووسێ، بەڵام، بەبێ دوو دڵی دەنووسێ:

- یەکەمین هونەرمەند لە هەموو جیهان کە زۆرترین ژمارەی گۆرانی تۆمار کردووە- دیارە ئەم ژمارە زۆرەی گۆرانیش، زۆرترین ژمارەی داهێنانی تێدایە، هەروەها هونەرمەندێکی شارەزای مۆسیقا کە لە نەتەوەی فارس بوو، لە سەتەلایتی "کورد سات" گووتی: هونەرمەند حەسەن زیرەک بەتەنیا خاوەنی "٢٠٠٠" دانە میلۆدییە! لە کاتێکدا مامۆستای هونەرمەندی کوردو شارەزای مۆسیقا "مەزهەری خالقی"دەڵێ: هەموو ئەوروپا "هەزار دانە میلۆدییان نییە! کەوابێ هونەرمەند زیرەک، بەتاقی تەنیا دوو ئەوەندەی هەموو ئەوروپا میلۆدی هەیە، دیارە زیرەکیش کوڕی نەتەوەیەکە. کە خاوەنی "١٧٠٠٠" گۆرانی و میلۆدییە! جا ئەوە سەیر نییە! کە زیرەک دەوڵەمەندی گۆرانی و میلۆدی بێت. چونکە کوڕی میللەتێکی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندێکی بێ وێنەو بێ هاوتا لە گۆرانی و میلۆدی دا.

دووەم: هەر مامۆستای هونەرمەند مەزهەری خالقی دەنووسێ:

کاتێ لە رادیۆی کرماشان لەگەڵ مەرحوم حەسەن زیرەک پێکەوە کارمان دەکرد، رۆژانە سەدانە نامە بۆ زیرەک دەهات، هەر لەم بارەیەوە "میدیای زەندی" گوێندەی رادیۆ و خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، باسی ئەو رۆژانە دەکات و دەنووسێ: رۆژانە نزیکەی دوو هەزار نامە بۆ زیرەک دەهاتە رادیۆ و داوای گۆرانی زیرەکیان دەکرد، هەندێک لە خاوەن نامەکان "پارە"یان دەخستە نێو نامەکان و داوایان دەکرد، گۆرانی دڵخوازی خۆیان بۆ بڵاوبکرێتەوە، لە گۆرانییەکانی زیرەک، ئەم نامە زۆرە بۆ رادیۆ لەلایەن گوێگرەکانەوە، ئەگەر نیشانەیەکی هەبێ، ئەو نیشانەی سەرکەوتوویی و زۆری گوێگرو هەواداری زیرەکە، کە من تا ئێستا نەمخوێندۆتەوە و نەشم بیستووە، هونەرمەندێکی تر، چ کورد و چ غەیرە کورد، ئەم ژمارە زۆرەی نامەی بۆ هاتبێ، بۆ رادیۆ، ئەگەر زەمەنەکەش لە بیرنەکەین، کە لە سالانی ١٩٥٩- ١٩٦٢ی سەدەی رابردووە، جگە لەوەش زیرەک وەک هونەرمەندێکی کورد و هونەرەکەشی، لە نێو باری سیاسی و هونەری میللەتی کورد دابوو، ئەوە تەنیا رادیۆ بوو دەنگی زیرەکی بڵاو دەکردەوە، دەنا تەلەفزیۆن و شانۆو سینەما و رۆژنامە و گۆڤارەکان، هاوکار نەبوون، جگە لەوەی ئەو هونەرمەندە، فرسەتی گەڕانی وڵاتانی نەبوو، وەک هونەرمەندێک و بۆ ئاهەنگ و کۆنسێرت، ئەوەی هەبوو دەربەدەری بوو لە نێوان ئێران و عێراق و بە شێکی ئەم دەربەدەرییەش گرتنی نێو بەندیخانەکان بوو، پۆلیسی عێراقی پاش گرتنێکی زۆرو ئازار دانێکی زۆر لەگەڵ هەموو بێ گوناهییەکەی، پۆلیسی عێراق بەگیراوی دەیداتەوە دەست پۆلیسی ئێران و پۆلیسی ئێرانیش دەیانخستەوە نێو بەندیخانەی ئێران و ئەوەی پۆلیسی عێراقی پێیان نەکردبوو، ئەوان بە زیادەوە پێیان دەکرد. ئەو هونەرمەندە جیهانییە، ئاوا پۆلیسی پێشوازییان لێ دەکرد نەک حکومەت و میللەت!!؟

سێیەم: گەرووی زیرەک، زیرەک ئەگەر هونەرمەندێکی گەورە بوو، ئەوا خاوەنی "گەروویێکی تایبەت"یش بوو، ئەوەتا، بەڕێز "رابەخانم"ی خێزانی زیرەک باسی ئەوە دەکات، کە پاش مردنی زیرەک، کۆمەڵێکی ئەمریکایی دێن و دەیانەوێ لاشەی زیرەک بکڕن و گەرووی فەحس بکەن و بزانن ئەو گەرووە، تایبەت مەندییەکەی لە رووی زانستیەوە لەچی دایە.

دیارە ئەم هاتنەی پسپۆڕە ئەمریکاییەکان هەروا بەخۆڕایی نەبووە و پێشتر ئاگاداری هونەری زیرەک بووینە و بەهۆی دەنگ و گۆرانییەکانییەوە، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە گەرووی زیرەک، گەروویێکی جیایە لە گەرووی هونەرمەندانی تر، دەنا بۆچی لە وێوە دەهاتن و لە شارێکی بچکۆڵەی وەکو بۆکان ئامادەبوون پارەیەکی یەکجار زۆر بدەن تا لاشە یان گەرووی زویرەکیان دەست کەوێ! دیارە لە سایەی دەنگ و ئاوازی زیرەک گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە گەرووی زیرەک گەروویێکی جیایە، لە گەرووی هونەرمەندان و کەسانی تر. بەداخەوە ئەو پسپۆڕە ئەمریکاییانە لە سەردەمی ژیان و زیندوویێتی زیرەک نەهاتوون، بۆ ئەوەی زیرەک خۆی هەست بەم گرنگی پێدانە بکات و دڵنیام کە زیرەک، رایەکی جیاوازی دەبوو، لە رای بەڕێز "رابە خانم"و هەموو ئەوانەی کە لێنەگەڕاون، گەرووی زیرەک بکەوێتە دەست ئەو زانایانە و پشکنینی زانیستیانەی بۆ بکرێ، کە بەدڵنیاییەوە گەرووی زیرەک جیابوو لە گەرووی کەسانی و تر و هونەرمەندانی تر، چۆن ئەوەتا زیرەک لە سەردەمی نەخۆشی و لاوازی دا لە وەڵامی ناسیارێکدا دەڵێ: من نەخۆشییەکەم ئەوە تا لە نێو سک و هەناوم دایە، دەنا گەرووم ئێستاش وەک کوڕێکی پازدە بیست ساڵە گۆرانیت بۆ دەڵێم! بەڵێ! گەرووی زیرەک گەروویێکی جیاواز بوو، گەروویێکی جیهانی بوو، چۆن مێشکی ئەنیشتایین: مێشکێکی جیاواز بوو لە مێشکی کەسانی ئاسایی، لەسەر قسەی زاناکان ئەوانەی لە مێشکی ئەنیشتاینیان پشکنیوە. دیسان بە دڵنیاییەوە دەیلێم: ئەگەر گەرووی زیرەک بکەوتبایە دەست زاناکان و ئەویش پشکنینی زانستیانەی بۆ کرابوایە، ئەوا بێشک زاناکان بەلێکۆڵینەوەی زانستی دەگەیشتنە ئەو رایەی کە: گەرووی زیرەک گەروویێکی جیایە، لە گەرووی خەڵکی ئاسایی و گەروویێکی تاقانەیە و گەروویێکی جیهانییە.

هەر ئەم هاتنەی پسپۆڕانی ئەمریکایی و هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی لاشەو گەرووی زیرەک، بۆ پشکنین! خۆی بەڵگەی گرنگی و جیایی گەرووی "زیرەک"ە لە گەرووی کەسانی تر، دەنا رۆژانە بێ ژمارە خەڵک دەمرن و هونەرمەند دەمرن لە هەموو جیهان، کەچی هەر ئەو زانا و پسپۆڕانە داوای لاشە و گەرووەکانیان ناکەن. پێنجەم: نەخوێندەواری زیرەک، وەک ئەو برا بەڕێزەم گووتی و زۆری تریش، نەخوێندەواری زیرەک بە عەیب و کەم و کورتییەک بۆ زیرەک ئەژماردەکەن، کەچی من بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڕێزانە، نەخوێندەواری زیرەک بە شانازییەک دەزانم بۆ زیرەک، چونکە نەخوێندن و بێ بڕوانامەیی زیرەک نەبۆتە هۆی ئەوەی کە هونەرەکەی هیچ کەم و کوڕییەکی هەبێ.

وەک بەڕێز دکتۆر "محەمەد سەدیقی موفتیزادە" دەنووسێ "زیرەک لە هونەر هیچی کەم نەبوو!" ئەوەتا "رابە خانم" خێزانی بە وەفای زیرەک، زۆر بە سادەیی و زۆر بەزانایی دەڵێ: "راستە زیرەک بێ سەواد بوو، بەڵام زۆر باسەواد بوو" بەڵێ: نەخوێندوار بوو، بەڵام، بەڕاستی خوێندەوار بوو! ئەگەر خوێندەواری مەرجی بەرهەمداری و داهێنان بێ، ئەوا داهێنان و زۆری بەرهەمی زیرەک، مەرجی خوێندەوارییەکەیەتی، ئەگەر هەموو بڕوانامەیەک نیشانەی زانایی و رۆشنبیری خاوەن بڕوانامەکە نییە! ئەوا نابێ، هەموو نەخوێندەواری و بێ بڕوانامەیەکیش نیشانەی نەزانی و بێ بەرهەمی بێت، ئەوەتا زیرەک بەنەخوێندەواری خۆی، ئەوەی سەڵماند کە بۆ داهێنان، هەر تەنیا خوێندەواری و بڕوانەمە مەرج نییە! لێرەش زیرەک بەنەخوێندەواری خۆی و بە زۆری و بێ رکابەری بەرهەمیش، جارێکی تر دەبێ بەکەسێکی بێ هاوتاو بێ وێنەو.



حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای رادیۆی کرماشان بە سەرۆکایەتی عەبدولسەمەدی



لە راستەوە نوری بەدەوی (دەف)، سەردار رەمزی (کەمان)، حاتەم سەعید (تەپڵ)، حەسەن زیرەک، نەجات عەبدە (شمشاڵ)، حەمە کاکە (عود)، قادر دیلان (کەمان)، رەفیق چالاک (شیعر) فۆتۆ/ رەفیق سلێمانی

دەبێ بە کەسێکی جیهانی، زیرەک کورد بوو!! زیرەک بێ کەس و دەربەدەر بوو!! دەنا زیرەک بە زیاتر لە جارێک و زیاتر لە دەرگایەک دەچووە نێو کتێبی "جینس"ی جیهانی. ئەوکاتە دەبوو بە یەکەمین کورد و یەکەمین هونەرمەند، کە زیاتر لە جاریک دەچێتە نێو کتێبی جینسی جیهانی و بێ ئەوەی مافی کەس بخواو رکابەری هەبێ.

شەشەم: زیرەک لە ژیانی پڕ کوێرەوەری و دەربەدەری خۆیدا، لە سایەی لێهاتوویی و سەرکەوتوویی هونەرەکەی، هەنگاوی باشی بڕیوە لە بەجیهانی بوونی هونەرەکەی خۆی، زیرەک بێ ئەوەی تیپێکی مۆسیقای لە پشت بێ، بێ ئەوەی دەزگایەکی هونەری لەپشت بێ، بێ ئەوەی عەشیرەتێک حزبێک و حکومەتێکی لە پشت بێ، لە سەردەمی ژیانی خۆی بەهۆی رەسەنی و پڕ داهێنانی هونەرەکەی سنووری کوردستان و عێراق و ئێرانی بڕی و گوێگری کوردو فارس تورک و عەرەب و ئەرمەن و زۆری تریشی بۆ خۆی پەیداکردوو دەنگی گەیشتە رادیۆ جیهانییەکانی وەکو "دەنگی ئەمریکا" و "مۆنتیکارلۆ" و زۆر نێوەندی تر، ئەگەر بۆ هەموو ئەمانە کەس پشتگیری نەدەکرد ئەوا بێ شک پێشگرو رێگری زۆریشی هەبوو، ساڵی ١٩٦٦ کە دێتەوە عێراق، لە رادیۆی بەغدا، دەرگای بە روودا دادەخەن و هیچ گۆرانییەکی بۆ تۆمار ناکەن، لە کاتێکدا، چ لە سەردەمی بوونی خۆی ساڵانی سەرەتای پەنجاکان هەتا ساڵی ١٩٥٨ رادیۆی بەغدا بەشێکی زۆری گوێگرەکان گوێگری هونەرمەند حەسەن زیرەک بوون، پاش ئەو ماوەیەش لە هەموو بەرنامەیەکی گۆرانی داواکراودا، لەو رادیۆیە، گۆرانی زیرەک زۆرترین داواکاری هەبوو، کەچی ئەمجارە دەست بە روویەوە دەنێن و نەگۆرانی بۆ تۆمار دەکەن نە وەک هونەرمەندێک لە رادیۆ وەری دەگرنەوە، پاش ئەو دڵشکاندن و بێ هیواکردنە، لە عێراق کە دەگەڕێتەوە ئێران، لەوێش، ئەو رادیۆی کە لە سایەی دەنگی زیرەک دامەزراو گوێگری زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد، هەر ئەو رادیۆیە، ئەویش دەست بەرووی زیرەکەوە دەنێ و نەوەک کارمەندو نەوەک هونەرمەند وەری دەگرنەوە و نەگۆرانی بۆ تۆماردەکەن، لێرەوە شکستێک و بەدبەختییەکی تر یەخەی زیرەک دەگرێ و تامردن بەری نادا.

حەوتەم: زیرەک لەرووی "دەنگ" و "ئاواز" و "گوتن"دا داهێنەرێکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بەداخەوە لەرووی زانستی مۆسیقی ئەو تایبەتمەندییە، بە کێومالکردنی هەموو گۆرانییەکانی زیرەک نەکراوە، کە بەڕای من وەک گوێگرێک لە دەنگی زیرەک- ئاوازەکانی زیرەک لە"سێ"خانەدا کۆدەبنەوە:

یەکەم: ئەو ئاوازانەی کە زیرەک گوتووینەتییەوە، چ فۆلکلۆری خۆمان چ ئاوازی بیانی چ ئاوازی کەسانی تر، زیرەک بەشێوەیەکی زیرەکانە گوتوویەتییەوەو مۆرکی خۆی لێداون و ئێستا بە ئاوازی زیرەک دەناسرێن، ئەمەش هێزێکە لە هێزەکانی داهێنان.

دووەم: زیرەک هەندێک ئاوازی داهێناوە، لەئاستی داهێنراوەکانی هونەرمەندانی ترن، بەڵام، ئاوازی تایبەتی زیرەکن.

سێیەم: زیرەک هەندێک ئاوازی داهێناوە، کە ئاستی بەرزی داهێنانەکانی هونەرمەندانی دیکەی کورد و غەیرە کوردی بەزاندووەو چووەتە ئاستی داهێنانی جیهانی. کە ئەم سێ تایبەتمەندییەو لەنێو ئەم ژمارە زۆرەی گۆرانییەکانی زیرەک، پشتگیرییەکی گەورەیە بۆ بەجیهانبوونی هونەری زیرەک.

هەشتەم: هونەرمەند حەسەن زیرەک بەو هەموو تایبەتمەندییە هونەرییەی کە هەیەتی پێویستە وەک مافێکی خۆی بچێتە نێو کتێبی"گینس"لێرەوە تکا لە هونەرمەندی ناسراوی کورد مامۆستا"ع.ج. سەگرمە"و هەموو ئەو هونەرمەندە بەر□ێزانەی لەرووی زانستی هونەرەوە کاریان لەسەر هونەری زیرەک کردووەو دەنگیان بکەنە یەک و بەڵگە زانستییە هونەرییەکان کۆبکەنەوەو لەڕێگای یاسای هونەری جیهانی داوای ئەوە بکەن، کە زیرەک وەک خاوەن تایبەتمەندییە نەوازەکان- ئەگەرچی درەنگیشە، بەڵام بچێتە نێو کتێبی"گینس"ی جیهانی و جێگای شیاوی خۆی بگرێ.

لێرەوە لە نێو ئەم ژیانە پڕ لە دەربەدەری و بێ کەسی و بێ جێگاییەی زیرەک، زیرەک لە دوولاوە هەنگاوی زۆرو باش ناوە بۆ بەجیهانی بوونی هونەرەکەی!

١- هونەری زیرەک هەموو مەرجەکانی جیهانی بوونی تێدایە، لەرووی هونەری مۆسیقاو شیعرو ناوەرۆکەوە، بە "ئاواز" و "دەنگ" و "گوتن" و ژمارەی زۆر داهێنانەوە، ئەوەش لەبیر نەکەین کە زیرەک بە "کوردی و فارسی و تورکی"یش گۆرانی گووتووە و ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ نێو نەتەوەیی بوونی، هونەری زیرەک، وەک ئەوەی دەربەدەری زیرەک لە نێوان عێراق و ئێران و بڵاوبوونەوەی دەنگی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کورد و توورک و فارسی تێدایە جارێکی تر یارمەتی دەرە بۆ نێو دەوڵەتی بوونی هونەری زیرەک، ئەوا جگە لە هەواداران و گوێگرانی نێو نەتەوە وڵاتانی تر: هەروەها چاولێکردن و گووتنەوەی ئاوازی زیرەک لە لایەن زۆر هونەرمەند و مۆسیقا کارانی نەتەوە و وڵاتە جیا جیاکانی رۆژهەڵات و ئاسیا و جیهانیش.

٢- پێداگری و پڕ داهێنانی و زۆر بەرهەمی زیرەک سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکانی ژیان، ناو و دەنگی زیرەکی گەیاندە زۆر نێوەندی هونەری و راگەیاندن و زۆر پسپۆر و شارەزایی نێو دەوڵەتان و نێو نەتەوان، ئەمانە هەمووی زیرەک بە تاکە کەسی و بەهەژاری و بەدبەختی کردوویەتی، ئەوەی ماوەتەوە و ئەمڕۆ لەسەر میللەتی کورد و نێوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکانی کورد پێوستە بیکەن، تەنیا کارکردنە، بۆ بڕینی شریتی ئەم بە جیهانی بوونەی هونەرمەند حەسەن زیرەک.

هونەرمەند حەسەن زیرەک، تەنیا کەسە کە لەگەڵ هەموو ئەو نەخوێندەوارییەی کە هەیبوو، پسپۆڕان و شارەزایانی مۆسیقای کوردی کورد و غەیرە کورد هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە و کاریان لەگەڵ کردووە و ئەوانەش لە دوورەوە دەنگیان بیستووە، بە هەموو قەناعەتەوە، حەسەن زیرەک بە مامۆستا "استاد" و "عەبقەری" و "نابغە" و "ئەعجوبە" ناوی دەبەن و لەو ناو هێنانەشدا دوو دڵ نین، ئەم لە کاتێکدا هێشتا لێکۆڵینەوەی زۆر و هەمە لایەنە لە رووی "هونەر" و "داهێنان" و "تایبەتمەندی" ترماون هێشتا پەی پێ نەبردراوە، ئەوا چەند ساڵێکی تر و پاش لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و نووسینی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر لایەنە جیا جیاکانی هونەری زیرەک- زیرەکی نەخوێندەوار- بۆمان روون دەبێتەوە، میللەتی کورد خاوەنی چ قوتابخانەیەکی بێ وێنەو تاقانەی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەند لە سایەی زیرەکی بێ جێ و بێ کەس!! ئاوارەو دەربەدەر و هەژارو نەخوێندەوارە!!

لە داهاتوودا، زۆر کەس نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر کارەکانی زیرەکی نەخوێندەوار وەردەگرن و پسپۆڕی لە هونەرو ئەدەبی زیرەک پەیدا دەکەن! پسپۆڕی لایەنێکی ئەو هونەرو ئەدەبە، نەک هەموو لایەنەکانی بەرهەمی زیرەک، چونکە بەرهەمی زیرەک بەرهەمێکی زۆرو هەمەلایەنە، لە توانای تەنیا کەسێک و تەنیا پسپۆڕێک نییە! بتوانێ لێکۆڵینەوەی زانستی لە تەواوی بەرهەمی زیرەکدا بکات. هەربۆیە لە داهاتوودا زۆرکەس دەبنە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای ئەکادیمی لە سایەی بەرهەمەکانی زیرەکی نەخوێندەوار.

کە دەشنووسم، لەلایەنی ئەدەبی و هونەری زیرەک، مەبەستمە بڵێم: چۆن زیرەک لە هونەری مۆسیقا و دەنگ داهێنەرە! ئەوا بەهەمان شێوە لە رووی ئەدەبیشەوە داهێنەرە، ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری شیعری گۆرانییەکانی دانانی خۆیەتی و هەموو ئەوانەش کە فۆلکلۆرن و گووتوو نییەتەوە ئەوە، مۆرکی رەسەنی خۆی لێداون و ئێستا هەموو شیعرەکانی گۆرانییەکانی زیرەک، شیعری زیرەک دەژمێردرێن، جگە لەوەی کە کتێبی "چریکەی کوردستان" بەبێ هەموو دوو دڵیەکەوە، دەبێ بە "دیوانە شیعری" زیرەک بژمێردرێ و زیرەک وەک "شاعیرێک" و خاوەن "دیوانە شیعرە" هاتووەتە نێو ئەدەبی کوردی، چ ئەو شیعرە دوور و درێژەی، کە باسی ژیانی خۆی دەکات، منداڵیەوە، تا گەڕانەوەی بۆ ئێران پاش ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق، چ ئەو شیعرەی کەباسی ئامێرە مۆسیقییەکان و ئاوازە کوردییەکان دەکات، کە جگە لەوەی هەریەک لەم بابەتانە، بۆ خۆی نوێن لە ئەدەبی کوردی، بۆ هونەرمەندێکی نەخوێندەواری وە زیرەک، دەبن بە بەرهەمی شیعری، کە ئەم کتێبی "چریکەی کوردستان"ە کە لە ساڵی ١٩٦٦ زیرەک بڵاوی کردۆتەوە، لە زۆر رووەوە لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ، ئەوە جگە لەوەی کە زیرەک لەم شیعرە ژیاننامەیەدا، باسی ژیانی خۆی دەکات، ئەوا لە هەمانکاتیشدا ئاوێنەیەکی ئەو رۆژگارەی کوردەوارییە بۆ ناسینی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو جوگرافیایەی کە زیرەک لەو ماوەیەدا تێیدا سوڕاوەتەوە. گرنگترین خاڵێک کە بمەوێ لێرەو لە باسی شیعرە ژیاننامەکەی "زیرەک" دا باسی بکەم، ئەوا خاڵی "ئیعتیرافات" واتە "دانپیانان" کە زیرەک چ لە چریکەی کوردستان و چ لە نووسینەکانی میرزا کەریم و چ لەو قسەکردنانەی نێو کاسێتەکان، بە زۆر بڕوا بەخۆبوونەوە، لە چەند جێگایەک بە زمانێکی رەوان دان بە کارەکانی خۆی دادەنێ و دان بەوەش دادەنێ کە لە بەندیخانەکاندا پێیان کردووە، هەر ئەم دێرە شیعرەی زیرەک، کە حیکمەتێکی زیرەکە و لەو ژیانە پڕ لە ناخۆشی و دەربەدەرییەکەی خۆی بەدەستی هێناوە، سەیرکە چەند راستگۆیانە و ئازایانە دەفەرمووێ:

یەکێ بێ گەورە، کە بەڕەڵلابێ
وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ

ئەو دانپێدانانەی زیرەک، داهێنانێکی زیرەکە و تا ئێستا هیچ کەس لە کورد لەوانەی کە باسی ژیانی خۆیان کردووە، وەکو هونەرمەند "حەسەن زیرەک" نەیانتوانیوە ئاوا بێ دەمامک و زمان رەوان واقیعی ژیانی خۆیان وەکو "پاڵەوان" و "فریشتە" وێنا دەکەن، ئەوا زیرەک بەزاری خۆی دەفەرمووێ: "من ژیانی خۆم ئاوا بردۆتە سەر" لە کۆتاییدا بەبێ دوو دڵییەوە دەینووسم و دەیڵێم! زیرەک، کەسایەتییەک و هونەرمەندێکی بێ وێنەیە و داهێنانەکانی زۆر لە وەزیاترەکە بیکات بە هونەرمەندێکی جیهانی، بەڵام، ئەوە هەر "زیرەک"ە دەتوانێ بەجوانی باسی خۆی و هونەرەکەی بکات! دەفەرمووێ:

"هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو! چۆن کورد بووم و بە کوردی قسەم دەکەم" بەداخەوە! ئەمڕۆکەش، کە ئەوا سی و هەشت ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە نەخوێندەوارەدا تێدەپەڕێ، لەگەڵ هەموو خراپ و نارێک بەکارهێنانی گۆرانییەکانی زیرەک، لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە! هێشتا دەنگی زیرەک، هونەری زیرەک، لە ریزی پێشی پێشەوەی هونەری کوردییەو ئێستاش سەرقافلەی بێ رکابەرە، کەچی هێشتا خەڵکانێک هەن، هەموو زانیاری و ئاگادارییەکیان لە بارەی ژیانی زیرەک، لە "رستە" و "دەستەواژە"یەکی ناشیاوگیر بووەو ناتوانن خۆیان لەو خراپ تێگەیشتنە لە کەسایەتی زیرەک و هونەری زیرەک رزگار بکەن و چۆن زیرەک چ وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی خۆی وەکو خۆی ناساندووە و راستگۆو سەربەرزیشە لەو خۆناساندنە! ئاوابناسن! دێن سەرپێیانەو لاسەنگانە بەو رستەو دەستەواژە دوژمنکارانە باسی زیرەک دەکەن و خۆ لەو هەموو جوانی و داهێنانە دەبوێرن، کە زیرەک هەر خۆی و بێ هەموو یارمەتییەک و لە نێو ژیانێکی دۆزەخ ئاسادا بەرهەمی هێناوە، دەچن لە سەر ئەو چەند خاڵە دەوەستن، کە دەسەڵات و کۆمەڵگە و رۆژگار بەسەر "زیرەک"ی داهێناوە! بەڵێ وەک گۆرانی مەزن دەفەرمووێ! "لەنێو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار، وەک عەکسی قەمەڕ وایە لەنێو گۆمێکی لێخندا." ئەوانەی کە بڕیاری سوتاندنی گالیلۆیان دا، پاش سێ سەدە میراتگرەکانیان، پەشیمان بوونەوە و داوای لێبوردنیان لێ کرد!!

تۆ بڵێی زیرەک کوژەکان رۆژێ بێت پەشیمان ببنەوە و داوای لێبوردن لەگیانی زیرەک بکەن!

تێبینی: ١- هونەرمەندێکی گەورەی وەک "حەسەن زیرەک" لەگەڵ ئەم هەموو بەرهەمە زۆرو نایابەی کە هەیەتی، سەدجار بەداخەوە "رادیۆ" و "تەلەفزیۆن"ەکان و "سەتەلایتەکان"هیچ بەرنامەیەکی هونەری و شیاو یان نییە، بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانییە خۆش و جوانەکانی زیرەک، زۆر کەم گۆرانییەکانی زیرەک بڵاودەکەنەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارە کەمەش، لە هەڵبژاردنی گۆرانییەکان هیچ خوێندنەوەیەک بۆ کات و جۆری گۆرانییەکە ناکەن، چۆن زیرەک دوو جۆرە تۆمارکردنی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە رادیۆکانی بەغدا و تاران و کرماشان و ئەورێزو مهاباد تۆمارکردن و ئاستی تۆمارکردنییان بەرزە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە لە رادیۆکاندا هەبووە، تۆماری دووەم ئەو گۆرانییانەیە کە زیرەک لە بۆنەو دانیشتنەکاندا و لە دانیشتنی تایبەت تۆماری کردوون. جا هەر بۆیە هەڵبژاردنی جۆری گۆرانی و کاتی گۆرانی، بۆ گۆرانییەکانی زیرەک زۆر پێویستە، بۆ نموونە! ئەو گۆرانییانەی کە گەرم و پڕن لە خۆشەویستی ژیان، بە بیستنی ئەم گۆرانییانە گوێگر دڵگەرمتر دەبێ بۆ کارو بۆ ژیان، هەندێک لە گۆرانییەکانی زیرەک، گۆرانی خەماوی و گریاناوین و پێویستیان بەکاتی تایبەت و رۆژانی تایبەت هەیە. بەڕای من تەواوی گۆرانی و میلۆدییەکانی زیرەک دەکرێ بەسەر بیست و چوار سەعاتی شەو و رۆژ و هەفتە و هەر چوار وەرزی ساڵ دابەش بکرێن، ئەگەر لێکۆڵینەوەی دەروونی و سروشتی وردیان بۆ بکرێ.

٢- ئەو "کاسێت" و "سیدی"یانەی کە تۆمارگاکان بڵاویان دەکەنەوە، زۆر نارێکن و بەربادە و زیانێکی زۆر بە هونەری زیرەک دەگەیێنێ، چۆن تێکەڵکردن و خراپ تۆمارکردن و بڕینی گۆرانی لە ناکاو و زۆرکاری تر کە زەوقی گوێگر تێکدەدەن و زیان بە هونەری بەرزی زیرەک دەگەیەنن. بۆیە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری مەرجی هونەری هەبێ و کەسانی پسپۆر چاودێری ئەم جۆرە تۆمارکردنانە بکەن و کەسانی سەرپێچی کار سزا بدەن و ئاستی هونەری زیرەک و هەموو هونەرمەندان بپارێزن.

٣- ئەوەی کە زۆر کارێکی جوان و شیاوە و خزمەت بە هونەری هونەرمەندی کورد زیرەک دەکات، کاری مامۆستای دڵسۆز و پسپۆر لە مۆسیقای کوردی مامۆستا ع.ج سەگرمەیە و لە دڵەوە دەست خۆشی لێدەکەم و هیوادارم، بەردەوام بێت لەسەر ئەم خزمەتە جوانە.

٤- دیسان ئەو کارەی کە "ئەنیستیوتی کەلەپووری کورد" لە سلێمانی بۆ هونەرمەندانی کوردی کردووە و رەونەقێکی تازەی داوە بە کارەکان و لە نێوان کارەکاندا. هونەرمەند "حەسەن زیرەک"یش کاری تیبەتی بۆ کراوەو هەشت دانە "سیدی" یان بەشێوەیەکی شیاو لە پاکەتێکدا کۆکردۆتەوە و ژیانێکی تازەیان وەبەر گۆرانییەکاندا کردووتەوەو زۆر شارەزایانە و هونەرمەندانە ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانییەکانی رۆژانی زووی هونەرمەند "حەسەن زیرەک" یان خستۆتە بەر دەستی نەوەی نوێ و ئاشقانی دەنگی ئەم هونەرمەندە. من لێرە خۆزگە دەخوازم و تکایان لێ دەکەم، بە تایبەت مامۆستایانی هونەرمەند،مامۆستا "مەزهەری خالقی" و مامۆستا "ع. ج سەگەرمە" کە وەختی زۆرتر بۆ بەرهەمەکانی زیرەک تەرخان بکەن، چونکە ئەم کارە هەر لەو بەرێزانە دەوەشێتەوە. لەگەڵ دنیایەک سوپاس و دەست خۆشیم بۆ ئەم نێوەندە و مامۆستایانی سەرپەرشتیکار و تەواوی دڵسۆزانی کارکەر لەم "ئەنیستیتۆنی کەلەپووری کورد"یە، کە بەراستی کارێکی شیاو لەوەختی خۆیدا دەکەن.

## هونەرمەند مەزهەری خالقی دەنووسێت: هەموو ئەوروپا "هەزار دانە میلۆدییان نییە! کەوابێ هونەرمەند زیرەک، بەتاقی تەنیا دوو ئەوەندەی هەموو ئەوروپا میلۆدی هەیە

### ئاگاداری

**بۆ خوێندەوارانی بەڕێز و ئاشقانی هونەرو دەنگی هونەرمەند"حەسەن زیرەک"و هەموو ئەو بەرێزانەی کە دەیانەوێ راستی ژیان و بەسەرهاتی ئەو هونەرمەندە بزانن، ئەوا رایدەگەیەنین کە لە ژمارەکانی داهاتووی هەفتەنامەی بەدرخاندا ئەو لێکۆڵینەوە شیکارییە بڵاو دەکەینەوە کە"د. مەولود ئیبراهیم حەسەن"کردوویەتی. لەژێر ناوی"ساواکی ئێران. بۆچی(حەسەن زیرەک)ی کوشت". چاوەڕوان بن.**

بەشی شەشەم

# ئەمین عالی بەدرخان (١٨٥١- ١٩٢٦)

و. حوسامەدین یاسین سەرداری

محەممەد ئەمین عالی بەدرخان کە پتر ناسراوە بە (ئەمین بەگ عالی بەدرخان)، ئەمین بەگ کوڕی میر بەدرخانە، ئەو میرەی کە خانەنشین کراوە لە فەرمانبەرێتی پۆستی ( پشکنەری دادی شاری ئەدەنە) بە درێژایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە کەسایەتییە رادیکاڵەکان بوو، کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەبووە.

ئەمین عالی بەدرخان باوکی هەریەک لە (سورەیا و جەلادەت و کامەران) عالی بەدرخانە، ئەم کوڕانەش رۆڵی بەرچاو و گرنگییان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی گێڕاوە، ئەمین عالی بەگ لە جەنگی عوسمانی - رووسی ساڵی ١٨٧٧دا بەشداری کردووە، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی لە بەرەی جەنگ بمێنێ، بە پێی هەندێک لە سەرچاوەکان، لەساڵی "١٨٩٩"دا خۆی و میر مەدحەت بەدرخان هەوڵی شۆڕشێک دەدەن و شاری ئیستانبوڵ جێدەهێڵن بۆ شاری (ترابزۆن) و لەوێشەوە بۆ (جویزلەک) و لەسەر داواکاری خۆیان کۆبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی ئەنجام دەدەن، لەو کاتەی ئەمین بەگ و میر مەدحەت بەدرخان لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی یەکتر دەبینن، هێزەکانی سوپای عوسمانی نزیک (بایبۆرت) لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی تووشی شەڕێکی قورس دەبن و پێشمەرگەکان ناچار دەبن بگەڕێنەوە چیاکان و حاڵەتی بەرگری وەرگرن، بەڵام دوای چەندین پێکدادان و شاڵاوی سوپای عوسمانی و تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی لەبەر کەم بوونی تفاق و تەقەمەنی و خواردن و پێداویستییەکان و هاتنی سوپای دیکەی عوسمانی بۆ بەرەی شەڕەکە، ناچار دەبن هەردوو برا خۆیان تەسلیم بە سوپای عوسمانی بکەن.

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٩٨ و بەهۆی بەدەستکەوتنی نووسراوێک بە واژۆی میرەکانی بەدرخانییەکان، کە نێردرابوو بۆ (ترابزۆن) بە دەست لێپرسراوانی دەوڵەت، کەتیایدا داوای لە گەلی کورد کردبوو بۆ هەڵسان بە راپەرین و شۆڕش لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، دەسەڵاتداران هەڵدەستن بە گرتنی ئەمین عالی بەدرخان و براکانی و بۆ ماوەی پتر لە ٣ مانگ بەند دەکرێن، دواتر پارێزەر (ئالکونت ئوسترودورن) وەکو بریکار داکۆکیان لێدەکات و ئازاد دەکرێن، بەڵام دواتر ئەمین عالی بەدرخان کە (پشکنەری دادی بووە لە سەلانیک و ئەدەنە دواتر بە هەمان پۆست لە ئەنقەرە و قونییە لەساڵی ١٩٠٦ بوو) دوور دەخرێتەوە و دەربەدەر دەکرێت بۆ (ئیسپارتە) دوای گرتن و بەندکردنی پیاوانی ماڵباتی بەدرخانییەکان و دوورخستنەوەی ئەمین عالی بەدرخان بۆ ئیسپارتە، دووبارە دوورخراوەتەوەو نێردراوە بۆ (عەککا) کە بۆ ماوەی (٣ ساڵ) بە ئاوارەیی لەوێ نیشتەجێبووە. ئەمین بەگ وەکو فەرمانبەر لە شاری (نابلس) دادەمەزرێت.

ئەمین عالی بەدرخان لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی هاوکاری و پەرەپێدانی کوردستان- جمعیە تعاون وترقی کوردستان ) و(کۆمەڵەی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری- جمعیە کوردستان لنشر المعارف ) و سەرۆکی دووەمی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان- جمعیە تعالی کوردستان) و سەرۆکی (دروستکراوەکانی کۆمەڵایەتی کوردی- التشکیلات الاجتماعیە الکوردیە) بوو، ئەمین عالی بەدرخان لە کەسایەتیە کوردییە بەناوبانگەکان بوو بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩١٩ کە هەوڵی زۆری داوە بۆ یەککلاکردنەوە و سەید موعین و کەسایەتی بەناوبانگی شاری دەرسیم (سەید ئیبراهیم) ئەم لیژنەیەش لیژنەی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان - مالمیسانژ ) بوو". ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە، ئەندامی پلە دوو بوون، هۆکاری هاتنی سەرکردە کوردەکان لەوانە شێخ عەبدولقادر لە ترسی تۆمەتبارکردنی لەلایەن تورکەکان بە (ناپاکی گەورە - الخیانە العقمی)، بەڵام هاتنی ئەمین عالی بەدرخان کە پێشتر لە چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان، بەتایبەتی دەوڵەتی بەریتانیا (کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی براوە بوو و داوای دەکرد کە پشتگیری لە کێشەی کورد بکەن، بەڵام ئەمین عالی بەدرخان نەچووە کوردستان بۆ بەردەوامی کارەکان، بەڵکو شاری ئیستانبوڵی کردبووە ناوەندی چالاکییەکانی خۆی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد.

ئەفسەری ئینگلیزی بەناوبانگ (مێجەر نۆئێل) لە ساڵی ١٩١١ دەنووسێ و دەڵێت:"کوردەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئینگلیزەکان دەوڵەتی ئەرمینیا دابمەزرێنن و کوردەکان بکەونە ژێر رکێف و گوشاری ئەم دەوڵەتە" هەروەها دەڵێت ((لە رۆژی ٣٠یتەممووزی ساڵی ١٩١١، کە گەیشتمە ئیستانبول چاوم بە سەرکردە کوردەکان کەوت، لەوانە ماڵباتی بەدرخانییەکان و ماڵباتی شێخ عەبدولقادر، دوای وتوێژکردنێکی زۆر، پێشنیازیان کرد کە منیش لەگەڵیان بەرێ بکەوم و بچمە ناوچەکەیان (باکووری کوردستان - وەرگێر) و هەر لەوێ لیژنەیەکیان پێکهێنا لە هەردوو کوڕی ئەمین عالی بەدرخان و زاوای شێخ عەبدولقادر خێزانێکی دەوڵەمەندی ناسراوی ناوچەکە بوو، ئێستا باری ئابووری زۆر باش نییە و پێی شەرمە بەم جۆرە بچێتە ناوچەکە. لە راستیدا گەشتکردن لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانە بۆ ماوەیەکی درێژ زۆر زەحمەت بوو، چونکە شێخ عەبدولقادر سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی دەم بە خەندەیە، بەڵام زۆر کەللە رەق و رەشبینە، ئەمین عالی بەدرخانیش سەرەڕای ئەوەی دەم بەخەندەیە پیاوێکی سەنگینە و لەراستیدا هەموو مەرجە کاریگەرەکانی سەرکردەیی تێیدا هەبوو، زۆر وردبین بوو لە بۆچوونەکانی و لە شیکردنەوەی پێشهاتەکان، لە راستیدا نموونەیەکی زۆر باشی سەرۆکی عەشیرەتە کوردییەکان بوو، کە راوێژم پێدەکرد هەموو زاراوە کوردییەکانی بە باشی دەزانی و کەسایەتی تایبەتمەندو کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی هەبوو، بەڵام منداڵەکانی کەمتر بایەخیان بەکارەکانی دەداو لە ئیستانبوڵ دەژیان و لە رێگای کاری رۆژنامەوانییەوە بژێوی خۆیان و پێداویستییەکانییان پەیدا دەکرد. سەرەڕای ئەوەی پێویستی نەدەکرد کە هەردوو کوڕەکەی لە گەشتەکەمان بەشداری بکەن، بەڵام ناچار کران لەگەڵمان بێن.

لە راستیدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان رێز لە ماڵباتی بەدرخانییەکان دەگیراو بەزەقی هەستم بەو رێزە دەکرد.

هەر لەسەر وتەی مێجەر نۆئێل کە دەڵێت:"ئەمین عالی بەدرخان لە پیاوە دیارەکانی ماڵباتی بەدرخانییەکانەو پیاوێکی کەڵەگەت و باڵابەرزو سوور و سپی و دووربین بوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردەکان هەبوو بە تایبەتی کوردەکانی بۆتان".

لە بەهاری ساڵی ١٩١٩ تورکەکان خۆشحاڵبوون بەوەی کە لە پۆستی والی دیاربەکر دایدەمەزرێنن، بەڵام دواتر پەشیمان بوونەوە، چونکە باشیان دەزانی کە ئەمین عالی بەدرخان بەهیچ جۆرێک ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بە کورسی والیاتی ناگۆڕێتەوە. دووجار هەوڵی دا لە شوێنی دەستەبەربوونی لە (ئیستانبوڵ) رابکات و خۆی رزگار بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، یەکەم جار لە (تەرابلوس) گیراو دووەمجاریش لە (بایەزید ).

هەروەها مێجەر نوئێل لە رۆژانەی یادگاری تایبەتی فەرمانبەرێتی خۆی لە نیسانی "١٩١٩"دا باس لە دامەزراندنی ئەمین عالی بەدرخان لە پۆستی والی دیاربەکر دەکات و دەڵێت: "کوردەکانی شاری (نوسەیبین) کە پشتگیری لە بزووتنەوەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر کارگێڕی حکومەتی تورکیا دەکەن بروسکەیەکیان لە سەرکردەی ئەم بزووتنەوەیەیان (شێخ عەبدولقادر) کە لە ئیستەمبوڵ نیشتەجێیە پێگەیشت تیایدا جەخت لەوەدەکاتەوە کە لە ئاکامی کوشتنی موسڵمانان زیان لە ئامانجی نەتەوەیی کورد نەدەن، هەروەها لەلایەکی دیکە بروسکەیەکی دیکەیان پێگەیشت کە لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان نێردرابوو تیایدا دەڵێت: "کە حکومەتی تورکیا لە پۆستی والی دیاربەکری دایانمەزراندوە سەرۆک وەزیران (فەرید پاشا) وەرگرتووە بۆ ئەمین عالی بەدرخان و چەندین هەواڵی دیکەش، بەڵام ئەمین عالی بەدرخان ئەم پۆستەی رەتکردەوە بە ئامانجی بوونی بە سەرۆک کۆماری کوردی، ئەم هەواڵانەش لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە پشت راست نەکرانەوە، بەڵام لە راپۆرتێکی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی کە تێبینی (نهێنی پلە بەرز- سری للغایە)ی لێ نووسراوە لە بەرواری ١١/١١/ ١٩٢٤ بە پشت بەستن بەوەی کە ٥ ئەفسەری سوپای عوسمانی کە پشتگیری و هاوسۆزیان لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد هەیە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نەتەوەیی کورد، پێشنیاز دەکەن کە یەکێک لە ماڵباتی بەدرخانییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەم حکومەتە پێشنیاز کراوە دیاری دەکەن".

لە ساڵی "١٩٢٤"دا ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکەی جەلادەت عالی بەدرخان سەردانی (مستەر رایان)یان کرد لە کۆمسیۆنی باڵای بەریتانی و ئاشکرایان کرد کە ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ یۆنانییەکان هەیە بۆ پشتگیری کردنییان لەسەر ئەنجام دانی راپەرین و شۆڕش دژی کەمالییەکان، بۆ لێکۆڵینەوە و بە ئاکام گەیاندنی ئەم ئامانجە داوای راوبۆچوونی ئەوانیان کردبوو سەبارەت بە سەردانی ویلایەتی موسڵ و هەروەها پرسیاریان لێ کردبوو سەبارەت بە (هەبوونی ئامادەکردنی بزووتنەوەیەک لە ناوچەی ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئینگلیز؟) مستەر رایان وەڵامی دانەوە و وتی : دەتوانن بچن بۆ موسڵ، بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستا دەستپێکردن و سەرهەڵدانی بزووتنەوەو کاری چەکداری و بەرەنگاربوونەوە پەسەند نییە و هەروەها سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی چەکداری کارێکی قورسە و لەوانەیە وا بزانرێت کە لە نێوان ئینگلیزو کەمالییەکانە، و ئێستا لە دەوری وەرگرتنی پۆستەکەیە و بەم زووانە دەگاتە دیار بەکر".

پێشتر مێجەر نۆئێل پێشنیازی کردبوو کە ئەمین عالی بەدرخان وەکو والی دیار بەکر دابمەزرێت، بەڵام فەرید پاشا (سەرۆک وەزیرانی تورکیا) رەزامەندی نیشان دابوو بە دامەزراندنی یەکێک لە سەرکردەکانی کورد بۆ پۆستی والی دیاربەکر، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی لە کوردستان هەبێت، بە مەرجێک ئەم کەسایەتییە دوور بێت لە بزووتنەوەی کوردی دژی حکومەت، لە لایەکی ترەوە بە پێی بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای ئینگلیز کە لە ئیستانبوڵ نیشتەجێیە، کە پێویست بوو لەسەر ئینگلیزەکان بە پێی رێککەوتنامەی نێوانیان، تێکەڵی ئیش و کاری ناوخۆی حکومەتی تورکیا کە پەیوەست بێت بە کێشەی کورد بە شێوەی راستەوخۆ نەبن. بە شێوەیەکی تایبەتی بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای ئینگلیز دژی دامەزراندنی ئەمین عالی بەدرخان بۆ پۆستی والی دیار بەکر بوو.

سەرەڕای ئەوەی چاپەمەنییەکانی تورکی چەندین هەواڵیان بڵاوکردەوە لەوانە (ئینگلیزەکان پۆستی وەزارەتی دادیان لە بەڵام کۆمسیۆنی باڵای یۆنانی لە ئیستانبوڵ (کانیللو پولوس Kanello Poulos) پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و براکەی حامد و پێشنیازی پێشکەش بە (ڤینزیلوس Venizelos) کردبوو بە پێویستی پشتگیری کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی. سەرەڕای ئەوەی چەند سەرچاوەیەک دەڵێن:"کە ئەمین عالی بەدرخان و براکەی حامد، پەیوەندییان لەگەڵ ڤیرتسیس Vertsis ) کەسەر بە کەنیسەی رۆمی لە ئەماسیا هەبوو و داوایان کردبوو کە هاوکاری یۆنانییەکانیان بۆ مسۆگەر بکەن، بەڵام هەروەکو دەزانرێت هیچ هاوکارییەکی یۆنانی- کوردی بە کردارەکی بەدی نەهاتووە.

ئەمین عالی بەدرخان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٢٠ پشتگیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی دەکرد و خۆشی وەکو سەرکردەیەکی ئەو چینەی کە تێدەکۆشا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەقەڵەم دەدا. هەر خۆی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ دا دەڵێت:"لە نێوان کوردەکان دوو باڵ هەبوون، سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەموومان رازی بووین بەوەی سوڵتان خەلیفە بێت، بەڵام یەک لە باڵەکان کە لەروانگەی رامیاری بەهێزتر بوو لە باڵەکەی دیکە داوای لێکجیابوونەوەی یەکجارەکی لە تورک دەکرد، بەڵام باڵەکەی دیکە مەترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەوروپییەکان وازیان لێبهێنن و تورکەکان لەدژیان بوەستن، بۆیە تەنیا بە ئۆتۆنۆمی لە سنووری ئێستای دەوڵەتی تورکیا رازی بوون، بەڵام ئەم باڵە کەمینە بوون، پرسیاری کردو وتی مادام هەموومان پشت بە پرەنسیپی (ولسۆن) دەبەستین بۆچی ئەم پرەنسیپە لە کوردستانیش پەیڕەو ناکرێت؟". لەگەواهی شێخ عەبدولقادر لە میانەی دادگایی کردنەکەی کە لەساڵی ١٩٢٥ لە دیار بەکر لە سێدارە درا، وتی ((ئەمین عالی بەدرخان بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد و دەیووت: هەتا ئەگەر ئۆتۆنۆمیمان بۆ کوردستان وەرگرت من نامەوێ لەگەڵ تورکەکان یەکبگرینەوە، دەشیووت لەگەڵ ئەرمەنەکان یەکدەگرمەوە، بەڵام لەگەڵ تورکەکان هەرگیز یەکناگرمەوە".

ئەو کوردستانەی کە ئەمین عالی بەدرخان لە خەیاڵی دابوو پێک هاتبوو لە رووبەرێکی زۆر فراوان، هەر بۆ نموونە نەخشەی کوردستانی هاوپێچ کردبوو بەو نووسراوەی بۆ بریکاری کونسوڵی باڵای ئینگلیز لە ١٩٢٠/٣/٢٠ ناردبوو، بریتیبوو لە کوردستانی ئێران کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێدا کردبوو.

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە کە ( ئەمین عالی بەدرخان رۆڵێکی سەرکردایەتی باڵای هەبوو لە نێو پارتەبەناوبانگەکانی ئۆپۆسۆزیۆنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆ نموونە لەساڵی ١٩١٨ یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و ئەندامی چالاکی (تیمی میللی رادیکالی سەربەخۆ) لە ئیستانبوڵ، هەروەها یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ناوەندی گشتی تیمی ئازادی و ئیئتیلاف کە لە گەورەترین رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عوسمانی لەساڵی ١٩٢٠ دا بووە".

ئەمین عالی بەدرخان جگە لە سورەیا و جەلادەت و کامەران، هەریەک لە مزیەت، تۆفیق، حیکمەت، سەفەد، و بەدرخانی هەبووە، کوڕەکەی بەدرخان لە تەمەنی (١٨ مانگی) لە ئاوارەیی لە قەڵای عەککا کۆچی دوایی کرد، زۆربەی کوڕەکانی ناردە زانکۆکانی ئەوروپا بۆ دابین کردنی فێرکردن و پەروەردەی بەرزو هەستی نەتەوایەتی رەسەنی کوردی. هەروەکو جەلادەت عالی بەدرخان دەنووسێت و دەڵێت:"باوکم تۆی پەروەردە کردو هەستی نەتەوایەتی لە ویژدانمان چاند و ئێمەش پشتگیری لە رێچکەی نەتەوایەتی کوردی باوک و باپیرمان دەکەین و بەردەوام دەبین".

بە پێی چەند سەرچاوەیەک کە دەڵێت:"دوای هاتن و وەرگرتنی حوکم لەلایەن کەمالییەکان، بڕیاری لە سێدارەدانی پاشملە لە دژی ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکانی سورەیا و جەلادەت و کامەران دەردەچێت، ئەمین عالی بەدرخان تورکیای بەجێهێشت و کۆتایی ساڵەکانی تەمەنی لە دەوڵەتی میسر ژیا تاوەکو لە ساڵی ١٩٢٦ هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد".

**سەرچاوە (بدرخانیو جزیرە بوتان . ترجمە شکور مصطفی . ١٩٩٨**

**لە ژمارەی (١٤٧)ی هەفتەنامەی بەدرخان (٢٠١٠/٨/٢٢)شوناسی ئەمین عالی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە**



ئەمین عالی بەدرخان (١٨٥١- ١٩٢٦ ز)

> **بە پێی چەند سەرچاوەیەک کە دەڵێت:"دوای هاتن و وەرگرتنی حوکم لەلایەن کەمالییەکان، بڕیاری لە سێدارەدانی پاشملە لە دژی ئەمین عالی بەدرخان و کوڕەکانی سورەیا و جەلادەت و کامەران دەردەچێت**

# ئەنجامی دەنگدانی ریفراندۆمەکەی تورکیا: ٤٤,١٥٪ بەڵێ، ٣٢,٠٦٪ نەخێر، ٢٣,٧٧٪ بایکۆت

**ئا: سەرباز سیامەند**

دوای بەکۆتا هاتنی ریفراندۆم لەسەر ٢٦ ماددەی دەستووری هەمیشەیی تورکیا، پرۆسەی هەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان دەستی پێکرد. ڕێژەی سەدی دەنگەکان لەسەر ئاستی هەر ٨١ شاری تورکیا لەنێویاندا ٢٤ شاری کوردی هەن، ئەنجامی دەنگدان ٤٤,١٥٪ بەڵێ، ٣٢,٠٦٪ نەخێر، ٢٣,٧٧٪ دەنگی بایکۆت و هی ئەوانەش بووە کە دەنگیان نەداوە. ئەمەش گفتوگۆی چڕی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە لە تورکیا جگە لە دەنگی بەڵێ و نەخێر رای سێیەمیش هەیە. ئەگەر پێشتر پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP ئەگەر وەک موخاتەب مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەڵام بە بڕوای زۆر لەچاودێرانی تورکیا ئەو بەهانەیە مایەپووچ دەکات، کە بگووترێت ئەوان موخاتیبی کورد نین.

**کەجەکە: ئەردۆغان تەمەنی دەستووری کودەتای درێژکردووەوە**

سەرلەبەیانی ١٢ی ئەیلوولی ٢٠١٠ دەنگدان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا سەعات٧ی بەیانی و لە شارەکانی رۆژئاوا سەعات٨ی بەیانی دەستی پێکرد و دەنگدان ماوەی ٩ سەعات بەردەوام بوو. دەستووری تورکیا دوای کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلوولی١٩٨٠ لە ١٩٨٢ لەلایەن حکومەتی سەربازی ئەو وڵاتەوە دانراوە، تا ئێستا ١٥ جار هەموارکراوە، بەڵام یەکەم جارە پرۆسەی هەموارکردنی٢٦ مادەی دەستور دەخرێتە راپرسییەوە. دەستووری کودەتای ١٢ی ئەیلوول کوردانی لە هەموو شتێک بێ بەش کرد و ئازادی، ماف، زمان، کلتور و هەمووشتێکی لە کورد قەدەغەکرد. بە بڕوای بەرپرسی پەیوەندیەکانی عێراقی کۆماجڤاکێن کوردستان (KCK) هەڤاڵ فەرحان عومەر سەرۆکوەزیری ئەو وڵاتە:"رەجەب تەیب ئەردۆغان ویستی بەو ریفراندۆمە تەمەنی دەستووری کودەتا درێژبکاتەوە و ئیمپراتۆریەتی خۆی بنیات بنێت."

**هۆکاری بایکۆتی ریفراندۆمەکە لە لای کورد**

١- کەم نەکردنەوەی ڕێژەی ١٠٪ی دەنگی حزب و لیستەکان بۆ چوونە ناو پەرلەمان بۆ رێژەی ٣٪.

٢- لە دەستوور و ئەو خاڵانەشی هەموارکراوە ئاماژە نەکراوە بە مافی خوێندن بە زمانی دایک.

٣- رەتنەکردنەوەی سزای قەدەغەکردنی مومارەسەکردنی سیاسەت لە کەسایەتییەکان.

٤- پشت بەستن بە تورکیا نەکراوە بە بنەما بۆ ئینتیماو هاووڵاتی بوون، بەڵکو کراوە بە بنەما بۆ رەگەزی تورکبوون.

**گوندەکەی ئۆجەلان دەنگی بایکۆتی چڕی!**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان جگە لە هەندێ جاش و پۆلیس و دەنگی ساختە، کوردان بەرێژەیەکی بەرچاو ریفراندۆمەکەیان بایکۆتکردووە. لەگوندی (ئامارا)ی سەر بە ناوچەی (خەلفەت)ی شاری روحا، کە رێبەری پەکەکە عەبدوڵلا ئۆجەلانی لێ لە دایکبووە ٩٤٪ی دەنگدەران ریفراندۆمەکەیان بایکۆت کرد. لە کۆی ٣٥٩ دەنگدەر تەنیا ٢٣ کەس دەنگیان داوە. بەمەش گوندەکەی ئۆجەلان دەنگی بایکۆتی چڕی!. لە شارە کوردییەکان لە ئەرزنجانی ئاستی بەشداران ٨٦٪ بووە و لە شاری هەکاری (جۆلەمێرگ) لە زۆرینەی سندوقەکان بەبەتاڵی گەڕێنراونەتەوە و رێژەی دەنگدانیش ٩,١٪ بووە.

**سێ بەرە جیاوازەکە**

ریفراندۆم لەسەر ٢٦ مادەی دەستوور سێ بەرەی جاوازی لێکەوتەوە کە بەرەی (بەڵێ، نەخێر، بایکۆت) بوون. تەنانەت ئەمجارە دوو پارتی کوردی نزیک لە پارتی بەناوەکانی KADEP (پارتی دیموکراسی بەشدار) سەرۆکەکەی کوردێکە بەناوی شەرەفەدین ئالچی، HAK-PAR (پارتی عەدالەت و ئازادی) کە پارتەکەی عەبدولمەلیک فورات نەوەی شێخ سەعید بووە و ئێستا بایرام بۆزیەل سەرۆکێتی پشتگیری بەڵێیان لە ئاکەپە دەنگی (بەڵێ) کرد! سێ بەرە جیاوازەکەی **ریفراندۆم ئەمانەن:**

١- لایەنگرانی دەنگی (بەڵێ): بریتین لە ٦ پارت و پێکهاتوونە لەپارتی داد و گەشەپێدان AKP (پارتەکەی ئەردۆغان)، BBP (بیوک بیلیلک پارتسی/ پارتی یەکێتی مەزن)، SP (سەعادەت پارتسی)، ANP(ئەنا ڤەتەن پارتسی/ پارتەکەی تورگۆت ئۆزال)، KADEP (پارتی دیموکراسی بەشدار/ پارتەکەی شەرەفەدین ئالچی)، HAK-PAR (پارتی عەدالەت و ئازادی/ سەرۆکەکەی بایرام بۆزیەل و کۆنە پارتی عەبدولمەلیک فورات).

٢- لایەنگرانی دەنگی (نەخێر): بریتین لە ٧ پارت، پێکهاتوون لە پارتی گەلی کۆماری CHP (حزبەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورکئێستاکلچدارئۆغلوسەرۆکێتی)، پارتی بزاڤی نیشتمانپەروەری تورکیا MHP (دەوڵەت باخچەلی سەرۆکیەتی)، DSP (پارتی چەپی دیموکرات)، DP (پارتی دیموکراتی)، ÖDP (پارتی ئازاد و پێکهاتن)، BTP (پارتی تورکیای مەزن)، EP (پارتی رەنج).

٣- لایەنگری بایکۆت: پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDPیە کە تاکە پارتی یاسایی و گەورەترین پارتی کوردییە کە ریفراندۆمیان بایکۆت کردو هەڵوێستی بایکۆتکردنی ریفراندۆمی دەستووری گرتە بەر و خەڵکی کورد لە شارەکانی تورکیا بەرەوپیری ئەو بایکۆتەوە چوون، بەڵام هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە لەزۆربەی شارە کوردییەکاندا دەنگێکی زۆر ساختەکراوە. ئەمەش چەندین ناڕەزایی خەڵکی ئەو شارانەی لێکەوتەوە. بەدەپە وەک بڕیاری پێشتریان بایکۆتی پرۆسەکەیان کردو لە ماوەی رابردوودا داوایان کرد، دەستوورێک ئامادە بکرێت ئینکاری نەتەوەکانی تورکیا نەکات و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەوڵەت دژی گەریلاکانی پەکەکە بوەستێنرێت.

**دەربارەی ریفراندۆم...**

کۆماری تورکیا پێکهاتووە لە ٨١ شار کە لە نێویاندا ٢٤ شاری کوردی هەیە. ژمارەی دانیشتوانی ٧٢ ملیۆن و ٥٦١ هەزار و ٣١٢ کەسە و لەپرۆسەی ریفراندۆم بۆ٢٦ مادەی دەستوور ٤٩ ملیۆن و ٤٤٦ هەزار و ٢٦٩ هەڵبژێر (دەنگدەر) مافی دەنگدانیان هەبوو، کە بەسەر ١٥١ هەزار و ٥٤٩ سندوقی دەنگدان دابەش ببوون، بەڵام تەنیا ٣٧ ملیۆن و ٦٨٨ هەزار و ٢٥٠ کەس دەنگیانداو ١١ ملیۆن و ٧٥٨ هەزار و١٩ دەنگەکەی تریش هی بایکۆت و ئەوانەبوو کە دەنگیان نەدا. ئاستی بەشدارانی پرۆسەکە لە سەرانسەری تورکیادا ٧٧٪ بووە. لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا پۆلیس، ئاسایش و هێزەئەمنیەکان مافی ئەوەیان نییە دەنگ بدەن بەهۆی ئەوەی کە ئەوان موڵکی گشتین و نابێت لایەنگیری لە هیچ کەس و لایەنێک بکەن، مەگەر بە ساختە دەنگ بدەن.

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییەکان دەنگی ((بەڵێ)) سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بەم شێوەیە پرۆژە یاسای هەموارکردنی ٢٦ مادەی دەستوور بەسەر کەوت. لایەنی MHP دەنگی ((نەخێر)) لە ناوچەکانی باشووری رۆئاوای ئەنقەرە لایەنگریان زۆر بوو، دەنگێکی زۆریان بەدەست هێنا. لە شارە کوردییەکان و لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنقەرە کە زۆرینەی لایەنگرانی پارتی ئاشتی و دیموکراتین، بە (بایکۆتکردن)ی دەستوور و بەشداری نەکردنیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ناوچەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا و ناوەراستی تورکیا بەشی زۆری دەنگەکانی بۆ ئاکەپە چووە کە دەنگی "بەڵێ"یان بەکار هێناوە.

**دەنگدان لەسەر ئاستی هەر ٨١ شارەکەی تورکیا بەمجۆرە بووە**



- ٢١ ملیۆن و ٨٣٤ هەزار و ٥٥٤ کەس دەنگیان بە (بەڵێ) داوە کە ٤٤,١٥٪ بووە.
- ١٥ ملیۆن و ٨٥٣ هەزار و ٦٩٦ کەس دەنگیان بە (نەخێر) کە ٢٣,٠٦٪ بووە.
- ١١ ملیۆن و ٧٥٨ هەزار و ١٩ دەنگەش دەنگی بایکۆت و ئەوانەشی کە دەنگیان نەداوە بووە و رێژەکەی ٢٣,٧٧٪ بووە.

بەڵام لەو ریفراندۆمەی دەستوور تورکییەکان رێژەی سەدی دەنگەکانی خۆیان تەنیا لەسەر حیسابی بەڵێ و نەخێر دیاریکردووە بێ ئەوەی گوێ بدەنە دەنگەکانی بایکۆت، ئەوانەی دەنگیانداوە و دەنگەکان سووتاوە، کاغەزیان بە سپێتی خستۆتە سندوق، یان هەر دەنگیان نەداوە. ئەوان رێژەی سەدییەکان لەسەر ئەو ٧٧٪ی رێژەی بەشداربوون هەژمارکردووە.

لە شارێکی وەک ئامەد (دیاربەکر) ژمارەی دەنگدەرانی ٨٤٩ هەزار و ٨٥٩ کەس بووە و تەنیا ٢٩٩ هەزار و ٤٢٢ کەس دەنگیان داوە و ٥٥٠ هەزار و ٤٣٠ کەسیش دەنگی نەداوە کە ٦٤,٨٪ی بایکۆتیانکردووە و تەنیا ٣٥,٢٪ دەنگیان داوە. ئاکەپە و MHP وCHP وەک هەمیشە نەژاد پەرستانە رێژەی سەدیان لەسەر دەنگی بەڵێ و نەخێرەکەی ئەو ٣٥,٢٪یە دەرهێناو و دەڵێن لە دیاربەکر دەنگی بەڵێ ٩٤,١٪ بووە و دەنگی نەخێریش ٥,٩٪ بووە. وەک ئەوەی بڵێیت لە دیاربەکر هەموو کوردان دەنگیان بە بەڵێ و نەخێر داوە. ئەمە نموونەیەکە و بەرەبابی بەڵێ و نەخێرەکە لە هەموو شارە کوردییەکان رێژەی دەنگەکانیان وەها بۆخۆیان هەژمار کردووە. بۆیە ئەوان دەڵێن دەنگی بەڵێ بەرێژەی ٥٧,٩٣٪ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لە بەرامبەردا دەنگی نەخێر رێژەی ٤٢,٧٪ی تۆمار کرد.

**دەنگدان لە باکووری کوردستان**

ئەوانەی لە ٢٤ شارە کوردییەکەی باکووری کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەبووە بریتی بوونە لە ٨ ملیۆن و ٩٧٥ هەزار و ٤٠٤ دەنگدەر، بەڵام تەنیا ٥ ملیۆن و ١٨٦ هەزار و ٧٠٤ کەس دەنگیان داوە و ٣ ملیۆن و ٧٨٨ هەزار و ٧٠٠ دەنگدەرەکەی تر بایکۆتی ریفراندۆمەکەیان کردووە. رێژەی سەدی بەشداربووانی دەنگدانەکە بە بەڵێ و بە نەخێر و بە سووتاندنی دەنگەکەش ٥٧,٧٩٪ بووە و ٤٢,٢١٪شی ریفراندۆمەکەیان بایکۆتکردووە.

**دەنگدان لە چەند شارێکی تورکی کوردنشین**

لە تورکیا بەگشتی کوردان لە هەر ٨١ شارەکە بە رێژەی جیاواز بوونیان هەیە، بەڵام ئەو شارە تورکیانە ژمارەیەکی زۆر کوردی لێ دەژیێت، وەک: ئەستەنبۆل، ئەنقەرە، ئەدەنە، بۆرسا، ئیزمیر، کۆنیا، هاتای. ژمارەی دەنگدەر لەو ٧ شارە تورکیە کوردنشینە ٢٠ ملیۆن و ٩١٤ هەزار و ٦١٧ کەس بووە و تەنیا ١٦ ملیۆن و ١٧٠ هەزار و ٩٢٣ کەس دەنگیان داوە و ١٤ ملیۆن ٧٤٣ هەزار و ٩٦٤ کەسیش ریفراندۆمەکەیان بایکۆتکردووە یان هەر بۆ خۆیان دەنگیان نەداوە.



## رای پێش وەخت

**دڵزار حەسەن**

### دوای بێدەنگی... یارمەتیەکی مەعنەوی بۆ دەزگای بەدرخان

ماوەی چوار مانگ زیاترە مانم لە نووسین و لێدوانی رۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن و شتی لەو بابەتە گرتووە، وەک هەر کەسێکی ئاسایی منیش بە دەردی کۆنکەن بازەکان وتەنی بۆ خاتری چونکە نێو دنیایەکی تازەوە دەستی خۆم گۆڕی. بە کورتی جەدوەلی ژیانم گۆڕی و سەرباری مانەوەم لەگەڵ هاوڕێ کۆن و تازە رۆژنامەونووسەکان، بەڵام پێڕێکی دیکەم لە هاوڕێیان و کەسانی تایبەت بە کارە تازەکەم هاتنە نێو بازنەکەوە. بازنەی ئەمجارەم، واتە ئەو کەسانەی لە نێو ئەو گروپە تازەیەدا ببوونە دۆستم، زەڕەیەک سەریان لە نووسین و رۆژنامە و سیاسەت و ئەدەب و هتد.. دەرنەدەچوو. لەگەڵ ئەوان فێری زۆر شتبووم کە لەمەو پێش گرنگیم پێنەدەدان، ئەوان خشتەیەکی جوانی دۆستانە و کۆمەڵایەتییان بۆ حەیاتی رۆژانەیان هەبوو کە ئەمە بەلای راگەیاندنکار و شاعیر و هونەرمەندەوە وەک زیندان وایەو پابەند نابن پێیەوە، هەر ئەو سلوکەی ئەو جۆرە کەسانەشە وای لە ژنەکانیانکردووە لە زۆر کاتان بە توانج و پێناخۆشبوونەوە پیشەکەی ئەوان بە هەوێی خۆیان وەسفبکەن؟!! شکور بە هۆی پابەندبوونم بە شێوە ژیانی ئەوانەوە، هاوسەرەکەی منیش بۆ دوا جار حەسایەوە و هەوێی نەگبەتەکەی لە کۆڵ بوویەوە. ئەو برادەرە تازانەم، هەفتانە رۆژێکیان هەبوو بۆ جلکڕین و جوانکاری و گەشت و سەردان. لەمەشیان سوودم وەرگرت، بە دەردی سەرتیپ جەوهەری گوتەنی شارەزای جل و بەرگی کوالێت بەرز و خۆ شیککردن و چوونە هەندێک شوێن بووم کە پێشتر پێمان وابوو ئەو جێگایانە هی هەرزەکار و گەنج و شتی لەو بابەتەیە، بەڵام بە سای ئەوانەوە تێگەیشتم کە ئەو هەرزەکار و گەنجانەی ئێمە پەراوێزیان دەخەین راقیترین و خۆشترین ژیانیان هەیە کە ئێمە پێیی نازانین، لەوێ دەکەوتمە بیری رابردوو و سەردەمی هەرزەکاریەوە و بەراوردی شێوە ژیانی خۆمان و ئەوانم دەکرد. رەنگە کەم لە ئێمە، مەبەستم هاو تەمەنەکانمە، کاتی ئەوەی نییە دوو سەعات و زیاتریش لە ژێر دەستی سەرتاشێک دابنیشێت تا جوانکاری قژ و دەم و چاوی بۆ بکات؟!!! ئەمەشم تاقیکردەوە. ئەوان بەشێوەیەک باسی ئیرادەی ئینسانیان دەکرد کە پێویستە وابکات و وابژیت و بەو شێوەیە هەنگاو بهاوێژێت زۆر لەو ئەکادیمست و نووسەر و پسپۆرانە باشتر قسەیان لەو مەجالە دەکردوو، شتێکی دیکە ئەمان تەنها بە نەزەری و وتەی گەورە و بریقەدار تەعبیریان لەو تێگەیشتنەی خۆیان بۆ ئیرادەی ئینسان نەدەکرد، بەڵکو زۆربەیان بە فیعلی و پراکتیک ئەم نەزەریەی تاقیکردبۆوە. بێگومان بەینی خۆشمان بێت خۆشم حەزم بەو دنیایەی ئەو برادەرانە هەبوو، ئەمەشم بۆ ئەوە بوو تا ئەو بڕیاری مانگرتنەم لە نووسین و کاری راگەیاندن درێژە بکێشیت و بە سایی ئەوانەوە خۆم لە یادبکەم، بەڵام ئەوە دەبینن مانەکەم شکاندوو خارە حەمیدی بەدرخان خۆشبێت، رۆژوەکەم بووە قوربانی حازریان، رەمەزانی ئەمساڵیش هەندێ لە برادەران سێ رۆژیان پێشکاندنم، واتە ٢٧ رۆژانە بە رۆژوبووم، رۆژێکیان زۆرم قسە لەگەڵ ژنێکداکرد کە زۆربەیان بێ پەردەبوو؟!! ئیدی شکا!!!! ئەمەی دووەمیش زەوقی ئاوخواردنم هەڵسابوو، ئەمیش شکا!!!! رۆژەکەی دیکەش هەر بەهەوەس بە رۆژونەبووم؟!!! بەهەرحاڵ رۆژوو شکاندنەکەی خارە حەمیدم بەلاوە زۆر گرنگە، چونکە ئەمەی رەمەزان لەگەڵ خودایەو ئەمیش بەرەحمە، بەس وەک گوتوویانە "لۆمەی عەبدی لە عەزابی قەبری بە تینترە" منیش نەموێرا قسەی کاک حەمیدی بەدرخان بشکێنم لەبەر دوو شت، یەکەمیان ئاگادارم وەزعی دەزگای بەدرخان لە رووی ماددییەوە زەعیفە و مینحە و یارمەتیەکانی گشتی بڕاوە. منیش هەرچەندە ناتوانم لە رووی ماددیەوە هاوکاری ئەو دەزگایە بکەم کە دنیایەک خزمەتیکردووە، بۆیە لەلای خۆمەوە بە هۆی ئەو نووسینەوە ویستم هاوکاریەکی مەعنەوی ئەو دەزگایە بکەم.

# ئەردۆغان لە رۆژی کودەتادا کودەتای بەسەر عەسکەرتاریەتدا کرد!

**ئا: س سیامەند**

هەرچەندە رۆژی ١٢ی ئەیلوول لای جەنەڕاڵ و عەسکەرتاریەت لە تورکیا شتێکی پیرۆز و مانابەخش بێت، بەڵام وەک وتەنی ئەو رۆژەیان لێ بوو بە دۆزەخ. لە رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ جەنەڕاڵەکانی تورکیا لە رێی کودەتایەکی سەربازی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و دوو ساڵ دوای ئەوەی لە ١٩٨٢ دەستووری هەمیشەیی بەرەبابی کودەتا لە لایەن چەند جەنەڕاڵێکەوە دارێژرا. بەڵام ئاکەپە و سەرۆک وەزیری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان بە ئەنقەست رۆژی کودەتای سەربازیان بۆ رۆژی ریفراندۆم هەڵبژارد و بەمەش ئەردۆغان لە رۆژی کودەتادا کودەتای بەسەر عەرسکەرتاریەتدا کرد!

لەهەڵمەتی ریفراندۆم لەسەر ٢٦ مادەی دەستووری هەمیشەیی تورکیا، سەرۆک وەزیری تورکیا یان دروستتر بڵێین پارتی داد و گەشەپێدان AKP گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر ٢٦ مادەی دەستووری داهێناوە خۆی لەم چوار تەوەرە



سەرەکییە دەبینێتەوە:

یەکەم: سنووردارکردنی رۆڵی سوپای تورکیا

ئەردۆغان پێشنیازی گۆڕینی ئەو مادە دەستووریانەی کرد کە دەسەڵاتێکی زۆری دابوو بەدەزگای سوپاو دادگا سەربازییەکانی. پێشنیازی ئەوەبوو کە ئەو دەسەڵاتە لەدادگا سەربازییەکان بسێنێتەوە، بەتایبەتی کە چیتر ئەوان نەتوانن خەڵکی مەدەنی راپێچی دادگای سەربازی بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە دادگا مەدەنییەکانن کە لەسایەی ئەم گۆڕانکارییانەدادەتوانن کارمەندانی سەر بە دامەزراوەی سەربازی ئەو وڵاتە راپێچی دادگا بکەن. هەروەها حەسانەی یاسایی لەو سەرکردە سەربازییانە سەندەوە کە کودەتاکەی ١٩٨٠یان ئەنجامدا، ئەمەش لەرێگەی رەتکردنەوەی ئەو بڕگە دەستوورییەوە کە لەساڵی ١٩٨٢دا ئەو حەسانەیەی پێبەخشیبوون و هیچ کام لەحکومەتەکانی دواتر نەیانتوانی ئەوان راپێچی دادگا بکەن، سەرەڕای ئەو پێشێلکارییە زۆرو زەبەندەی ئەوان لەبواری مافی مرۆڤدا ئەنجامیان دابوو. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم گۆڕانکارییە، کۆتایی بەرۆڵی باڵادەستی سوپا لەتورکیادا دەهێنێت، کە لەمەوداو وەک دامەزراوەیەکی سەر بەحکومەت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. کە ئەمە بەگۆڕانکارییەکی گەورە دادەنرێت لەو وڵاتەدا، بەسەرنجدان لەوەی هەمیشە سوپای تورکیا چاودێر بووە بەسەر ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەوەو بەردەوام خۆی بەمیراتگرو پارێزەری بنەماکانی کەمالیزم و عەلمانیەت و هێزی فەرماندەی دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکی زانیوەو هەر کاتێک جەنەراڵەکانی ئەم سوپایە پێیانوابووبێت بنەماکانی کەمالیزم خەریکە دەکەونە مەترسییەوە سڵیان لەکودەتاو هەڕەشەو کوشتار نەکردووەتەوە.

دووەم: رێکخستنەوەی دادگای دەستووری

لەسایەی ئەم دەستوورەی تورکیادا، کە دوو ساڵ دوای کودەتاکەی ١٩٨٠ داڕێژرابوو، دەسەڵاتێکی گەورە درابووە دادگای باڵای دەستووری ئەو وڵاتە، زۆرێک لەچاودێران پێیانوابوو کە ئامانج لەبەخشینی ئەم دەسەڵاتە زۆرە بەو دادگایە کە بەردەوام هەر یانزە ئەندامەکەی لە"کەمالیستە توندڕەوەکان" بوون، کۆنترۆڵکردنی حکومەت و قەدەغەکردنی حزبە نەیارەکان و چاودێریکردنی ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە بووە لەرێگەی یاساوە، کە هەمیشە ئەم دادگایە رێگەی لەجۆرە سەرپێچیکردنێک گرتووە کە پێی وابووبێت نارژێتە خانەی بەرژەوەندییەکانی کەمالیزمەوە. زۆرجار ئاماژە بەوەش کراوە کە سوپاو دەزگای دادوەری گرنگترن لەقەڵاو سەنگەری پاراستنی عەلمانی و کەمالیزم لەتورکیادا. ئەردۆغان پێشنیازی گۆڕینی هەیکەلیەت و چۆنیەتی دانانی ئەو دادوەرانەی کردووە کە دەچنە ئەم دادگایەوە، کە ژمارەیان لە ١١ ئەندامەوە دەبێتە ١٧ ئەندام و بۆ هەڵبژاردن و دانانیشیان دەسەڵاتێکی گەورە بەپەرلەمان و سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە دراوە.

سێیەم: گرنیگدان بەمافی هاوڵاتیبوون

بە پێی دەستووری تورکیا کارمەندانی دەوڵەت مافی ئەوەیان نەبوو لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیاندا مانبگرن، ئەردۆغان لەرێگەی رەتکردنەوەی ئەم ماددەیەوە لەدەستووردا، ئەو مافەبەکرێکاروکارمەندانی دەوڵەت دەدات، کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان مانبگرن. ئەمە جگە لەوەی لەسایەی ئەم گۆڕانکارییانەدا بایەخێکی زۆر بەمنداڵان و بەساڵاچووان دەدرێت لەلایەن دەوڵەتەوە.

چوارەم: گەشەدان بە ئابووری

بەپێی ئەم پێشنیازانە، لەتورکیادا دەزگایەک دادەمەزرێنێت بە مەبەستی نەخشەو پلاندانان بۆ پێشخستنی ئابوری ئەو وڵاتە، کە حکومەت زیاتر دەستی تیا کراوە دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

**تێبینی: بۆ نووسینی ئەم راپۆرتە سوود لەهەفتەنامەی ئاوێنە وەرگیراوە.**

# ژنە ناودارەکانی شاری هەولێر


زەینەبەی شێخ عەبدولکەریمی دارخورما


زولەیخا مەحموود ئەبوبەکر - هاوسەری سەعید مەسیفی

**حەمید ڕەشاش**

ئەو ژنە خەباتکەرو تێکۆشەرانەی بە خۆبەخشانە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لەساڵی (١٩٦١) لە شاری هەولێر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەمان و سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان وازیان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هێنابوو بە شەو بە ڕۆژ خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە نهێنییەکانی حزبەکەیان بوون لەناو شاری هەولێر لە کاتێکدا بوو حکومەتی ئەوسا ئەوەندە دڕندەو دژوار بوو بەرامبەر گەلەکەمان لەساڵی (١٩٦٢) کەرەکانی کاروانچییەکانی هاتووچۆی شاریان دەکرد دەیانگرت ئەو ژنە دڵسۆزانە بە بێ ئەوەی بپرسن خۆبەخشانە هەموو ئیشوکاری بە پیاوەکان نەدەکرا ئەوان دەیانکردو زۆرجاریش لە ترسی گرتن خۆیان لە ماڵی خزمەکانی خۆیان دەشاردەوە، بۆ نموونەش مامز خانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ خورشید شێرە لە ڕێکەوتی (١٩٦٢/٢/٨) لە هەولێر زیندانی کراو هەر لەناو زیندانەکە ڕزگاری کوڕی لە دایک بوو، لە ڕێکەوتی (١٩٦٣/٣/٢٠) لە زیندان ئازادکرا، لە پاش ئازادکردنی ئەو ژنە تێکۆشەرە هەمیشە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەشاخ بووە لە ساڵی ١٩٦٣ چوومە گوندی گۆمەشین، کاک خورشید شێرە ماڵەکەی لە گوندی گۆمەشین بوو ئەوژنە کوردپەروەرانە نە مووچەیان هەبوو نە ئێستاش مووچەیان هەیە، ئەوکاتە کەس بیری لە مووچە نەدەکردەوە، وەکو ژنانی ئێستا هەموو ئەو ژنانەی لەناو شارەکان کاری حزبایەتیان دەکرد خێزانی پێشمەرگە دێرینەکان بوون بەشی زۆریان نەماون خۆ لە سایەی دڵسۆزانی و شەهیدەکانمان کوردستان ئازادە دەبووایە نوسەران و ڕۆژنامەنووسە بەڕێزەکان جاروبار باسی ڕۆڵی ئەو ژنە کوردپەروەرانەیان کردبا، یان سەردانیان کردبان بە تایبەتی ئەوانەی ماون با چاوپێکەوتیان لەگەڵ بکەن یان لێپرسراوان جارەک سەردانی ماڵەکانیان بکەن، خۆ ئەو ژنە دێرینانە تازە داوای پاداشت و مووچە ناکەن، هەر بۆ دڵخۆشی بۆ ئەوەی بزانن حکومەتی هەرێم و لێپرسراوان چاویان هەموو لایەک دەبینێ خۆ ئەو پیرێژنە دێرینانە دەزانن ئێستا بەدەیان ژن بە ناوی ژنانی شاخ خانەنشین کراون و مووچەی باش وەردەگرن، بەشێک لەو ژنانە نە ژنی شاخن و لە شاخیش بوون، تەنها بۆ سەیران و گەشت و گوزار شاخیان دیتیە منەتیش لەسەر حکومەت و حزبەکان دەکەن، دەڵێن چمان بۆ نەکراوە ئەگەر بەروارد بکەین ژمارەی ژنانی شاخ ئەوەندەی نیوەی ژمارەی پێشمەرگە دەبێ ئایە ئەو هەموو ژنانە لە شاخ بوون ئەوەش دەزانین ژنانی شۆڕشی ئەیلوول خانەنشینی نایانگرێتەوە.

ناوی ئەو ژنە تێکۆشەرانەی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لە هەولێر کاریان دەکرد

١- خوا لێخۆشبوو خوشکەساڵحەی خێزانی شەهیدی نەمر خەیروڵڵا عەبدولکەریم بوو ئەو ژنە تێکۆشەرە تا لە ژیاندابوو بەردەوام بوو لە خەبات کردن.

٢- زەینەبە خانی کچی شێخ عەبدولکەریم بوو زەینەبەخان خۆی و بنەماڵەکەیان و تەکیەکەشیان لەڕیزی پێشەوەی کوردایەتی بوون بە تایبەتی هەردوو برایەکانی شێخ ئەحمەد و شێخ مەعروف زەینەبە خان ئێستاش لە ژیان ماوە و خاوەن بیر و باوەڕە.

٣- مامز خێزانی پێشمەرگەی دێرین کاک خورشید شێرە، کە پێشتر باسم کردیە مامزخان ماوە، بەڵام نەخۆش و پەککەوتەیە.

٤- فاتم خانی خێزانی خوالێخۆشبوو عەولای دوکاندار، فاتمەخان ژنەکی ئازاو بەتوانا بوو خۆی و هاوسەرەکەی کۆچی دواییان کردووە.

٥- مەلەکخانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین حەمید ڕەشاشە، ئەم ژنە دێرینە ماوەی ٣ سێ ساڵە جەڵتەی دەماغ لێیداوەو قسەکردنیشی نەماوە و لەسەر جێگا کەوتووە.

٦- خوشکە خانێ خێزانی پێشمەرگەی دێرین خوالێخۆشبوو فەتاحی حەسەن بەگی، خوشکە خانێ نەخۆش و پیرە، ئێستاش خۆبەخشانە لەگەڵ ژنان کاردەکا و لە وڵاتی سویدە و زوو زوو سەردانی کوردستان دەکات.

٧-زولەیخای خێزانی پێشمەرگەی دێرین خوالێخۆشبوو سەعید مەسیفی بوو، ئەو ژنە دڵسۆزە لە ژیاندا ماوە، پیرو نەخۆشە ئێستا لەگەڵ منداڵەکانی لە وڵاتی سویدە.

٨- سافیەخانی خێزانی کادیری دێرین و ناسراو خوالێخۆشبوو مەولود ڕۆژباش، خوشکە سافیە لە ژیاندا ماوە و لە دارەتوو دەژی.

ئەم ژنانەی ناویان لەسەرەوە نووسراوە ئەمانە بوون هەموو ئیش و کارە نهێنییەکانی ناوشاری هەولێریان کرد وەکو:

١-دابەشکردنی هەموو نامەکانی پێشمەرگە لەسەر ماڵەکانیان و گەیاندنی نامەی ماڵەکانیان بۆ پێشمەرگەکانیان.

٢-دابەشکردنی یارمەتی بەسەر ماڵە پێشمەرگەکان بە ئەمانەتەوە.

٣- گواستنەوەی چەک و فیشەک لەکاتی پێویست لەناو شار.

٤- دابەشکردنی چاپەمەنییەکانی حزب بۆ شوێنی مەبەست.

٥- گواستنەوەی کەلوپەلی حزب وەکو تایپ و ڕۆنیۆ.

٦- بەشداربوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بڵاوکردنەوەی نەشرەی حزب لەشەقامەکان بە نهێنی.

ئەو ژنانەی لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە شاخ بوون لە شۆڕشی ئەیلوول ئێستا بەشێکی کەمیان ماون لە ژیان .

١- بەشی زۆری ژنە کاوانییەکان لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە شاخ بوو.

٢-نەجیبەخانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین تۆفیقی مەلا سدیقی هەردووکیان لە ژیاندا نەماون.

٣-پەخشان خانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین و مامۆستای مێژوونووس عەبدولرەقیب یوسف، پەخشان خان نەماوە لە ژیاندا .

٤- حەلیم خان و قەدری خانی خێزانانی پێشمەرگەی دێرین خوالێخۆشبوو قارەمان شەوکەت، ئەو دوو خانمانە ماون لە ژیاندا.

٥- سەعدیە خانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین وەستا ڕەحمان هەریری هەردووکیان نەماون.

٦- باجی خانمی خێزانی پێشمەرگەی دێرین کاک کەریم جەوهەر، هەردووکیان لە ژیان ماون هەردووکیان نەخۆش و پەککەوتەن لە سلێمانین.

٧- شوکری خانی خێزانی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین مەلا موسا ناسراو بەمەلا نینە هەردووکیان لە ژیاندا ماون.

٨- خێزانی پێشمەرگەی دێرین و ناسراو خوالێخۆشبوو عەبدولرەحمانە رووتە هەردووکیان نەماون.

٩- خێزانی پێشمەرگەی دێرین خوالێخۆشبوو میرزا باپیر هەردووکیان لە ژیاندا نەماون.

١٠- مەلەک خانی خێزانی حەمید ڕەشاش لە ژیاندا ماوە، بەڵام جەڵتە لێیداوە و پێشتر باسم کردووە.

١١- ئەسمەر خانی خێزانی پێشمەرگەی دێرین عوسمان بەکر کە ئێستا لە شاری کۆیەیەو لەژیاندا ماوە.

١٢- خێزانی پێشمەرگەی دێرین مامە حەسەن نازانم لە ژیاندا ماون یان نا.

١٣- خێزانی خوالێخۆشبوو هادی شێرە، زۆر پێشمەرگەی تر، ئەو ژنانە ژنی شاخ بوون، کە لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە دەرێ بوون و ژنە پێشمەرگە بوون و لەسەر کوردایەتی دەربەدەربوون نەک ئەو ژنانەی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بوون لە گوندەکان یان لە شارەکان لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەندە ژنە لەشاخ نەبوون لە شۆڕشی نوێ ژمارەی ژنانی شاخ گەلێک زۆرن، هیوادارم هەموو ژنانی شاخ بەیەک چاو سەیر بکرێن.


مامز خدر گەراری خێزانی خورشید شێرە


مەلەک محەمەد عەبدوللا خێزانی حەمید ڕەشاش


سافیە حەمەدئەمین خێزانی مەولود ڕۆژباش

# لە کۆنفرانسێکدا ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە دهۆک کۆبوونەوە

**دهۆک/ بەدرخان: سەرباز سیامەند**

شاندی لیژنەی ئامادەکاری دووەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشتنە هەرێمی کوردستان و لەگەڵا ئافرەتانی باشوور لە شاری دهۆک دەستی بە ئامادەکاری کۆنفرانس کرد.

لیژنەی تێکۆشینی ژنانی کورد کەیەکەمین کۆنفرانسی خۆیان لە ڕۆژانی ٢٤-٢٥ی نیسانی ٢٠١٠ لە شاری ئامەد(دیاربەکر) و بە بەشداری ژنانی کورد لە ئێران، ئێراق و سوریا و تورکیا، پێکهێنا بوو، ئەوەش دیاریکرابوو کە دووەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە شاری هەولێر دەبێت. بەو مەبەستەش لیژنەی ئامادەکاری دووەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشتنە باشووری کوردستان و لەگەل ئافرەتانی باشوور لە شاری دهۆک و لە (هۆلا ڕەوشەنبیری و جڤاکی یا زانینگەها دهۆکی) دەستیان بە ئامادەکاری کۆنفرانس کرد. کۆبوونەوەکەی دهۆک دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت. کۆبوونەوەی ئافرەتانی هەرچوار پارچە بە ئامادەبوونی پەڕلەمانتەری پێشووی پارتی دیموکراتی (DEP) لەیلا زانا، ئەندامی پێشووی پەڕلەمانی یەکێتی ئەوروپا فەلەکناس ئۆجا، کچی سەرۆک کۆماری مەهاباد قازی محەمەد، سوهەیلە قازی، پرۆفیسۆر دکتۆر کەژال ڕەحمانی لە زانکۆی هارڤەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان شیرین ئامێدی، ئەندامانی پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان ئامینە زکری و ناسک تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی بەغدا ئالا تالەبانی، پارێزەری کۆمەلەی مافی مرۆڤ (IHD)، کچی پەڕلەمانتری پێشووی (DEP) ئۆرهان دۆعان، ئایشە دۆغان، ئەندامانی تەڤکەری زنانی ئازاد و دیموکرات (DOKH) مولکیە بیرتان، گول کزلتاش، سەرۆکی شارەوانی دێرکێ چاغلار دەمیرال، پەلەمانتەری پارتی ئاشتی و دیموکراتی(BDP) وان فاتما کورتولان، یاریدەدەری سەرۆکی پارتی دیموکراتی بەشدار (KADEP) یوکسەل ئاڤشار، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری پارتی عەدالەت و ئازادی (HAKPAR) زۆزان ئەکمەن، جێگری سەرۆکی (پ.ج.د.ک) نەجیبە عومەر، لە لیستی گۆڕان سەیران عومەر، لە کۆمەلە- پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان سەبری بەهمەنی، پێکهاتووە.

لە کۆبوونەوەکەی ١٨ی ئەیلول دۆزینەوەی میکانیزم و ڕێوشوێن بۆ ڕێگرتن لە توندءتیژی، بەردەوامی ئاشتی و داواکردن بۆ وڵاتانی جیران بۆ بەتەنگەوەهاتنی ئاشتی و گەلێک بابەتی تر گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

لیژنەی ئامادەکاری دووەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی کورد ماوەی ٨ ڕۆژ لە هەرێمی کوردستان جگە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی ژنان و یەکێتی نەتەوەیی، بڕیارە لە گەل گەلێک لایەنی تری پەیوەندیدار دیدار و کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

هەروها چاوەڕێ دەکرێت دوای پتەوترکردنی بناغەکەی لیژنەی ئامادەکاری دووەمین کۆنفرانسی ئافرەتانی کورد کۆنفرانسی خۆیان لە شاری هەولێر ئەنجام بدەن. هەروەها ئافرەتانی هەر چوار پارچە لەگەل ڕێخراو و دامەزراوەکانی تری پەیوەندار بە ئافرەتان دیدار و کۆبوونەوە ئەنجام دەدات.



# عومەر ئەمین... کەسایەتیی پەروەردەیی ناسراوی شاری هەولێر

د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور

هەولێرخاوەنی چەندین کەسایەتی مێژووییە کە جێپەنجەیان لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەکە و کوردستان دیارە. هەندێکیان وەکو پێویست گرنگیان پێوە دراوە و هەندێکیان پتر لە پێویست ناسراون و گەورە کراون، هەندێکیشیان لە چاو ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە مێژووی شارەکەدا هەیانبووە غەدریان لێ کراوە. بەم غەدرکردنە لێشیان ناهەقی بەرامبەر هەولێر و مێژووی کورد کراوە.

یەکێک لە ڕۆشنبیرە هەرە دیارەکانی شاری هەولێر کە دەکرێ نازناوی (ڕۆشنبیری بێنازی) بدرێتێ (عومەر ئەمین)ە کە دەکاتە باوکی پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین).

(عومەر ئەمین) یەکێکە لەو مامۆستا پێشەنگانەی کە پێش هاتنی کارەبا بۆ شاری هەولێر ئەم بە چرای زانست و ڕۆشنبیری و خوێندەواری شاری هەولێری ڕووناک کردۆتەوە. چەندین منداڵی کوردی هەولێر و کۆیە و عەنکاوە و شەقڵاوە و سلێمانی و گەلێ لە شارۆچکەو دێهاتەکاندا لە ژێر دەستی ئەو فێری نووسین و خوێندن بوون. مەسعود محەمەد و دڵداری شاعیر و دڵزاری شاعیر و دەیان کەڵە نووسەر و ئەدیب و کەسایەتی کورد قوتابی مامۆستا عومەر ئەمین بوون.

(عومەر ئەمین) جگە لەوەی مامۆستا و پەروەردگارێکی زۆر مەزن بوو کوردێکی پاک و تێکۆشەرێکی دڵسۆز بوو. یەکەم کەسە لە شاری هەولێر هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوی کوردی لە منداڵەکانی بنێ و ئەم نەریتە پیرۆزە لە هەولێر بڵاوبکاتەوە. مامۆستا عومەر ئەمین ناوە ناوە شیعر و نووسینی لە گۆڤاری (هەتاو)ی مامۆستا (گیوی موکریانی)دا بڵاو دەکردەوە.

کە خەریکی ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەم بووم کە سەبارەت بە گەشەکردنی خوێندنی فەرمی بوو لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا لە ١٩٢١ تا ١٩٥٣، لە ڕێی بەڵگەنامەکاندا ڕۆڵی گرنگ و پڕ لە شانازی ئەو زاتە بەرز و پیرۆزەم بۆ دەرکەوت کە مامۆستا عومەر ئەمین یەکێکە لە کۆنترین مامۆستاکانی شاری هەولێر و کۆڵەگەیەکی ڕۆشنبیری نەک هەر هی شاری هەولێر بەڵکو هی هەموو کوردستان بوو، بەڵام مخابن تا ئێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە و فەرامۆش کراوە، کە دەبوو وەک وەفادارییەک پەیکەرێکی بۆ دروست بکرابا، قوتابخانەیەک یا کتێبخانەیەک یا شەقامێکی بە ناو بنرابا.

مامۆستا عومەر ئەمین دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکرنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا لە سەرەتای سەدەی


عومەر ئەمین لە بیستەکاندا

بیستەمەوە . بە دەیان کەڵە نووسەر و شاعیر و ناوداری کورد قوتابی بوون و لەژێر دەستی ئەودا فێری خوێندن و نووسین بوون. (دڵدار)ی شاعیر و (مەسعود محەمەد)ی بیرمەند و (دڵزار)ی شاعیر و زۆری تر قوتابی ئەو بوون.

مامۆستا مەسعود محەمەد لە ئەڵقەی پێنجەمی (گەشتی ژیانم)دا کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠دا لە بارەی مامۆستا (عومەر ئەمین)ەوە دەڵێ:

"مامۆستا عومەر ئەمین خەڵکی هەولێر بوو، باشترین دەرسدەری ( قراءە) و (حیساب) بوو. دوای دەیان ساڵ بۆی دەگێرامەوە{خۆیشم لە بیرم بوو} کە لە ماوەیەکی کورتدا فێری نووسینی بووم، هێندەشم لێ ڕازی بوو کە زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لە پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی لە خۆم هەورازتر، دەچووم پرسیارێکم وەڵام دەدایەوە کە قوتابییەکی ئەو پۆلە وەڵامی پێ نەدرابۆوە. تا بشڵێی مەمنوونی دەکردم کە دەمبیستەوە لای باوکم ڕەزامەندی خۆی بەرامبەرم دەربڕیوە".

مامۆستا (عومەر ئەمین) لە پاش خۆی دیاریەکی باشی بۆ سەقافەتی کوردی بە جێ هێشتووە، ئەویش (د.وریا عومەر ئەمین)ە، کە لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەورووپا بەرخوردار بووە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ دەکات).

مامۆستا (بەشیر حوسێن سەعدی) لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (مێژوو)ی ٢٠٠٨ دا ل ٣٧٩ - ٣٨٢ لە بارەی مامۆستا عومەر ئەمینەوە دەڵێ:

"لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦٢ لە قوتابخانەی گۆڤەندی سەرەتایی بە یەکەوە مامۆستا بووین. ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانە و منیش مامۆستای سەرەتایی بووم لای ئەو بەڕێزە، لەو کاتەش شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی.

ئەوەی شایانی بیرکردنەوەیە ئەوەیە ئەو بەڕێزە هەرچەند بە تەمەن گەورە بوو، بەڵام هەستێکی نەتەوایەتی کوردی بەرزی هەبوو. لە یەک شانەی ڕێکخستن بووین. ئەو و مامۆستا محەمەد عەزیز فەتاح و من (نووسەری ئەم دێرانە) بە یەکەوە باسی ئەوەمان دەکرد کە چۆن ناوی قوتابخانەکەمان (گۆڤەندی ئێواران) بوو، کردیانە (شیبان المسائیە) ئەو جۆرە کردەوانە زیان بەوە دەگەیەنێ کە دەیانویست کوردی قوتابخانەکان بکەنە عەرەبی، ئەوەشیان لە زیان بەولاوە قازانجی هیچ لایەکی تری پێوە نییە.

مامۆستای خوالێخۆشبوو بۆمانی ڕوون دەکردەوە کە گەلی کورد هەر بە ئامانجی خۆی دەگات. ئەم جۆرە کەسانەی بەربەرەکانێی کورد دەکەن بەشیان هەر لەناوچوونە، نابێ ئەم جۆرە کردەوانە نائومێدمان بکات.

قسەکانی زۆر خۆش بوون هەر بە ئومێدی ئەوە بووین ئێوارە دابێ یەکتر ببینین.

لە خەسڵەتە بەرزەکانی ئەوە بوو کە پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، بیر و باوەڕی خاوێن و قسە خۆش بوو، لە زانیاریدا پلەیەکی بەرزی هەبوو، زۆر زیرەک و بلیمەت بوو، بە ڕاستی ئەگەر خەڵک لای دانیشتایە فێری ڕەوشتی چاک دەبوو لای ئەو بەڕێزە. پیاوێکی دڵساف و ڕاستگۆ بوو، باسی کەسی نەدەکرد بە خراپە، هەر گیروگرفتێک هەبایە هێمنانە جێبەجێی دەکرد بێ ئەوەی کەس لێی برەنجێ. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ).

پرۆفیسۆر د. موحسین محەمەد حوسێن کە یەکێکە لەو قوتابییانەی لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستا عومەر ئەمین دەرسی پێوتوونەتەوە لە بارەیەوە دەڵێ:

"لە ساڵی (١٩٥٢–١٩٥٣) لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا بووم لە قوتابخانەی (ئیبن ئەلمستەوفی). مامۆستای خۆشەویست و زانا و پەروەردگار (عومەر ئەمین) وانەی (أشیا و صحە)ی پێ دەوتینەوە. مامۆستایەکی یەکجار چاک بوو، لە وانە وتنەوە زۆر سەرکەوتوو بوو. شێوەی وانە وتنەوەی و هەڵسوکەوتی ئاسایی نەبوو، زۆر جیا بوو لە مامۆستاکانی تر. لەگەڵمان هەمیشەروو خۆش بوو هەرگیز لە وانەکانی بێزار نەدەبووین. تا وای لێ هات وا تێبگەین کە ئەمە مامۆستا نییە. زانیارییەکی زۆری پێ بوو . زۆر دڵسۆزانە بە دڵ هەوڵی دەدا بیانخاتە مێشکی قوتابییەکانی. شێوەی دەرسدانەوەی زۆر دڵگیربوو وای لە ئێمە دەکرد بەدڵ گوێڕایەڵی بین. بابەتەکانی بە شێوەیەکی کارەکی لە ئێمە دەگەیاند. ئێمەی دابەش دەکردە سەر چەند گروپێک. تێیگەیاندین ئەم هەورە لە کوێوە دێ، چۆن باران دەبارێ . بۆ چوار کەژ لە ساڵا هەیە؟ ئاوی کانییەکان لە کوێوە دێن. ئەستێرە وهەتاو و مانگ و ئەستێرە و دیاردەکانی سروشتی چین و چۆن دەجووڵێنەوە.. باسی زیندەوەر و گژوگیاو گوڵی بۆ دەکردین. وێنە و نەخشە و ئامێری جۆراوجۆری دەسکردی خۆی دەهێنا و بە هۆیانەوە دیاردەکانی ڕوون دەکردەوە بە جۆرێ چێژێکی زۆری لێ وەرگرین و بەم جۆرە زانیارییەکی زۆری دەخستە مێشکمان و ئاسۆی بیرکردنەوەمانی فراوان دەکردەوە بە شێوەیەک هەرگیز لە بیرمان نەچێتەوە و وای لە ئێمە دەکرد خۆمان زیاتر بەدوایاندا بچینەوە و بۆ هاوڕێ و کەس و کاری خۆمانی بگێڕینەوە. هەرگیز ئەوەمان بیر ناچێتەوە کە هەمیشە ئامۆژگاریمانی دەکرد کە (دەبێ لە دەوروبەری خۆمان فێر بین و لە بارەی هەموو شتێکەوە ئەم سێ پرسیارە ئاڕاستە بکەین (چۆن؟. بۆ؟. کەی؟..) و بڕوا نەکەین بە هەموو ئەوەی کە دەیبیستین تا خۆمان تاقیی نەکەینەوە و نەگەینە ئەنجام). ئێمە ئەوسا لەو شتانە بە ئاسانی حاڵی نەدەبووین، بەڵام بەجۆری بۆی باس دەکردین ئێمەی دەورووژاند وای دەکرد بیر بکەینەوە.بەڕاستی مامۆستا بوو. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ)

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین لە دیمانەیەکدا لە هەفتەنامەی (بەدرخان)دا لە بارەی عومەر ئەمینی باوکییەوە دەڵێ:"باوکم فەرمانبەر و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو. هەر چەند ساڵی جارێ دەگوێزرایە یەکێ لە گوند و شارەکانی کوردستان. لە سییەکانەوە تا ساڵی ١٩٥٠ دوو جار، هەر جارەی بۆ پێنج شەش ساڵ لە شاری کۆیێ مامۆستا بووە. لەوێ دەرسی بە ئەحمەد دڵزار و دڵداری شاعیر و مەسعود محەمەد و زۆر لە کەڵە پیاو و ناودارانی کوردی ئەم شارەی وتۆتەوە، باوکم خاوەن ڕەز و باغ بوو لە شەقڵاوە. هەموو ساڵ لە پشووی هاویندا ماڵمان دەچووە شەقڵاوە. لەوێ لە بناری سەفین لە ناو ڕەز و باغە فێنکە دڵگیرەکاندا هاوینمان بەسەر دەبرد، ئەم گوێزانەوەیەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ دینامیکییەتێک و چێژێکی تایبەتیی بە ژیانی منالیم بەخشیبوو و بووە هۆی ئاشنابوونم لە گەڵ شێوە جیاوازەکانی کوردی و زمانەکانی تری کوردستان فێربم، باوکم کتێبێکی زۆری هەبوو هەر لە منالییەوە چاوم بە کتێب و گۆڤارەکانی ئەو کردەوە".

"باوکم هاوڕێ و دۆستی زۆر لە ڕۆشنبیرە کوردەکانی سەردەمی خۆی بوو، زۆری ئەخوێندەوە. ناوە ناوەش وتار و شیعری ئەنووسی و لە گۆڤاری هەتاوی مامۆستا گیوی موکریانی بڵاوی ئەکردەوە. زۆر جار منی لەگەڵ خۆی ئەبردە لای مامۆستا گیو لە چاپخانەکەیدا. باوکم پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کرد ئەم چوارینەی لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنەخشێنرێ:

**"بە کاری چی دێ سەر و ماڵ و ژیان**
**گەر بەختی نەکەی لە ڕێی نیشتمان**
**کوردم ڕواوم لە باغی ژیان**
**بە ئاو و خاکی پاکی کوردستان"**

"باوکم هاوڕێ و هاوپۆلی گۆران بوو، لە کەرکووک بەیەکەوە خوێندوویانە، منال بووم وەک دوێنێ بێ ئاوا بیرمە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٩دا بوو لە شەقڵاوە گۆران هاتە لای باوکم، باوکم بە منی ناساند و وتی ئەمە مامت گۆرانە شاعیرە.ئەویش دەستێکی بەسەری منا هێنا و ماچی کردم . بەیەکەوە گفتوگۆیەکی زۆریان لە بارەی شیعر و ئەدەبەوە کرد. یەکەم کسپەی دڵداریم لە گەڵ شیعرا و عیشقم بۆ گۆران لەوێوە دەست پێ ئەکات.

"باوکم فەرمانبەر و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو. هەر چەند ساڵی جارێ دەگوێزرایە یەکێ لە گوند و شارەکانی کوردستان. لە سییەکانەوە تا ساڵی ١٩٤٨ دوو جار، هەر جارەی بۆ پێنج شەش ساڵ لە شاری کۆیێ مامۆستا بووە. لەوێ دەرسی بە ئەحمەد دڵزار و دڵداری شاعیر و مسعود محمد و زۆر لە کەڵە پیاو و ناودارانی کوردی ئەم شارەی وتۆتەوە، لە تەمەنی دوو ساڵیدا بووم کە باوکم گوێزرایە شاری سلێمانی . لە پێنج ساڵیدا بووم گوێزرایەوە شاری هەولێر و لە شەش ساڵیدا بووم کە گوێزرایەوە گوندی عەنکاوە. لەوێ حەوت ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی عەنکاوە بوو. لە ساڵی ١٩٦٠دا بە یەکجاری گەڕایەوە هەولێر تا لە ١٩٦٤/١/٤دا کۆچی دوایی کرد


عومەر ئەمین لە سییەکاندا


المملكة العراقية

ڕەگەزنامەی مامۆستا عومەر ئەمین


المملكة العراقية
وزارة المعارف
بغداد
شهادة دار المعلمين

بڕوانامەی ( دارالمعلمین ) ی بەغداد لە ١٨ – ٨ – ١٩٢٥ دا


لە ڕاستەوە ئیبراهیم ڕەشید ـ عەبدوڵڵا عەزیز – عومەر ئەمین بەغداد ١٩٢٣

مامۆستا عومەر ئەمین لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە پەیمانگای دارالمعلمین – لە بەغداد خوێندوویەتی لە ساڵی ١٩٢٥ بڕوانامەی وەرگرتووە. هاوپۆل و هاوڕێی فایق بێکەس و شێخ نوری شێخ ساڵح و مستەفا خۆشناو ( ئەفسەری شەهید) و عزەت عەبدولعەزیز (ئەفسەری شەهید) و زۆر لە کەسایەتییە کوردەکانی ئەوسا بووە . خەباتگێڕ و تێکۆشەرێکی ڕێی‌کوردایەتی‌بووە.
لەم بارەیەوە مامۆستا (نەژاد عەبدوڵڵا عزیز ) لە نامەیەکیدا بۆ "د. وریا عومەر ئەمین" دەڵێ: "لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا. ئەو قوتابییە کوردانەی کە لە بەغداد دەیانخوێند ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی کورد لە بەغداد) کە لەم زاتانە پێکهاتبوو:
عومەر ئەمین – عەبدوڵڵا عزیز ( عەبە هەولێری)– ئەمین ڕەواندوزی – شێخ نوری شێخ ساڵح - فائق بێکەس – مستەفا سائیب – کەریم زانستی – شێخ تەیب – غەنی شاڵی – کامل کاکەمین – عەبدوڵڵا عەلی حیکمەت – ڕەشید عارف – عەبدوڵڵا سەعید – محەمەد بشقە فەیلی – مستەفا خۆشناو ( ئەفسەری شەهید) – عزەت عەبدولعەزیز ( ئەفسەری شەهید) – نوری ئەحمەد تاها ( برای کامەرانی شاعیر) – تاهیر مەریوانی (ت . ب . مەریوانی) – عەبدولقادر حشمەت – فائق مستەفا - شاکر سەید حەکیم و زۆری تر، کە بەداخەوە لەم دەمەدانایەنەبیرم.
ئەوانە لە ماڵی (ئەمین ڕواندوزی) یا لە دوکانی وەستا (بەشیر موشیر) لە بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە کۆ دەبوونەوە. دوو گۆڤاریشیان دەردەکرد.
لەناو ئەمانە قوتابییە هەولێرییەکان بازنەیەکیان لە ناو خۆیانا ڕێکخست کە ئەمانە بوون.
عەبدوڵڵا عزیز ( عەبە هەولێری، هەر ئەوسا ئەم ناسناوەی لە خۆ نا) – عومەر ئەمین – ئەمین ڕواندزی – سەید غەریب سەید سەلیم – عەبدولمەجید حەسن- ئیبراهیم ڕەشید و هی تریش.
ئەم کۆمەڵانە لە لایەن ناودارانی کوردی ئەوسا ( تۆفیق وەهبی و جەمال بابان و جەلال بابان و مەعروف جیاوک)ـەوە سەرپەرشتی دەکران. لە پاشان هەموویان چوونە ناو حزبی (هیوا)وە.
عومەر ئەمین هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بوو لە نیگارکێشان و پەیکەرتاشیدا، لەم بارەیەوە د. وریا دەڵێ: (باوکم هونەرمەندبوو دەستی نیگارکێشان و پەیکەرتاشیی هەبوو. بۆ تابلۆکانی هەرگیز بۆیەی بەکار نەدەهێنا. بەرد و چەوی ڕەنگاورەنگی لە شاخ و بەستەکاندا کۆدەکردەوە و بە هاون دەیکوتی و لەگەڵ چەمەنتۆی سپی دەیکرد بە هەویر و بۆیە ڕەنگەکانی پێ دادەڕشت. قەپێلکە دار و مۆروو و زەنگیانە و وردەجام و ئاوێنەی بەکار دەهێنا..بیرمە هەموو ساڵ بەشداری دەکرد لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان لە هەولێر. کارەکانی جێی سەرنج ڕاکێشان بوون. لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو منارەی ئەشبیلیای بە تەختە و مقەبا و کاغەزی چوکلێتی ڕەنگاورەنگ و زەنگیانە و مۆری و ئاوێنە و...دروست کرد. ئەوسا ئێمە مناڵ بووین بیرمە هەموو ڕۆژ کە دەهاتەوە چوکلاتێکی زۆری دەهێنایەوە بۆ کاغەزە ڕەنگاورەنگەکانی بەمە دڵمان زۆر خۆش دەبوو. بەرزی منارەکە لە مەترێ زیاتر بوو. دروست کردنی شەش حەوت مانگی خایاند. ئاواتمان ئەخواست ئەم کارەی قەت تەواو نەبێ تا هەمیشە ئەم هەموو چوکلاتە بخۆین. ئەمە وێنەیەکە لەو پێشانگایانە کە موتەسەریفی ئەوسای هەولێر لەگەڵ باوکما سەیری یەکێ لە کارەکانی دەکات... باوکم زۆر حەزی لە چاندن بوو. زۆر بایەخی بە ژینگە ئەدا. لە پۆلی چوارەمدا بووم لە عەنکاوە دەرسی (أشیا وصحەی) پێ دەوتینەوە. زۆر جار باسی گرنگیتی چاندنی بۆ ئەکردین و هانی ئەدایـن بەردەوام نەمام و گوڵ بچێنین. ئەوەی زۆر چەختی لەسەر ئەکرد ئەوە بوو ئەیووت . کە نەمامێ ئەچێنن ئەبێ تا خۆی ئەگرێ ئاگاداری بن و بیپارێزن. ئەگەر ئێستا بچیتە قوتابخانەی عەنکاوە لە چیمەنەکەیدا گەلێ دار و درەختی کالپتۆز و سنۆبەری بەرز ئەبینی . ئەوە هەموو باوکم لە ساڵی ١٩٥٦ چاندوونێتی. لە چاندنیان من یارمەتیم ئەدا و ئەچووم لە جۆگەکەی عەنکاوە بە پەقرەج ئاوم ئەهێنا و ئاوم ئەدان. باوکم سێ پارچە ڕەز و باغی هەبوو لە شەقڵاوە هەموو ساڵ بۆ سێ مانگ و چوار مانگ ئەچووین لەناو باغ و ڕەزەکانا هاوینمان بەسەر ئەبرد. وەک سەپان و ڕەزەوان خزمەتی ئەکردن شینایی ئەچاند . .لەو شتە سەیرانەی هەرگیز بیرم ناچێ ئەوەیە جارێکیان نەمامێکی سێوی بچووکی چاند نەختێ خوار بوو . داوای لێ کردم قەدێکی ڕاست لەو دار ئەسپیندارەی بۆ بێنم تا نەمامە خوارەکەی پێ ببەستێتەوە و ڕاستی کات. دارەکەم بۆ ئامادە کرد و لەتەنیشت سێوەکەی چەقاند و لێی بەست. ئەوەی سەیرە سێوەکە وشک بوو و ئەسپیندارەکە ڕوا. ئێستاش ماوە و پەلوپۆی گەیشتۆتە ئاسمان. جگە لەمە وەستا بوو ئەم خانووەی ئێستا تیایا ئەژین لە هەولێر لە ساڵی ١٩٦٠ دروستی کرد. هەموو قاڵبی چەمەنتۆکان خۆی داینا و خۆی وەستایەتی تیائەکرد)

**لە وێستگەکانی ژیانی مامۆستا ( عومەرئەمین)**

**١٩٠٥ لە شاری هەولێر لە دایک بووە**

**١٩٢٤/٩/١٣ مامۆستای سەرەتایی عەنکاوە**

**١٩٢٥/٨/١٨ بڕوانامەی ( دارالمعلمین الابتدائیە )ی لەبەغدادوەرگرتووە**

**١٩٢٥/٩/٢١ مامۆستای سەرەتایی لە کۆیە**

**١٩٢٧/٩/١ مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(اربیل الاولی).**

**١٩٢٨/٩/١٦ مامۆستای سەرەتایی لە شەقڵاوە.**

**١٩٢٩/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی لە کۆیە**

**١٩٣١/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(اربیل الاولی).**

**١٩٣٣/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(اربیل التانیە)**

**١٩٣٤/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی لە باتاس.**

**١٩٣٥/١٠/١ مامۆستای سەرەتایی لە عەنکاوە.**

**١٩٤٦/٩/١ دەست لە کار دەکێشرێتەوە و دوور دەخرێتە مونتەفیک (ناسریە).**

**١٩٤٨/٢/٢٩ مامۆستای قوتابخانەی (الفیصلیە) لە سلێمانی.**

**١٩٤٨/١٠/٧ مامۆستای سەرەتایی مەڵکەندی لە سلێمانی.**

**١٩٤٩/١١/٢٠ مامۆستای قوتابخانەی سورەدرە لە سلێمانی.**

**١٩٥١ مامۆستای قوتابخانەی ئیبن المستوفی لە هەولێر.**

**١٩٥٣ - ١٩٦٠ مامۆستا لە قوتابخانەی عەنکاوە.**

**١٩٦١ – ١٩٦٣ مامۆستای سەرەتایی گۆڤەندی ئێواران لە هەولێر (دوایی ڕژێمی بەعسی ئەوسا ناوەکەی گۆڕی و کردی بە شیبان المسائیە). شایانی باسە کە مامۆستای پەروەردگار (ئاواز عومەر ئەمین) کە کچی مامۆستا عومەر ئەمینە، ئەوە بیست و پێنج ساڵە مامۆستاو و بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانەیە (گۆڤەند).**

**مامۆستا عومەر ئەمین لە ١٩٦٤/١/٤دا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) نزیک منارەی چۆلی نێژرا.**

**سەرچاوەکان:**

بەشیر حوسێن سەعدی (٢٠٠٨) چەند بیرەوەرییەک دەربارەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (عومەر ئەمین) گۆڤاری (مێژوو) ژمارە ٦، ل ٣٧٩ - ٣٨٢ .
حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد، دیداری هەفتەنامەی بەدرخان لەگەڵ پڕۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین، هەفتەنامەی ( بەدرخان ) ژمارە (٦٦)ی ٢٠٠٦/٢/٢٢
عەبدوڵڵا کاکە سوور(د.) (٢٠٠٤ ) گەشەکردنی خوێندنی فەرمیی بوو لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا لە ١٩٢١ تا ١٩٥٣، نامەی دکتۆرا . زانکۆی سەلاحەددین.
موحسین محەممەد حوسێن(د.) . دیمانە و لێپرسین لە ٢٠١٠/٦/٦
مەسعود محەممەد (١٩٨٦) گەشتی ژیانم. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠ وریا عومەر ئەمین (د.) (٢٠١٠/٥/٢٩) بینینی تایبەت.
نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز ( ٢٠١٠ ) نامەیێک بۆ ئامۆزام د. وریا عومەرئەمین.
سوپاسی ئەندازیار (ئازاد عومەر ئەمین) دەکەم کە فایلی باوکیی خستەژێردەستم.


له ڕاستەوە : دانیشتوان : عەبدولمەجید حەسەن – غەریب سەلیم – عومەر ئەمین وەستاوان: عەبدوڵڵا عەزیز – فائق مستەفا بەغداد ساڵی ١٩٢٤ لە ئەرشیفی نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز


قوتابخانەی سەرەتایی عەنکاوە کە مامۆستا عومەر ئەمین ٧ ساڵ تیایا مامۆستا و بەڕێوەبەر بوو.


گۆڕی بەهەشتی (عومەر ئەمین ) لە گۆڕستانی ئیمام محەممەد
د. وریا عومەر ئەمین لە نێوان گۆڕی دایک و باوکی

# ئەمریکا ... دنیای شتە یەکجار جیاوازەکان

## شوێنە گەشتیاری و بۆنە خۆشەکانی ئەمریکا



قەڵبەزە مەزنەکان (زە گرێیت فۆڵز) (ڤێرجینیا)

**د. ئازاد حەمە شەریف**

**١.ئەلێکزاندەریا: رووباری پۆتاماک**

ئەلێکزاندەریا ناوچەیەکی کۆنە لە واشنتۆن دی سی. دەم رووبارێکی گەورەیە و پڕە لە یانەی شەوانە و گازینۆ و چێشتخانە و دوکانی گەورە و بچووک و پارکی پڕ دارو درەخت و گوڵ و گوڵزار و شوێنی خۆش رابواردن. رووباری (پۆتاماک)ی زۆر لێوە نزیکە و هەموو ساتێک ئەوێ شوێنی گەشتیارانە چونکە هەرچی گەشتیار حەزی لێبکات لەوێ دەست دەکەوێت. رۆژی ٧ی تەمموزی ٢٠١٠ کاک (قادر حەمەدەمین) ی قسەخۆش و رووخۆشی هەولێری هاتە دوای کاک حەمید بەدرخان و د. ئیسماعیل قەرەداغی و من و گووتی: " با جێگەیەکتان پێ نیشان بدەم کە هەموو گەشتیارێک بێتە واشنتۆن دی سی هەر دەبێت بیبینێت." ئێمەش بە دوای کەوتین و ئێوارەکەی چووینە سەر رووبارەکە و بە یەخت لە ئەلێکزاندەریاوە پەڕینەوە ناوچەی (جۆرج تاون) و گەڕاینەوە. بەڕاستی گەشتێکی خۆش بوو و دیمەنی جوانی ئاوەکە و کزەبای فێنکی ئەم ئێوارەیە نەشئەیەکی بەهاری بە ئێمە بەخشی. لە کەنار ئاوەکەدا مۆسیقاژەنانی سەیرو سەمەرە خەریکی ژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکانیان و بەدەنگی سیحراوی ئەم ئامێرانە هەواکە پڕ دەکەن لە ئاوازی دڵخۆشکەر و گەشتیارانیش چەند سەنت یان چەند دۆلارێکیان خەڵات دەکەن. هەر لەوێ چاومان بە مۆسیقاژەنێکی پیر کەوت کە ناوی (جێمی تێرنەر)بوو و بە قەراغی نزیکەی (٦٨) دانە پەرداخی قەبارە جیاوازی چارەکێک پڕ ئاو، خۆشترین مۆسیقای دەژەنی. بنکی پەرداخەکان لەسەر تەختەیەکی راست قایمکرابوو و بە تەڕکردنی پەنجەکانی و پێداهێنانی ئەو پەنجە تەڕانە بە قەراغی هەریەک لەو پەرداخانە جۆرەها ئاوازی مۆسیقی بۆ ماوەی پتر لە دە خوولەک بەرهەم دەهێنا. کاتێک لەگەڵی دواین و زانی ئێمە کوردین زۆر رێزی لێگرتین و داوای کرد کە سی دی کوردی پێبدەین تا ئاوازەی کوردی بژەنێت، ئێمەش ناونیشانی بەرپرسی کەلتوور و هونەری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە واشنتۆنمان پێیدا تا لە رێ ی ئەوەوە بتوانێت ئەو سی دییانەی دەست بکەوێت و مۆسیقای کوردییان پێ بژەنێت.

**٢.واشنتۆن مۆنیومێنت و (٤) ی تەمموز**

هەڵبەتە ٤ ی تەمموز رۆژی سەربەخۆیی ئەمریکایە و ئەمریکیەکانیش زۆر شانازی بە وڵاتی خۆیان و بۆنە نەتەوایەتییەکانی خۆیان دەکەن. بۆیە لەلای ئەوان ئەم رۆژە لە هەموو ئەمریکادا جەژن و خۆشی یە. لەناو شاری واشنتۆن دی سی مۆنیومێنتێکی بەرز هەیە کە لە هەموو باڵەخانەکانی ئەو شارە بەرزترە. جا لە رۆژی ٤ی تەمووزدا هەموو کەسێک دوای نیوەڕۆ یان جار وایە زووتریش بۆ شوێن گرتنەوە دەچێتە دەوروبەری ئەو مۆنیومێنتە و ئاو یان کۆلا یان ژەمەخواردنێکی سووک و رایەخێک لەگەڵ خۆی دەبات و لەناو چیمەنەکە دادەنیشێت و چاوەڕێ ی داهاتنی ئێوارەیە. هەرکە ئێوارە داهات گوللە رۆشنەی رەنگاورەنگ بە ئاسمانی واشنتۆن دی سی دا بۆ ماوەی پتر لە کاتژمێرێک هەڵدەدرێت. لەگەڵ هەڵدانی ئەو گوللە رۆشنانەوە هاوار و هورا لە خەڵکەکە بەرز دەبێتەوە و پێکەنین و بزە دەکەوێتە سەر روخساری هەموو کەسێک. ئەو ئێوارەیە کاک حەمید بەدرخان و من لە نزیک مۆنیومێنتەکە دانیشتبووین و کامێرامان پێبوو. کاک حەمید بەمنی گوت :"بە ئینگلیزی بەم مێردمنداڵە بڵێ با وێنەیەکمان بگرێت و بە ئیمەیل بۆمان بنێرێتەوە." منیش ویستم کاک حەمید ناچار بکەم پشت بەخۆی ببەستێت و گووتم: "بەخوا من ئەو قسەیەت بۆ ناکەم. ئادەی هەر دەڵێی من ئینگلیزی دەزانم، بزانم ئینگلیزیەکەت چۆنە؟" کاک حەمید کە لە من نائومێد بوو کە هیچی بۆ ناکەم لە مێردمنداڵە کامێرا بەدەستەکە چووە پێش و کارتی خۆی دەرهێنا و بە منداڵەکەی گوت: "پلیس، فۆتۆ، می، ئیمێل." منیش هەر لەبنەوە پێدەکەنیم. بەڵام وادیار بوو منداڵەکە تێگەیشت و وێنەی گرتین و دواتر بە ئیمەیل بۆ کاک حەمیدی رەوانە کردەوە. پاشان نەک هەر لەگەڵ مێردمنداڵەکە بەڵکو لەگەڵ خێزانەکەشی یەکترمان ناسی و کە زانییان کوردین و ئەوانیش بە رەسەن پۆڵەندی بوون و باپیرە گەورەیان لەمێژبوو هاتبووە ئەمریکا زۆر رێزییان لێگرتین و زۆر داخیان بۆ کورد خوارد کە تا ئێستا دەوڵەتی خۆی نییە.

**٣.ئەشکەوتی لورێ ی (ڤێرجینیا)**

نزیکەی دوو کاتژمێرێک دوور لە شاری واشنتۆن دی سی ناوچەی گەشتیاری (لورێ) ی هەیە کە پڕە لە دارستانی چڕ و کێوی نیمچە بەرزی بەسەوزایی داپۆشراو و دیمەنی سروشتی دڵڕفێن. هەر لەوێدا ئەشکەوتێکی زۆر بەناوبانگ هەیە کە هەموو گەشتیارێک پێویستە بیبینێت. سەرلە بەیانی رۆژی ٤ی تەمووزی ٢٠١٠ کاک (قادر حەمەدەمین) بە ئوتۆمبێلی خۆی هاتە دوای کاک حەمید بەدرخان و د. ئیسماعیل قەرەداغی و من بۆ ئەوەی بچینە ئەو ئەشکەوتە گرنگە. کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ و دوای مانەوەی کاتژمێرێک لە سرەیەکی دوورودرێژی خەڵک ئێمە چووینە ناو ئەو شوێنەوارە دێرینەی ئەمریکا. هەر لەبەردەرگاوە هەریەکە و ئامێرێکی وەکو مۆبایلیان پێداین کە بە داگرتنی ژمارەکانی ناو ئەشکەوتەکە هەموو زانیارییەکت لە بارەی ئەو ئەشکەوتە زل و زەبەلاحە بۆ روون دەکاتەوە. ئەگەر کەسەکە منداڵ بیت ژمارەی منداڵان لێدەدات و زمانەکە ساکارترە، بەڵام بۆ هەراشان زمانەکە ئاساییە. ئەشکەوتەکە پڕە لە (ستالاکایت) و (ستالاگمایت) و چۆڕە ئاوێک لە دیوارو بن بەردەکانی ئەشکەوتەکە نزە دەکات. ئەم ئەشکەوتە هێندە دوورودرێژە نزیکەی گەڕان بەناویدا کاتژمێرێکی دەوێت. بەرزو نزمی و جۆری بەردەکانی زۆر جیان و پێ پلیکە و دیوار و جوانکارییەکیشی بۆ کراوە بە جۆرێک ئەشکەوتەکە سەرنجراکێش بێت. پلیتی چوونە ژوورەوە نزیکەی ٢٣ دۆلارە و زۆربەی پارەکەش لە چاککردنەوەی ئەشکەوتەکە خەرج دەکرێتەوە.

**٤.قەڵبەزە مەزنەکان (زە گرێیت فۆڵز) (ڤێرجینیا)**

کاک (حەیدەر کەریم) ی بێژەر و کارمەندی (دەنگی ئەمریکا – بەشی کوردی) رۆژی ١٤ ی تەمووزی ٢٠١٠ هاتە دوامان و پێیگووتین شوێنێکی گەشتیاری خۆش هەیە کە حەز دەکەم ببینین. ئێمەش، کاک حەمید بەدرخان و د. ئیسماعیل قەرەداغی و من ناوی خوامان لێهێنا و سوار بووین. دوای کاتژمێرێک رۆیشتن بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە ناوچەیەکی گەشتیاری پڕ درەختی چڕ وپڕی پڕ باڵندە و گیانەوەری کێوی کە کەس هەر بەلاشیاندا نەدەچوو و ئەوانیش لەکەس نەدەترسان. لەوێ رووبارێکی گەلێک مەزن هەبوو کە وابزانم هەر ئەو رووبارەیە دەڕژێتەوە ناو واشنتۆن دی سی و دەبێتە رووباری (پۆتاماک). رووبارەکە بەناو کۆمەڵە شاخێکی بەردینی نووک تیژ و رەقدا رێگای خۆی کردۆتەوە و ئاوەکەی وەک لە ئامارە نەخشێنراوەکەی ساڵانی پێشوو دەردەکەوت لە کورتی داوە و ئاوەکەشی کەمێک قوڕاوی دیار بوو. بەڵام گەشتیار دەستە دەستە دەهاتنە ئەوێ بۆ کات بەسەربردن و ماسیگرتن و مەلەکردنیش. دوای مانەوەی کەمتر لە کاتژمێرێک بەرەوماڵ بووینەوە و دڵیشمان زۆر خۆش بوو کە ئەو رووبارە سەرشێتە پڕ قەڵبەزەیە جوانەی ئەمریکامان بینی.

**٥.پەیکەری سەربەخۆیی ( لێیدی لیبەرتی - نیۆیۆرک)**

ئەمە پەیکەری ژنێکە لەسەر دوورگەی سەربەخۆیی لە بەندەری نیۆیۆرک وەستاوە. ئەم پەیکەرە لەلایەن فەرەنساوە ساڵی ١٨٨٤ بە گەلی ئەمریکی بەخشراوە بۆ پیرۆز راگرتنی شکۆمەندی شۆڕەکانی فەرەنسا و ئەمریکا. ژنەکە مەشخەڵێکی بەدەستەوەیە کە هێمای ئازادییە.
هەر گەشتیارێک بێتە ئەمریکا پێویستە ئەگەر لە دوورەوەش بێت ئەم پەیکەرە ببینێت چونکە یەکێکە لە نیشانە دیارەکانی شاری نیۆیۆرک و گەلانی ئەمریکا. رۆژانە بە یەخت خەڵک دەستە دەستە سەردانی ئەو دوورگەیە دەکەن و لە نزیکەوە سەیری ئەو پەیکەرە زلە مەزنە دەکەن و دواتر هەر بە یەخت دەگەڕێنەوە نیۆیۆرک. رۆژی ١٧ی تەمووزی ٢٠١٠ لەگەڵ کاک حەمید بەدرخان بەنیاز بووین سەردانی ئەم پەیکەرە بکەین بەڵام چونکە شوێنی پلیت بڕین هێندە قەڵەباڵغ بوو دوو کاتژمێری دەویست تا پلیتمان بەردەکەوت، بۆیە بڕیارمان دا بەیەختێکی تر تەنیا بەلای پەیکەرەکەدا تێپەڕین و نەچینە ناو دوورگەکەوە. بەڵام ئەمە هیچ لە سەرسامی ئێمەی کەم نەکردەوە لە تەماشاکردن و سەرنجدانە ئەو پەیکەرە نازدارەی ئەمریکا.

**٦.پردی بروکلین (نیۆیۆرک)**

پردی (بروکلین) کە لە ساڵی ١٨٢٥ ی زایینی دروستکراوە بە یەکێک لە شوێنەوارە دیارەکانی ئەمریکا دادەنرێت و خەڵکی (نیۆیۆرک) زۆر پێیەوە سەربەرزن. ئەم پردە ناوچەی بروکلین بە (مانهاتن) دەبەستێتەوە و زۆر بە تۆکمەیی دروستکراوە و تا رۆژی ئیمرۆش بەساغی ماوەتەوە و رێبوار و ئۆتۆمبێلەکان بەسەریدا رەت دەبن. رۆژانە هەزاران گەشتیار بۆ دیدەنی ئەم پردە مێژووییە دێن. لەسەر ئەم پردە مرۆڤی هەموو رەگەزەکانی دنیا دەدۆزیتەوە. هەر هەمووشیان هاتوونەتە دیدەنی ئەم پردە بەناوبانگەی ئەمریکا.
نوکتەیەکی ئەمریکی لەبارەی ئەو پردەوە هەیە کە دەڵێن : "دەتوانیت پردی برکلین بفرۆشیتە کۆچبەرەکان." ئەمە بەو مانایە دێت کە کۆچبەرەکان شارەزای داب و نەریتی ئەمریکا نین و مرۆڤ دەتوانێت لە تێکەولێکەی بازرگانیدا بەئاسانی هەڵیان بخەڵەتێنێت.
رۆژی ١٧ی تەمووزی ٢٠١٠ پێش ئەوەی بچینە دیدەنی ئەم پردە دێرینە لەسەر شەقامی پێش پردەکە تیپێکی رەش پێستی ئەمریکی یاری ئەکرۆباتیک و سەمای زۆر سەیریان دەکرد. وا دیار بوو تیپێکی خێزانییە چونکە گەورە و بچووک و ژن و پیاوی هەمان خێزان یان مۆسیقایان لێدەدا یان جوولەی زۆر سەیریان لەسەر شەقام دەکرد کە سەرنجی رێبواران و گەشتیارانیان بۆ خۆیان رادەکێشا. دوای تەواوبوونی نمایشە هونەرییەکەیان هەڵبەتە پێویستە بڕێک پارەیان پێ بدەیت و کاک حەمید بەدرخان و من هەریەکەو دۆلارێکمان خستە ناو کڵاوەکانیانەوە و ئەمانیش بەم رێگایە بژێوی رۆژانەی خۆیان دابین دەکرد.

**بەشی چوارەم**





د. ئازاد حەمە شەریف، حەمید بەدرخان لە بەردەم ئەشکەوتی لورێ ی - ڤێرجینیا



قادر حەمەدەمین، د. ئازاد حەمە شەریف، حەمید بەدرخان لە ئەلێکزاندەریا - قەراغ رووباری پۆتاماک


بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولرەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز: یەعقوب یوسف ئەبوبەکر
بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
راوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور
راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +